
# گوڵان

ساڵی سی و یەکەم (١٤٥٤)- (١٠)ی ئاداری ٢٠٢٥

له ١٢٢ـەمین ساڵیادی لەدایکبوونیدا

# کاریزمای مستەفا بارزانی

## لێبوردەیی .. چارەنووسی هاوبەش .. خزمەتکاری ئاڵا



# کودەتای سەربازی لە تورکیا
# ١٦ی تەمووزی ٢٠١٦

١٥٢




کودەتای تەمووز لە تورکیا: ماوەیەکی زۆر بوو هیچ کودەتایەک لە تورکیا ڕووی نەدابوو، پێشتر نزیکەی هەر دە ساڵ جارێک کودەتایەکی سەربازی لە تورکیا ڕووی دەدا و ئەوەی بە کردەوە دەسەڵاتداری تورکیا بوو، سوپا بوو. پارتی داد و گەشەپێدان و خودی ئەردۆگان لە ماوەی حوکمڕانیاندا دەسەڵاتی سوپایان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کردەوە. ئێوارەی ڕۆژی ١٥ی تەمووزی ٢٠١٦ کودەتا دەستی پێ کرد. دیار بوو کودەتاچییەکان، کە پلانەکەیان ئاشکرا ببوو کاتی کودەتایان پێش خستبوو، بۆیە بەرنامەکەیان وەک ئەوەی داڕێژرابوو بۆیان جێبەجێ نەکرا و هەموو سوپاش لەگەڵیاندا نەبوون. کودەتاچییەکان هەوڵیان دا ئەردۆگان دەستگیر بکەن، کە لەگەڵ ماڵ و خێزانەکەی لە ئەزمیر لە پشوودا بوو، بەڵام پازدە خولەک بەر لەوەی کودەتاچییەکان بگەنە ئەزمیر، هەواڵەکە گەیشتبووە ئەردۆگان و شوێنەکەی بەجێ هێشتبوو. خەڵکێکی زۆری تورکیا و پارتە سیاسییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە یەکە گرنگەکانی سەربازی بەتایبەت لە ئیستانبوڵ و هێزە تایبەتەکان دژی کودەتاچییەکان وەستانەوە، ئەندام و لایەنگرانی پارتی داد و گەشەپێدان بوێرانە ڕژانە سەر شەقامەکان و سینگی خۆیان کردە قەڵغان لە بەرانبەر دەبابەکاندا. ئەو هۆکارانە بوونە هۆی سەرنەکەوتن و شکستی کودەتا.

ڕۆژی ٢٣ی ئابی ٢٠١٦ بە سەردانێک گەیشتمە ئانکارا، سەردانی پەرلەمانی تورکیام کرد. پەرلەمانتارە کورد و تورکەکان پێکەوە بوون. زۆر بە توندی پەرلەمان بۆردومان کرابوو. یەکەم جار بوو پەرلەمان لەلایەن کودەتاچییەکانەوە بۆردومان بکرێت.

بەدڵنیاییەوە کودەتا کاریگەرییەکی نەرێنی و خراپی لەسەر بارودۆخی تورکیا بەجێ هێشت. سوپا تووشی هەڵتەکانێکی گەورە بوو. هەروەها کودەتاکە کاریگەریی خراپی کردە سەر باری ئابووریی تورکیا. ئەگەری بوونی دەستی دەرەکی لە کودەتادا زۆر بوو، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لەبەردەست نەبوو کە ئەمە پشتڕاست بکاتەوە، یان بیسەلمێنێت، یان ڕەنگە دەسەڵاتدارانی تورکیا باسیان نەکردبێت و بێدەنگییان لێ کردبێت.

# گوڵان

ساڵی سی و یەکەم (١٤٥٤)- (١٠)ی ئاداری ٢٠٢٥

شیفا بارزانی سەرپەرشتیاری گشتیی ڕەوەندی کوردستانی لە بارەگای بارزانی:

## بە هەماهەنگی و هاوکاریی هەردوو زانکۆی یەریڤان و دهۆك بەنیازین "سەنتەری مستەفا بارزانی" لە زانکۆی یەریڤان بکەینەوە



تواانیومانە یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن بۆ خوێندنی کوردی لەنێوان وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم و کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستان بۆ ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو ئیمزا بکەین

بۆ نەورۆزی ئەمساڵ ئاهەنگێکی زۆر گەورە لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا ساز دەکەین، نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان و هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان تێیدا بەشدار دەبن




(هاوار) ناونیشانی کتێبێکە لە نووسینی (موراد داغدلین) وەرگێڕانی (دڵشاد چوارباغی)، بە (١٧٢)لاپەڕەی قەبارە مامناوەند کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، نووسەری کتێبەکە باسی ژیانی خۆی دەکات کە شاری دیاربەکر لەدایکبووە، بەڵام هەر زوو تووشی دەردەسەری و تەنگوچەڵەمەی زۆر بووە، تا دواتر لە ئەڵمانیا گیرساوەتەوە، ئەو (موراد داغدلین) دواجار لە ئەڵمانیا گیرساوەتەوە، هەر لەوێ دەستی بە نووسینی وتار و شرۆڤەی سیاسی و یادەوەری کردووە و، لە گۆڤار و ڕۆژنامە و میدیاکانی ئۆپۆزسیۆندا بڵاوی کردووەنەتەوە.

سەبارەت بە ناوەڕۆك و بابەتی ئەم کتێبە، کە خۆی لە(٥٥٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە دەبینێتەوە، تێیدا نووسراوە: ئەم کتێبە حیکایەتی حەوت لە هەزاران کۆچکردووی گۆڕغەریبن، چیرۆکەکان و ژیاننامەی کارەساتاوی خراونەتە ڕوو، کە خەڵکێکی زۆر ئاگاداریانن، وەلێ بێدەنگن و بایەخیان پێ نادەن، دەشڵێت دەزانم هەندێکتان خەمبار و تووڕە دەبن، ئازار دەچێژن، ئەشکان دەڕێژن، لە ئاسمان یاخی دەبن، هاوکات هەندێك خوێنەر، بەهۆی نووسینی ئەم چیرۆکانەوە، بە درۆ و خیانەت و تێکدان تۆمەتبارم دەکەن، بەڵام هەموو ئەو شتانە، لەو ڕاستییە ناگۆڕن، هەزاران کەس، ئەشکەنجەداران کوژران، فڕێدرانە چاڵەکانی ئەو دۆزەخەوە کە ناوی (بزاڤە لە پێناو ڕزگاری و مرۆڤایەتیی مەزندا) کەمن ئەو کەسانەی بایەخ بە چارەنووسی ئەو قوربانییانە دەدەن، چارەنووسیان پەردەپۆشکراوە و لە بیربراوەتەوە.

لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکات، کە هەوڵی داوە لە ڕێی ئەم کتێبەوە کەمێك تیشك بخاتە سەر ئەو چیرۆکە ڕاستەقینانە، وەرگێڕ (دڵشاد چوارباغی) بە ستایلێکی جوان و زمانێکی پاراوی کوردی توانیویەتی ئەم کتێبە وەربگێڕێت، گرنگیی زۆری بە داڕشتنی ڕستە و وشەکان داوە، بۆیە دەستخۆشی لێ دەکەین و بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

# چاپکراوی نوێ



کتێبی (نهێنی نێو کاتژمێرەکە) لەلایەن (سالّح دوندار) ەوە نووسراوە، (خالید کەمال هەڵەبجەیی) گۆڕیویەتی بۆ شێوەزاری سۆرانی، ئەمەیان چاپی دووەمە، نووسەر باس لەوە دەکات کە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەی پێش نزیکەی ساڵێك دەرچووە، بایەخدان و دەنگدانەوەی کتێبەکە، لە پێشبینییەکانی ئەو واوەتر بوون، ئەو بابەتەی لە کتێبەکەدا زۆرترین سەرنجی خوێنەرانی ڕاکێشا، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە کارەساتی شەریف مەرجان بوو، زانیاریی وردتر و نوێی لەو بارەیە دەستکەوتووە، ناونیشانی کتێبەکەیشی هەر لەوێوە هەڵێنجاوە، جارێکی دیکە نامە ماڵئاواییەکەی شەریف مەرجان-ی دەستکەوتووە کە لە دوا ساتەکانی نوسیبووی و نووسینگەی داواکاریی گشتی دەستی بەسەردا گرتبوو.

سالّح دونداری نووسەری ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠٢٢ لە ئەڵمانیاوە دەنووسێت: لە هەندێك بەشدا، برێك وردەکاریی چاك کردووەتەوە، ئەگەرچی ڕەنگە گرنگییەکی ئەوتۆشیان نەبووبێت، ئەو پێی وایە ئێستا کتێبەکە لەبارترە. نووسەر باس لەوە دەکات کە هەرچەند لە تۆمارکردنی یادەوەرییەکانی ڕۆژانی یەکەمی بەندیخانەیدا ڕێکوپێك نەبووە، بەڵام توانیویەتی یادەوەرییەکانی نیوەی ساڵانی زیندانیی بپارێزێت، وەك نوستالیژیایەك بۆ ڕۆژانی ڕابردوو، جارناجارێك چاوێکی بە یادەوەرییەکانیدا دەگێڕا، هەندێ جاریش چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکانی بۆ برادەرە نزیکەکانی دەگێڕایەوە.


نووسەری کتێبەکە کە ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانەدا بووە، ئەوەی نووسیوە کە بینیویەتی، یان تاقی کردووەتەوە، لەکاتی تۆمارکردنی ڕووداوەکاندا خۆی لە هەڵسەنگاندن بە دوور گرتووە، کۆمێنتی خۆی لەسەر ئەو ڕووداوانە نووسیوە کە گێڕاویەتییەوە، هاوکات نووسەر لە کاتی تووڕەیی و کاردانەوەی تۆڵەکردنەوەدا شتەکانی نەنووسیوە، بەڵکو پاش چاوەڕوانی و پشوو و پاکبوونەوەیەکی بیست ساڵە، گوزارشتی لەو ڕووداوانە کردووە کە تێیاندا ژیاوە.

د. هومام ئەلشەماع :



## فیدراڵییەت و دەستوور نەچەسپێنراون لە عێراقدا و دژایەتییەکی توندی کورد بەردەوامە

د. تاڤگە عەباس بوستانی:




## ڕۆڵی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان گرنگیی زۆری هەیە

پ.ی. دکتۆر ئەمیر سەلیم :




## قەیران و بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان لەلایەن بەغداوە ڕەوڕەوەی ئاوەدانی و ئارامیی ڕانەگرت

ئەحمەد بارزان علیکۆ :



## تەنیا لە ماوەی هەشت مانگی ساڵی٢٠٢٤دا بە بڕی حەوت ملیار دینار کار و پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ قەزای چۆمان و سنوورەکەی جێبەجێ کراون





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان


بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

**Web: www.gulanmedia.com**

سەعید عومەر خەلیل :



## سەرۆک بارزانی هەمیشە جەختی لەسەر یەکگرتوویی لایەنە کوردییەکان کردووە، تاوەکو سوود لە دەرفەتە سیاسی و ستراتیژییەکان وەربگرن



شادی حەسەن :

## کتێبخانەکەم ئۆنلاینە و لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە ناساندن بۆ کتێبەکانم دەکەم

کیژان ئیسماعیل:

## پەروەردەیەکی جوانی منداڵەکانمان گەورەترین سەرکەوتنە



## کاتژمێرێک بۆ کۆنترۆڵی گشت ئامێرەکان



ڕوقیە سمیلی
شێوەکاری ئەمازیغی :

## ئەوروپییەکان ئارەزوو دەکەن زیاتر ئاشنای هونەر و کلتووری کوردی بن



چیا ئەحمەد :

## یاری باڵە چێژبەخشە و هەستێکی تایبەتی هەیە





### لە (١٢٢)ەمین ساڵیادی لەدایکبوونیدا

# کاریزمای مستەفا بارزانی

## لێبوردەیی .. چارەنووسی هاوبەش.. خزمەتکاری ئـــاڵا



ماموستا موحسین دزەیی، گەورە سیاسەتمەداری گەلەکەمان لە دیداریکی ڕۆژنامەیی پێی گوتین: «زۆر جار مەلا مستەفا بارزانی پێی دەگوتین — ئەوانەشی بوونە جاش و چەکداری ڕژێمەکانی عێراق و لە دژی ئێمە شەڕ دەکەن، بەشێکی زۆریان لەوانەیە لەبەر نەداری و بژێویی ژیان پەنایان بۆ ئەو کارە بردووە، بۆیە ئەوەش هەر خەتای منە، ئەگەر من ئیمکانیەتی پێویستم لەبەر دەست بوایە و مووچەم بۆ دابین کردنایە، ئەوا هەرگیز پەنایان بۆ ئەو کارە نەدەبرد کە لە دژی نەتەوەکەی خۆیان چەك هەڵبگرن و شەڕ بکەن».

ئەم پەیڤەی ماموستا موحسین دزەیی کە ئەو خۆی لە زاری مستەفا بارزانییەوە گوێبیستی بووە و نووسەری ئەم دێڕانەش لە زاری کاك موحسینەوە گوێی لێ بووە، لێبوردەیی لە کاریزمای مستەفا بارزانیدا دەگەیەنێتە ئەو لووتکەی ئەو پێناسەیەی کە ڤۆڵتێر «فرانسۆ-مای ئەرۆیت» فەیلەسووفی فەرەنسی بۆ «لێبوردەیی» کردوویەتی و دەڵێت: مانا و گەوهەری لێبوردەیی ئەوەیە کە بڵێیت من هەڵەم، نەك بەرامبەرەکەم».

لەم چوارچێوەیەدا کە ئەمڕۆ یادی ١٢٢ ساڵەی لەدایکبوونی ئەم ڕابەرە گەورەیەی گەلەکەمان «مستەفا بارزانی» دەکەینەوە، لێبوردەیی وەك وانەی یەکەم هەڵوەستەی لەسەر دەکەین.

## لێبوردەیی
## سەرچاوەی هێزە نەك لاوازی

دروستبوونی کەسایەتیی ڕابەری کاریزما بەرهەمی بیرکردنەوە و فیکرە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی هەمەلایەنە بۆ دانانی پلانێك بۆ ئایندەی گەشی نەتەوەکەی، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ دروستکردنی لێکتێگەیشتن لە نێوان بیر و بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و لێکتێگەشتن لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان، بۆ ئەوەی ئەو درز و کەلێنە پڕبکاتەوە کە هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی شیرازەی کۆمەڵگە و نەتەوە لەبەریەك هەڵبوەشێنێت.

شێوازی کاری ڕابەری کاریزما، وەك بیرمەندان ئاماژەیان پێکردووە، لە کاری ئەزموونگەرایی زانایانی زانستە سرووشتییەکان دەچێت، هەر بۆ نموونە کاتێك «کەوتنەخوارەوەی سێوێك لە دارەکەی» سەرنجی ئیسحاق نیوتن ڕادەکێشێت، چ هێزێك وای کرد ئەو سێوە بکەوێتە خوارەوە، ئەوا لەو کاتەدا هیچ سەرچاوەیەکی زانستیی فیزیا نەبووە، بە شێوەیەکی زانستی باسی «هێزی ڕاکێشانی زەوی» کردبێت، یان وەك بیرمەندی جیهانی یۆڤاڵ نوح هەراری لە کتێبی «هۆمۆدویس: کورتەیەك لە مێژووی داهاتوو» باسی دەکات، کاتێك زانایەکی کیمیا لە لابۆرەکەیدا تاقیکردنەوە دەکات، بێجگە لە دووبارەکردنەوەی تیکەڵاوکردنەوەی توخمە کیمیاییەکان هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی لەبەر دەستدا نییە بۆ ئەوەی بگاتە ئاکامێکی چاوەڕوانکراو، بەڵکو لەئاکامی هەوڵدانی بێوچانی و بیرکردنەوە دەگاتە ئەوەی ئاکامێکی تازەی دەست بکەوێت و وەك داهێنەر پێناسە بکرێت و خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت.

لەم بازنەیەدا ئەگەر سەیری بەرهەمی بیرکردنەوە و فیکری کۆی کاریزمای نەتەوەکان بکەین، ئەوا دەبیین هەر یەکەیان بە شێوازێکی جیاواز هەوڵی داوە درز و کەلێنی ناو کۆمەڵگە و نەتەوەکەی پڕبکاتەوە، ڕاستە ئامانجی هەموو کاریزماکان هەر بۆ نموونە:

کاتێك شەڕی ناوخۆی ئەمریکا «شەڕی دژی کۆیلایەتی» لە شەستەکانی سەدەی نۆزدە بە سەرکەوتنی ئەبراهام لینکۆڵن کۆتایی دێت، ڕاستە ئەم سەرۆکە لێبوردەیی خۆی لە چوارچێوەی لێبوردنی چەکدارەکانی باشوور بەرجەستە دەکات و ڕێگەیان پێ دەدات، بچنەوە ناو کێڵگەکانی خۆیان و ئەسپەکانیان بۆ کیلانی زەوی بەکار بێنن و بەشێك لە تفەنگەکانیان دەداتەوە بۆ ئەوەی ڕاوی پێ بکەن، بەڵام ئەمە جیاوازە لەگەڵ ئەو شێوازەی نیلسۆن ماندێلا کە لێبوردەیی پێ پێناسە کردووە و مەرجێکی داناوە کە دەبێت «ددان بەو تاوانە بنرێت کە ئەنجام دراوە، ئەو کات ئاشتەوایی دەست پێدەکات»، بە هەمان شێوە ئەمیش جیاوازە لەگەڵ ئەو شێوازەی کە مەهاتما گاندی پێناسەی لێبوردەیی پێ کردووە، لەبەر ئەوەی گاندی قوربانی بە تەندروستیی خۆی دەدا، بۆ ئەوەی موسڵمان و هیندۆسەکان بگەیەنێتە

**دروستبوونی کەسایەتیی ڕابەری کاریزما بەرهەمی بیرکردنەوە و فیکرە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی هەمەلایەنە بۆ دانانی پلانێک بۆ ئایندەی گەشی نەتەوەکەی**

**پێش مستەفا بارزانی، پرسی ئاشتەوایی نێوان نەتەوەکان و هەماهەنگیی نێوانیان لە فیکر و فەلسەفەی سیاسیدا بوونی نییە**

**کە ڕابەر مستەفا بارزانی لە مەنفا گەڕایەوە و لە فڕۆکەخانەی موسەننا لە بەغدای پایتەخت دابەزی، وەک ڕابەرێکی نیشتمانی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی عێراق پێکەوە پێشوازییان کرد**

قەناعەت و لەیەك نیشتماندا پێکەوە بژین، لەم پێناوەشدا خۆی بوو بە قوربانی، بەڵام ئەو قەناعەتە وەك خۆی دروست نەبوو و جیا لەوەی هەر دوای سەربەخۆیی پاکستان بە هەر دوو بەشەکەیەوە لە هیندستان جیا بووەوە، هەتا ئێستاش لەبری ئەوەی هیندستان و پاکستان بگەنە ئەو قەناعەتەی بێجگە لە فیکری گاندی ڕێگەیەکی دیکە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە نییە، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چەکە نیوکلیارییەکان لە دژی یەکتری زیاتر دەکەن. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر لەناو فیکر و عەقیدەی بارزان خوێندنەوەیەك بۆ کاریزمای مستەفا بارزانی بکەین، دەبینین لەناو ئەم فیکر و عەقیدەیە هەتا دەگاتە شۆڕشی دووەمی بارزان کە ڕابەر مستەفا بارزانی ڕابەرایەتیی دەکات، جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە تەنیا جیاوازیی «نەتەوەیی، ئایینی، خێڵگەرایی» بووە، ڕاستە ئەم فیکر و عەقیدەیە لە چوارچێوەی پرانسیپەکانی «خوداناسی، خوداپەرستی، مرۆڤبوون»، ئەم پرانیسپانە بوونە هۆکاری ئەوەی کە لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان هۆز و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دروست بکات، بەڵام لە دوای شۆڕشی دووەمی بارزانەوە کە دەکرێت وەك سەردەمی «ڕابەر مستەفا بارزانی» پێناسەی بکەین، کێشەی کورد یەك کێشە بووە بۆ نەتەوە و دەچێتە قۆناغی «دەرکەوتنی وەك یەك نەتەوە»، ئەم نەتەوەیەش کە نەتەوەی کوردە، ئامادەیە دەستی برایەتی بۆ نەتەوەکانی دیکە درێژ بکات، بۆ ئەوەی پێکەوە هەماهەنگ و هاوکار بن، نەك لە دژی یەکتری شەڕ بکەن. ئەم بیرکردنەوەیەی مستەفا بارزانی کە لە ساڵی ١٩٤٣ وەك پەیامێکی ئاشتیخوازانە بە ڕێگەی عەبدولڕەحمان عەزام پاشا ئاراستەی هەموو نەتەوەی عەرەب کراوە، لە کاتێکدا بووە، کە جەنگی دووەمی جیهانی لەو پەڕی توندیدا بووە و کۆی نەتەوەکانی جیهان وەك نەتەوە شەڕی یەکتریان کردووە، چەرچڵ گوتەنی «جەنگی دووەمی جیهانی جەنگی نێوان نەتەوەکان بووە، نەك جەنگی نێوان دەوڵەتەکان»، پێش مستەفا بارزانی، پرسی ئاشتەوایی نێوان نەتەوەکان و هەماهەنگیی نێوانیان لە فیکر و فەلسەفەی سیاسیدا بوونی نییە، تەنانەت ئەمانوئێل کانت کە لە «پڕۆژەی ئاشتیی هەمیشەیی» باس لەوە دەکات کە لە نێوان نەتەوەکاندا زۆر زەحمەتە هەماهەنگی و هاریکاری دروست بێت، بۆیە کاتێك دەنگی تفەنگەکان کپ دەبن، ئەم کپبوونە نابێتە زەمینەیەك بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی، بەڵکو دەبێتە ئاگربەست و پشوویەك بۆ خۆئامادەکردن بۆ شەڕێکی دیکە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو وەرچەرخانەی فیکری مستەفا بارزانی لە ناساندنی نەتەوەکان بەرهەمی هێنا، تا چەند کاریگەری لەسەر نەتەوەکانی دیکە بەگشتی و عەرەبی عێراقی هەبووە؟ بێگومان بە بەڵگەی مێژوویی دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە و بڵێین « باشترین وەڵام ئەو ساتە وەختە بوو کە ڕابەر مستەفا بارزانی لە مەنفا گەڕایەوە و لە فڕۆکەخانەی موسەننا لە بەغدای پایتەخت دابەزی، وەك ڕابەرێکی نیشتمانی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی عێراق پێکەوە پێشوازییان کرد»، لەمەش زیاتر ئایەتوڵڵا عەبدولموحسین حەکیم لە ناوەڕاستی شەستەکانی ڕابردوو ئەو داوایەی حکومەتی عێراقی ڕەت کردەوە کە دوای کردبوو فەتوا دەربکات بەوەی شەڕ دژی شۆڕشی کوردستان جیهادە، بەپێچەوانەوە ئەو داوایەی حکومەتی عێراقی مەحرووم کرد و شەڕی لە دژی شۆڕشی کوردستان حەرام کرد. لەسەر ئاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەگشتی و شۆڕشی ئەیلوول بەتایبەتی، چەندین جار لێکترازان و جیابوونەوە ڕووی داوە، هەر بۆ نموونە لە لێکترازانی ١٩٦٤ کاتێك مەکتەبی سیاسی شەڕی لە دژی بارەگای بارزانی ڕاگەیاند و پاشان پەنایان برد بۆ ئێرانی سەردەمی شا، پاش ئەوەی گەڕانەوە، ڕابەر مستەفا بارزانی تەنیا عەفوی نەکردن، بەڵکو کێشەکەی بە تەواوەتی سڕییەوە و هەموویان چوونەوە سەر پۆستەکانی پێشووی خۆیان، لەساڵی ١٩٦٦یش کاتێك بەشێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی بە تەواوەتی جیابوونەوە و چوونە پاڵ حکومەتی عێراق و هاوشانی سوپای عێراق شەڕی شۆڕشی کوردستانیان دەکرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ و، دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی

**لە لێکترازانی ١٩٦٤ کاتێک مەکتەبی سیاسی شەڕی لە دژی بارەگای بارزانی ڕاگەیاند و پاشان پەنایان برد بۆ ئێرانی سەردەمی شا، پاش ئەوەی گەڕانەوە، ڕابەر مستەفا بارزانی تەنیا عەفوی نەکردن، بەڵکو کێشەکەی بە تەواوەتی سڕییەوە و هەموویان چوونەوە سەر پۆستەکانی پێشووی خۆیان**

**لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ پەتای پەرتەوازیی سەریهەڵدایەوە کە هەتا ئێستاش بەدەست دەرهاویشتە نەرێنییەکانیەوە گرفتارین.**

**ئێستا کۆی کوردستانییانی هەر چوار پارچەی کوردستان و کۆی ئەو نەتەوانەشی لەو چوار پارچەیە لەگەڵ کورد دەژین، ئومێدێکی گەورەیان لەسەر لوژێکی سەرۆک بارزانی هەڵچنیوە، کە ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت، بۆ ئەوەی وەک چارەنووسی هاوبەش سەیری دۆزی کوردستان بکرێت**



ئادار، نەك هەر كۆی ئەو چەكدارنەی عەفو كرد و گەڕانەوە پۆستەكانی پێشووی خۆیان، بەڵكو كۆی ئەو چەكدارانەی لە شەڕەكانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە كوژرا بوون، بڕیاری دا بە شەهیدی كوردستان هەژمار بكرێن، كەسوكارەكانیان مووچەیان بۆ دابنرێت و لەمەش زیاتر زەوییان پێ بدرێت و خانوویان بۆ دروست بكرێت، بۆ ئەوەی ئەو مێژووە لە سەر ئاستی بنەماڵەكانیشیان بسڕێتەوە. ئەم شێوازەی ڕابەر مستەفا بارزانی بۆ لێبوردەیی لەگەڵ ئەوەی ئامانجەكەی هەمان ئامانجی كاریزمای نەتەوەكانی دیكەیە بۆ ئەوەی درز و كەلێنەكانی ناو نەتەوە پڕ بكاتەوە و یەكڕیزی و تەبایی دروست بكاتەوە، بەڵام لە شێوازی هەموو كاریزماكانی دیكە جیاوازە و هیچ كاریزمایەك لەم جیهاندا بەو ئاستە بەرز و فراوانە پێناسەی لێبوردەیی نەكردووە.

بۆ ئێستا ئێمە، وەك سەرۆك ئۆباما لە بەردەم پەیكەرەكەی لینكۆڵ دەڵێت، «دابەشبوونەكانمان وەك سەردەمی سەرۆكە نەمرەكەمان هێندە قووڵ نین»، بۆ ئێمەش بەتایبەتی كە ئێستا جۆرێك لە لێكتێگەیشتن لە نێوان پارتی دیموكراتی كورستان و یەكێتیی نیشتمانی بۆ پێكهێنانی كابینەی دەیەم دروست بووە و، لەمەش مۆژدەی خۆشتر زەمینەیەك دروست بووە باس لە دروستكردنی لیستی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنەكانی داهاتووی عێراق دەكرێت، كاتی ئەوەیە سوودێكی زۆر لە لێبوردەیی ڕابەر مستەفا بارزانی وەربگرین، ئۆباما گوتەنی «دەكرێت گفتوگۆی توند بكەین، دەكرێت دەستی یەكتریش با بدەین، بەڵام نابێت و شیاو نییە ئیسقانی دەستی یەكتری بشكێنین».

## چارەنووسی هاوبەش

### پێكەوە بیركردنەوە .. پێكەوە كاركردن

كێشە و گرفتی سەرەكی كە ئێستا كۆی مرۆڤایەتی و تەواوی نەتەوەكانی جیهان لە ئاستیدا دەستەوەستانن و ناتوانن چارەسەرێكی گونجاو بۆ ئەو كێشانە بدۆزنەوە كە ڕووبەرووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، بە پلەی یەكەم ئەو پاشاگەردانییە كە لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیستمی جیهانی دروست بووە، كە وەك چارەنووسی هاوبەش سەیری چارەنووسی مرۆڤایەتی لەسەر هەسارەی زەوی ناكەن.

لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستانیشدا، كێشەی سەرەكی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە ئایە دۆزی كوردستان «یەك پرسە، یان چەند پرسێكە؟» و تەنیا ڕابەرێك بە درێژایی دیرۆكی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان بە پراكتیكی خەباتی بۆ ئەوە كردبێت كە دۆزی كوردستان «یەك دۆزە و لێك جیا ناكرێتەوە»، ئەم خەباتەش لە چوونی مستەفا بارزانی و پێشمەرگەكانیەتی لەساڵی ١٩٤٥ «پێش دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستان» بۆ پاراستنی كۆماری كوردستان كە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەمەد دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە شاری مهاباد ڕاگەیەنرابوو.

ئەزموونی یەك ساڵەی پاراستنی كۆماری كوردستان، ڕاستییەكی مێژوویی بۆ ڕابەر مستەفا بارزانی ئاشكرا كرد، ئەویش ئەوە بوو «ئەگەر هەست و بیركردنەوەی خێڵەكان لە چوارچێوەی خێڵگەرایی بەرز نەكرێتەوە بۆ ئاستی نیشتمانی، ئەوا ناتوانین بیر لەوە بكەینەوە، نیشتمانێك چارەنووسی هاوبەشی هەمولایەكمان پێكەوە كۆبكاتەوە، بۆ ئەمە بیری لە دامەزراندنی پارتێكی نیشتمانی كردەوە كە چەترێك بێت بۆ هەمووان و هەموو نەتەوەی كورد و كوردستانییەكان بەبێ جیاوازی خۆیانی تێدا ببیننەوە»، ئەم ئاواتە گەورەیەی ڕابەر، بەداخەوە ڕووخانی كۆماری كوردستان و ڕێڕەوە مێژووییەكەی پەڕینەوەی ئاراس ١٢ ساڵ ئاوارەیی بە دوای خۆیدا هێنا، بۆیە پارتی دیموكراتی كوردستانیش بە تەواوەتی ئەو ئامانجەی وەك خۆی نەپێكا كە ڕابەر بیری لێ كردبووەوە، لەمەش خراپتر لە بری ئەوەی ئەم پارتە نیشتمانییە ببێتە چەتری كۆكەرەوەی هەموو چین و توێژ و هۆز و ئایین و نەتەوە جیاوازەكانی كوردستان، بەڵام بەهۆی ئەو لێكترازان و جیابوونەوانەی ڕوویان دا، دەرهاویشتەی نەرێنی بە دوای خۆیدا هێنا، ڕاستە لە دوای ڕێككەوتنی ئاداری ١٩٧٠ ڕابەر مستەفا بارزانی هەوڵیدا بە لێبوردەیی خۆی بە شێوەیەك لە شێوەكان درز و كەلێنەكان پڕ بكاتەوە، بەڵام لە دوای نسكۆی شۆڕشی

**چارەنووسی هاوبەشی دۆزی كوردستان چارەسەری كێشەكەیە بە شێوازی ئاشتییانە، ئەوجا لە ئێستا ئەوەی دەكرێت، ئەوەیە كە هەوڵ بۆ چارەسەری كێشەكە بدرێت**

**سەرۆک بارزانی زۆر بە جددی كاری لەسەر ئەو پڕۆژەیە كردووە، كە دەبێت لە هەرێمی كوردستاندا «یەک پەرلەمان، یەک حكومەت، یەک هێزی پێشمەرگە» هەبێت**

**چاوەڕێ دەكرێت لەگەڵ ڕاگەیاندنی كابینەی دەیەم، مۆژدەی خۆشتر و ئاسۆیەكی گەشتر بۆ هەرێمی كوردستان و كۆی دۆزی كوردستان دەربكەوێت**

ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ پەتای پەرتەوازەیی سەریهەڵدایەوە کە هەتا ئێستاش بەدەست دەرهاویشتە نەرێنییەکانیەوە گرفتارین.

لە ئێستا و لە دوای گۆڕانکارییە چاوەڕواننەکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی کە خەریکە لە دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ سەرۆکی ئەمریکا، سیماکانی دەردەکەوێت، خەریکە زەمینەیەك دێتە ئاراوە کە دووبارە خەباتی کردەیی بۆ چارەنووسی هاوبەش دەست پێبکەینەوە.

سەرۆك بارزانی کە بە کردەیی ئەرکە قورسەکەی ڕابەر مستەفا بارزانی خستووەتە سەر شانی خۆی، ئێستا کۆی کوردستانییانی هەر چوار پارچەی کوردستان و کۆی ئەو نەتەوانەشی لەو چوار پارچەیە لەگەڵ کورد دەژین، ئومێدێکی گەورەیان لەسەر لۆژیکی سەرۆك بارزانی هەڵچنیوە، کە ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت، بۆ ئەوەی وەك چارەنووسی هاوبەش سەیری دۆزی کوردستان بکرێت، ئەمەش بەو مانایەی چارەنووسی هاوبەشی دۆزی کوردستان چارەسەری کێشەکەیە بە شێوازی ئاشتییانە، ئەوجا لە ئێستا ئەوەی دەکرێت، ئەوەیە کە هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەکە بدرێت، بۆ هەر پارچەیەك بە پێی تایبەتمەندیی خۆی، بۆ ئەمەیان سەرۆك بارزانی هەنگاوی باشی هەڵگرتووە و بە جیا لەگەڵ مەزڵووم عەبدی وەك کێشەی کورد لە ڕۆژئاوا کۆبوونەوەی کردووە، لەگەڵ شاندی (دەم پارتی )یش لەسەر پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور کۆبووەتەوە، لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستانیشدا، سەرۆك بارزانی زۆر بە جددی کاری لەسەر ئەو پرۆژەیە کردووە، کە دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا «یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە» هەبێت، ئەم پرۆژەیە کە لێکتێگەیشتنی زۆر باشی لەسەر دروست بووە و شاندی هەردوولا «پارتی و یەکێتی» بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێدەکەن، بە ڕێژەی ٩٠٪ی ئەم پرۆژەیە گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت لەگەڵ ڕاگەیاندنی کابینەی دەیەم، مژدەی خۆشتر و ئاسۆیەکی گەشتر بۆ هەرێمی کوردستان و کۆی دۆزی کوردستان دەربکەوێت.

### خزمەتکاری ئاڵا
### پێشاندانی ئینتما بۆ کوردستان

ئەو ئاڵایەی ڕابەر مستەفا بارزانی بە ئەمانەت لە پێشەوا قازی محەمەد وەریگرت و پاراستی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، سەرۆك بارزانی بڕیاری دا، وەك ئاڵای فەرمیی کوردستان لەسەر هەموو دامودەزگا شەرعیەکانی هەرێمی کوردستان هەڵبکرێت و پاشان پەرلەمانی کوردستان یاسای بۆ دەرکرد و ڕۆژێك دیاری کرا بە ناوی «ڕۆژی ئاڵای کوردستان».



سەبارەت بە گرنگی و پیرۆزیی ئاڵا لای ڕابەر مستەفا بارزانی، مامۆستا موحسین دزەیی بۆی گێڕاینەوە و گوتی: «لە دوای ساڵی ١٩٧٥ لەو کاتەی ڕابەر مستەفا بارزانی لەبەر نەخۆشی سەردانی ئەمریکا دەکات، لێژنەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشتی مستەفا بارزانی دەکەن، بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسێکی لێژنەی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی بەشداری بکات، کاتێک دەچێت بۆ کۆنفرانسەکە ساتێك لە پەنجەرەی ئاپارتمانی کۆنفراسەوە کە بەرانبەر ئاپارتمانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت، ڕادەوەستێت و سەیری ئەو ئاڵایانە دەکات کە لە بەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵکراون، بەمەش سەرنجی هەموو ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە ڕادەکێشێت و لێی دەپرسن: بۆچی لە بەردەمی ئەو پەنجەرەیە ئەو ماوە زۆرە ڕاوەستایت؟ لە وەڵامدا ڕابەر مستەفا بارزانی پێیان دەڵێت: ئێمە هاتووین بەشداری لە کۆنفرانسی لێژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین، بەڵام سەرنجم دا لەناو ئاڵای هەموو نەتەوە جیاوازەکانی جیهاندا ئاڵای کوردستانی تێدا نەبوو، ئێوەش بێدەنگن و باسی مافەکانی مرۆڤیش دەکەن!»

ئەگەر لەسەر ئەم پەیڤە بەرزەی ڕابەر هەڵوەستەیەك بکەین، کە بەناو تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکان مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی ئیحراجییەکی گەورە دەکاتەوە، ئەوەیە کە پێیان دەڵێت: «ئێوە کۆنگرە و کۆنفرانس لەسەر مافەکانی مرۆڤ دەکەن و ئێمەش بانگهێشت دەکەن گوێتان لێبگرین، بەڵام ئامادە نین ئاڵاکەمان وەك ئاڵای نەتەوەیەك ڕێزی لێ بگرن، ئایا نەتەوەیەك دەوڵەت و ئاڵای نەبێت، مافی مرۆڤی هەیە هەتا باس لە پێشێلکردنی بکرێت؟»

ئەم تێگەیشتنەی ڕابەر مستەفا بارزانی کە نزیکەی چارەکە سەدەیەك پێش کارەساتی ١١ سێپتەمبەری ئەمریکایە کە دواتر سامۆئیل هنتگتن کتێبە بەناوبانگەکەی نووسی بە ناونیشانی «ئێمە کێین؟» تیایدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە و ڕوو لە گەلی ئەمریکا دەکات و پێیان دەڵێت: «کاتێك ڕێز لە ئاڵای خۆتان ناگرن، چیتر ئێوە گەلە مەزنەکەی ئەمریکا نین و دەبێت لە خۆمان بپرسین: ئێمە کێین؟»، هەروەها ئەم پەیڤە پڕمانایەی ڕابەرمان زیاتر لە ٣٠ ساڵ پێش گوتارەکەی سەرۆك ئۆبامایە کە لە ساڵی ٢٠٠٩ لە بەردەم پەیکەرەکەی لینکۆڵن ڕوو دەکاتە گەلی ئەمریکا و پێیان دەڵێت: «با لەسەر جیاوازییەکانمان و پرسە هەستیارەکانی ئێستامان گفتوگۆی زۆر توندیش بکەین، بەڵام دەبێت هەموومان خزمەتکاری یەك ئاڵا بین، نوێنەرایەتیی یەك بکەین».

بێگومان سرووشتی گەلی ئەمریکا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئەمریکاوە لە ساڵی ١٧٧٦ تا جەنگی دووەمی جیهانییش بەو شێوەیە بووە، کە جۆرێك لە گۆشەگیری لەگەڵ جیهان پیادە بکەن و خۆیان تێکەڵاوی





کێشەکانی جیهان نەکەن، ئێستاش دۆناڵد ترەمپ دوای زیاتر لە دوو سەدە و نیو هەمان دروشمی بەرز کردووەتەوە و دەڵێت: «یەکەم ئەمریکا و پێش هەموو شت ئەمریکا»، دوای زیاتر لە دوو سەدە و دوای کارەساتێکی وەك ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ڕوو بدات، بیرمەندێکی وەك هنتگتن دەپرسێت «ئەگەر ڕێز لە ئاڵای خۆتان نەگرن، دەبێت بپرسن: ئێمە کێین؟»، ٤٤ـەمین سەرۆکی ئەمریکا لە بەردەمی پەیکەرەکەی نیلکۆڵن دەڵێت: «ئەگەر هەموومان خزمەتکاری یەك ئاڵا نەبین، خاوەنی یەك نیشتمانیش نابین».

بەڵام ڕابەری گەورەی ئێمە مستەفا بارزانی بەبێ ئەوەی دەوڵەتمان هەبێت، یان هەست بە گەورەیی و شکۆی دەوڵەت بکەین، فێرمان دەکات، ئەگەر هەموومان خزمەتکاری ئاڵای خۆمان نەبین، نەتەوەکەمان و گەلەکەمان وەك کورد و کوردستانیەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە ناو نەتەوە ئازادەکانی جیهاندا بوونی نابێت.

ئەم پەیڤە بەرزەی ڕابەری نەتەوەییمان، تەنیا سەرۆك بارزانی هەوڵی داوە وەك یەکەم کەس بە کردەیی خەباتی بۆ بکات و بڕیار بدات لە کوردستان بشەکێتەوە و بە پەیڤێك گرنگیی ئاڵامان لە فیکری مستەفا بارزانی بۆ تەرجەمە بکات و گوتی: «من لە ژێر ئاڵای کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد لە دایك بووم، ئامادەم هەموو کاتێك لە پێناوی پاراستنی ئەو ئاڵایە بمرم».

بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان کە بووەتە جێگەی ئومێدی پارچەکانی دیکەی کوردستان و، لە هەمان کاتدا ئاراستەی گۆڕانکارییەکان ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە بەرەو چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە ڕۆژئاوا و باکوور زەمینەیەك دێتە پێشەوە و، پشتریش سەرۆك بارزانی بە دەستی خۆی ئاڵای کوردستانی لەناو شارەوانیی ئامەد هەڵواسیوە، ئەوا زەمینەیەك دێتە پێش کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەموومان خزمەتکاری ئاڵا بین، ئەو ئاڵایەی ڕابەرمان مستەفا بارزانی لە تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکان ئومێدی ئەوە بوو بشەکێتەوە و بیبینێت.

**ئەو ئاڵایەی ڕابەر مستەفا بارزانی بە ئەمانەت لە پێشەوا قازی محەمەد وەریگرت و پاراستی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، سەرۆک بارزانی بڕیاری دا، وەک ئاڵای فەرم کوردستان لەسەر هەموو دامودەزگا شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان هەڵبکرێت**

**٤٤ـەمین سەرۆکی ئەمریکا لە بەردەمی پەیکەرەکەی نیلکۆڵن دەڵێت: «ئەگەر هەموومان خزمەتکاری ئاڵا نەبین، خاوەنی یەک نیشتمانیش نابین»**

**ڕابەری گەورەی ئێمە مستەفا بارزانی بەبێ ئەوەی دەوڵەتمان هەبێت، یان هەست بە گەورەیی و شکۆی دەوڵەت بکەین، فێرمان دەکات، ئەگەر هەموومان خزمەتکاری ئاڵای خۆمان نەبین، نەتەوەکەمان و گەلەکەمان وەک کورد و کوردستانیەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە ناو نەتەوە ئازادەکانی جیهاندا بوونی نابێت**

## باراک ئۆباما:

# چەند جیاوازیمان هەبێت، دەبێت هەموومان خزمەتکاری یەک ئاڵا بین

«ئەمڕۆ، کاتێك لە بەردەمی کاپیتۆڵ هۆڵ، یادی ساڵیادی ٢٠٠ ساڵەی ئەبرەهام لینکۆڵن شانزەهەمین سەرۆکمان دەکەینەوە، ناتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم کە زیاتر لەو خەڵکانە لەسەر ژیان و کارەکانی ئەم سەرۆکە دەزانم، کە پێش من لەم بۆنەیەدا باسیان کرد، بەڵام دەتوانم هەست بە شانازییەکی گەورە بکەم، کە ئەزموونی ئەم سەرۆکە بێ وێنەیە بە چەندین شێواز نەخشەڕێگەیە بۆ ئەوەی بەرنامەکەی منیش قابیلی جێبەجێکردن بێت و چیرۆکی ئەمریکاش قابیلی جێبەجێکردن بێت.

ئەم ئاپارتمانەی ئێمە ئەمڕۆ ساڵیادی ٢٠٠ساڵەی لەدایکبوونی تێدا دەکەینەوە، یادگارییەکە کە پەیوەندییەکی زۆر پتەو و نزیکی بە سەردەمی ژیانی ئەم سەرۆکە نەمرەوە هەیە. لەسەردەمی شەڕی ناوخۆی «دژی کۆیلایەتی» دروست کراوە، ئەو کانزایانەی لە دروستکردنی ئەم ئاپارتمانە بەکارهێنراون دەکرا بۆ دروستکردنی چەك و تەقەمەنی بەکار بهێنرێت، کاتێك پرسیار لە لینکۆڵن کرا، خەریکە هەموو کانزاکان تەواو دەبن، زۆر بەکورتی وەڵامی دانەوە و گوتی: «دەبێت کارەکان بەم شێوەیە بەردەوامیان پێبدەن»، کەواتە ئەو بڕوای بەوە بوو کە دەبێت گەلی ئەمریکا ئەوەیان لەبیر بێت کە لەسەردەمی شەڕ و ئاڵۆزیشدا، لەو کاتەی چارەنووسی نەتەوەش لە ژێر پرسیار و گوماندایە، دەبێت کار و مامەڵەی ڕۆژانەی خۆیان بەردەوام بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك دەنگی چەکەکان بێدەنگ دەبن، کاپیتۆڵ هۆڵ دەست بەکار دەبێتەوە، پەیکەری ئازادی لەسەر دەبێت، کە ئەم پەیکەرە بووەتە سیمبول بۆ یەکپارچەیی خاك و هەتا ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدایە پەرتەوازەی ئەم گەلە چارەسەر بکات.

ئەوەی وایکرد، کە ئەمڕۆ لەم بۆنەیە لەگەڵتان بەشدار بم، ئەو توانا و هەستە بەرزەی لینکۆڵنە لە ساتەوەختی شەڕ و پەرتەوازدا بۆ پلاندانان بۆ تەبایی و یەکگرتوویی و بونیادنانی داهاتوویەکی هاوبەش بۆ گەلی ئەمریکا.

لە هەفتەی کۆتایی شەڕ کاتێك «ژەنراڵ لی» خۆی دا بەدەستەوە، سەرکەوتن لە ئاسۆ ڕادیار بوو، لینکۆڵن دەیتوانی تۆڵە بکاتەوە و باشوورییەکان باجێکی قورسی یاخیبوونەکەیان بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بڕوایەکی پۆڵایینی بە کۆتاییهاتنی کۆیلایەتیش هەبوو، بەڵام یەك سەربازی کۆنفیدراڵییەکانی باشووری سزا نەدا و پێی گوتن «با بگەڕێنەوە سەر کار و پیشەکانیان، بواریان پێبدەن، ئەسپەکانیان بۆ کیڵانی زەوی و یەك لەسەر چواری چەکەکانیشیان بۆ ڕاوکردن بەکار بهێنن.

لینکۆڵن دەیزانی ئەمە تەنیا ڕێگە دروستەکەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو درز و کەلێنانەی نەتەوەکەمانی لەبەر یەك هەڵوەشاندوە، تەنیا ڕێگەیە بۆ کۆتاییهێنان بە مەینەتییەکانی نەتەوەکەمان، ئەو دەیزانی سەرباری هەموو ئەو جیاوازییانەی دابەشمان دەکەن، بەڵام ڕایەڵەیەکی پتەو پێکەوە گرێمان دەداتەوە، کە دەبێت هەموومان لەناو دڵی یەك نەتەوەدا بین و نوێنەرایەتیی هەمان نەتەوەش بکەین.

ئێمە ئەمڕۆ کە لەم بۆنەیەدا پێکەوە کۆبووینەوە، دابەشبوونەکانمان زۆر کەمترە لە سەردەمی لینکۆڵن، بەڵام کاتێك لەسەر پرسە هەستیارەکانی ئەم سەردەمانە گفتوگۆی زۆر توندیش دەکەین، دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت، هەموومان خزمەتکاری یەك ئاڵاین، نوێنەرایەتیی یەك گەل دەکەین، پێکەوە هەوڵ بۆ داهاتوویەکی هاوبەش دەدەین، ئەمەش باشترین دیارییە کە بتوانین پێشکەشی ساڵیادی ئەم سەرۆکە بێ وێنەیە «ئەبراهام لینکۆڵین»ی بکەین».

● باراك ئۆباما سەرۆکی پارتی دیموکراتی و ٤٤ەمین سەرۆکی ئەمریکا لە ٢٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی ئەبراهام لینکۆڵن سەرۆکی پارتی کۆماری و ١٦یەمین سەرۆکی ئەمریکا — ١٢ی شوباتی ٢٠٠٩



**شیفا بارزانی**

**سەرپەرشتیاری گشتیی ڕەوەندی کوردستانی لە بارەگای بارزانی بۆ گوڵان:**

# بە هەماهەنگی و هاوکاریی هەردوو زانکۆی یەریڤان و دهۆک بەنیازین «سەنتەری مستەفا بارزانی» لە زانکۆی یەریڤان بکەینەوە

ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات، بە سەرمایەیەکی مرۆیی گەورە لە قەڵەم دەدرێت، بۆ کۆکردنەوەی کۆی ڕەوەندی هەر چوار پارچەی کوردستان لەژێر چەترێکی نەتەوەییدا، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ بە سەرپەرشتی و ڕێنمایی سەرۆك بارزانی، کۆنگرەی یەکەمی ڕەوەندی کوردستانی بە بەشداریی نوێنەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە هەولێری پایتەخت گرێ درا و کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی دامەزرا، دوای ئەم کۆنگرەیەش، شیفا بارزانی وەك سەرپەرشتیاری گشتیی ڕەوەندی کوردستانی لە بارەگای بارزانی دەستنیشان کرا. بۆ قسەکردن لەسەر کارەکانی کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی و ڕێکخستنەوەی لە چوارچێوەی ئەم چەترە نەتەوەییەدا، گوڵان دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ شیفا بارزانی سەرپەرشتیاریی گشتی ڕەوەندی کوردستانی لە بارەگای بارزانی ئەنجام دا.

* ئێوه وەك سەرپەرشتیاری گشتیی ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات، کارێکی گرنگ دەکەن و هەوڵ و چالاکییەکانتان بۆ ئەوەیە کە کۆی ڕەوەندی کوردستانی لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەژێر یەك چەتری نەتەوەیی کۆبکەنەوە، ئایا بیرۆکەی ئەم کۆنفیدراسیۆنە چۆن سەری هەڵدا؟

- لە ڕاستیدا بیرۆکەی دامەزراندنی کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، بیرۆکەیەکی کۆنە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی لە کوردستانەوە هەستمان بەوە کرد کە بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕەوەندی کوردستانی پەراوێز خراون و، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش سیاسەتێکی دیاریکراوی بۆ ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات نەبوو، لەمەش زیاتر سەرەڕای ئەوەی کە سیاسەتمەدارەکانیشمان بەشێکی زۆریان لە قۆناغێك لە خەباتی خۆیان بە خێزانەکانیانەوە لە دیاسپۆرا ژیاون، بەڵام گرنگیی دیاسپۆرایان فەرامۆش کردبوو، یان هەستیان پێ نەدەکرد، ئەو کات و ئێستاش کوردستانیانی باشوور دەستبەرداری ئومێدی گەڕانەوەی وڵات نەبوون، بێگومان ئەمە بۆ کوردانی پارچەکانی دیکەش بە تایبەت ئەوانەی کە لەم قۆناغەی داواییدا هاتوونەتە دیاسپۆرا ڕاستە. خۆشبەختانە جەنابی سەرۆك بارزانی کە خاوەن ڕۆئیا و دونیابینییەکی بەرزی نەتەوەییە، هەستی بە گرنگیی دامەزراوەیەکی بەهێز بۆ یەکخستنی دیاسپۆرای کوردستانی کرد و ئەوەبوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست و دامەزرا. هەر بۆیە لەم چوارچێوەیەدا بوونی کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی وەك چەترێك هەموو کوردانی دیاسپۆرا پێکەوە کۆبکاتەوە و ئەم سەرمایە مرۆییە گەورەیە لە هەموو بوارەکانی زانست و ژیان و کارکردن ئامادە بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەم سەرمایە گەورەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بخرێتە گەڕ.

**بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەوەندی کوردستانی پەراوێز خراون و، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش سیاسەتێکی دیاریکراوی بۆ ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات نەبوو**

**جەنابی سەرۆک بارزانی کە خاوەن ڕۆئیا و دونیابینییەکی بەرزی نەتەوەییە، هەستی بە گرنگیی دامەزراوەیەکی بەهێز بۆ یەکخستنی دیاسپۆرای کوردستانی**

**لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست و دامەزرا**

* بە هۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان پێیدا تێپەڕیوە، دەبینین لە چەندین قۆناغی جیاوازدا، کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان ڕوویان کردووەتە هەندەران، ئایا دیراسەتی پۆلێنبەندیی قۆناغە جیاوازەکانتان کردووە؟

- بێگومان ئەو پۆلێنبەندییەمان کردووە، لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا لە چەندین قۆناغی جیاوازدا کوردی هەر چوار پارچە بە لێشاو ڕوویان کردووەتە هەندەران، بۆ نموونە:

١. لەدوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی، کاتێك ئەڵمانیای دوای جەنگ پێویستی بە هێزی کار بوو و دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی هێزی کار وەربگرێت، خەڵکێکی هێجگار زۆر لە تورکیاوە «کورد و تورك» ڕوویان کردە ئەڵمانیا کە دەکرێت ئەمە بە گەورەترین لێشاو لە قەڵەم بدەین.

٢. لە ساڵانی پەنجا و شەستەکان، بە مەبەستی خوێندن و بە دەستهێنانی ژیانێکی باشتر، کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە ڕوویان کردووەتە هەندەران، بەڵام ڕێژەکەی زۆر نەبووە.

٣. لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، خەڵکێکی زۆری ئێمە لە باشووری کوردستان ڕوویان کردە هەندەران، بەتایبەتی بۆ دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمریکا.

٤. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە هۆی شەڕی «عێراق – ئێران»، پاشانیش پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دژی خەڵکی کوردستان، لەم ماوەیەشدا خەڵکێکی زۆر لە باشووری کوردستانەوە ڕوویان کردووەتە هەندەران.

٥. لە ساڵانی نەوەدەکانی دوای ڕاپەڕین، ئاشکرایە ئەو گەمارۆ نێودەوڵەتییانەی لەسەر دەوڵەتی عێراق دوای شەڕی کوەیت سەپێنرابوو، هەرێمی کوردستانیشی گرتبووەوە و لەمەش زیاتر بە هۆی ئەو گەمارۆیەشی حکومەتی بەعس بەسەر هەرێمی کوردستانی سەپاندبوو، هەتا ساڵی ٢٠٠٣، لەم ماوەیەشدا خەڵکێکی زۆری ئێمە لە باشووری کوردستانەوە ڕوویان کردووەتە هەندەران.

٦. دوایین لێشاوی گەورەی پەنابەران بۆ هەندەران، لەدوای ساڵی ٢٠١٤ و هێرشی

تیرۆریستانی داعش بوو، کە بەشی زۆری ئەوانەی ڕوویان کردە هەندەران کوردانی ڕۆژئاوا بوون.

*** ئایا کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغە جیاوازانەی کوردی هەر چوار پارچە لە دیاسپۆرا دەکات؟ ئایا بەرنامەیەك و بەرچاوڕوونییەك هەیە هەتا ئومێد دروست بکات؟**

- بەپێی ئەو ئامارە مەزندەکراوەی لە بەردەستی ئێمەیە و زۆر ورد نییە، ئێستا زیاتر لە ٥,٥ ملیۆن کوردی هەر چوار پارچە لە هەندەران دەژین و بەشی هەرە زۆر یشیان لە ئەورپا و ئەمریکا نیشتەجێن و، زیاتر لە دوو ملێون کورد تەنیا لە ئەڵمانیا دەژین.

لەناو ئەو ژمارەیەدا ئەوانەی پێیان دەگوترێت نەوەی کۆن، یان ڕاشکاوانەتر ئەوانەی چەندین دەیەیە لە هەندەران ژیان بەسەر دەبەن، خۆیان تێکەڵاوی «زمان، کەلتوور، فەرهەنگ»ی ئەو وڵاتانە کردووە کە بریتین لە وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا.

سەبارەت بە کوردی باکووری کوردستان ئەوان بارودۆخێکی جیاوازیان هەیە، بەشێکیان لەژێر کاریگەریی (پەکەکە)دان و دەترسن و ناتوانن هیچ جموجووڵێك بکەن، بەشێکیان لە حکومەتی تورکیا دەترسن، یان ناوێرن بگەڕێنەوە.

سەبارەت بە کوردانی ڕۆژئاواش کە بەم دواییە و دوای شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش هاتوونەتە دەرەوە، ئەوان لە دوای گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی سووریا، ئومێدێکیان بۆ دروست بووە و چاوەڕێی ئەوەن دەرفەتێك بێتە پێشەوە و بتوانن بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژئاوا.

بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوە ئاڵۆزە، هەتا ئێستا بەرنامەیەك دروست نەبووە کە بەرچاوڕوونییەکیان پێ بدات، تا بتوانن هەنگاوی نیشتمانییانەی لەسەر هەڵبگرن.

*** کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی کە ئێستا خۆت سەرپەرشتی دەکەیت، ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە چاودێری دەکرێت، ئایا ئامانجی سەرۆك بارزانی لەم بایەخدانە گرنگەی بە کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی چییە؟**

- لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ کۆنگرەی یەکەمی «کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی» لەژێر چاودێری و ڕێنمایی سەرۆك بارزانی لە هەولێر گرێ درا کە نوێنەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان تیایدا بەشدار بوون، دەستەیەك بۆ سەرپەرشتیی کۆنفیدارسیۆن هەڵبژێردرا و جەنابی سەرۆك بارزانی سەرپەرشتیی ئەم کارە گرنگەی بە من سپارد، هەر بۆیە لە دوای ئەم کۆنگرەیە میکانیزمێك دروست بوو، بۆ ئەوەی ڕەوەندی کوردستانی بزانێت چۆن کارەکانی خۆی ڕێك بخات و کاری جددی بۆ پرسە نیشتمانییەکان بکات، بەرنامەیەکی درێژخایەنمان بۆ «١٠-١٥» دارشت، هەروەها بەرنامەیەکی کورت مەوداشمان دانا کە بریتی بوو لەوەی سەردانی هەموو ئەو وڵاتانە بکەین کە ڕەوەندی کوردستانی تێدا دەژین، بۆ ئەوەی بزانین بارودۆخی گوزەرانیان چۆنە، چۆن مامەڵە لەگەڵ کەلتوور و فەرهەنگی ئەو وڵاتە دەکەن، کە لێی دەژین. دوای ئەم بەرنامە کورت مەودایە ئامادەباشیمان کرد بۆ ئەوەی کۆنگرەی دووەمی کوردستانی گرێ بدەین، توانیمان ئەم کۆنگرەیە لە بەرلین بە ئامادەبوونی ٣٠٠ ئەندامی کۆنگرە بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بەرین، ئەندامانی کۆنگرە ٢٩٪ نوێنەرایەتیی کوردی باشووریان دەکرد، ٢٠٪ نوێنەرایەتیی کوردی باکووریان دەکرد، لە سەرووی ٤٠٪ نوێنەرایەتیی کوردی ڕۆژئاوایان دەکرد، زۆر جێگەی دڵخوشی بوو کە کوردانی «کوردستانی سوور – سۆڤیەتی پێشوو، ئازەربایجان، جۆرجیا، ئەرمینیا، کازاخستان، قەفقازیا»، ئەوانیش نوێنەریان لە کۆنگرەکە ئامادە بوو، لەم کۆنگرەیەش دیسان دەستەیەکی تازە بۆ سەرپەرشتیی کۆنفیدراسیۆن هەڵبژێردرایەوە، هەتا ئێستاش ڕەوەندی کوردستانی لە هەموو وڵاتەکانەوە پەیوەندی بە کۆنفیدراسیۆنەوە دەکەن، بەڵام بە پلەی یەکەم کاری کۆنفیدراسیۆن ئەوەیە چۆن بەرنامەیەك دابنێت، ئەو خەڵکە نیشتمانپەروەرانەی ناو ڕەوەندی کوردستان بدۆزینەوە و تیکەڵاوی پرۆسەکەیان بکەین، بە ڕاستی بەشێکی زۆریان لە گۆڕەپانەکەدا بزرن و دەمانەوێت هەموو ئەو توانایانەش بخەینە گەڕ.

**بەپێی ئەو ئامارە مەزندەکراوەی لە بەردەستی ئێمەیە و زۆر ورد نییە، ئێستا زیاتر لە ٥,٥ ملیۆن کوردی هەر چوار پارچە لە هەندەران دەژین**

**بارودۆخی ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوە ئاڵۆزە، هەتا ئێستا بەرنامەیەک دروست نەبووە کە بەرچاوڕوونییەکیان پێ بدات، تا بتوانن هەنگاوی نیشتمانییانەی لەسەر هەڵبگرن**

**بۆ نەورۆزی ئەمساڵ بەرنامەمان هەیە بە هاوبەشی لەگەڵ جڤاتی کوردی، ئاهەنگێکی گەورە لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا و لەسەر ڕووباری ڕاین بەڕێوە بەرین**

**بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرنامەی فێركردنی زمانی كوردیمان بە شێوەی ئۆنلاین لە هەرێمی كوردستانەوە، نەک هەر بۆ منداڵان، بەڵكو بۆ هەموو تەمەنە جیاوازەكانی ڕەوەندی كوردستانی كردووەتەوە**

**زۆر گرنگە ئێمە واقیعی ڕاستەقینەی خەبات و تێكۆشانی خۆمان بە دروستی بۆ بەرپرسانی ئەوروپی باس بكەین**

**وەک جەنابی باوکی ڕۆحیمان نەمر مستەفا بارزانی بەردەوام وێردی سەر زاری بووە و جەنابی سەرۆک بارزانی بەردەوام جەختی لەسەر دەکاتەوە، «شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت»، بۆیە ئێمە بەڕاستی دەبێت خزمەتکاری میللەتی خۆمان بین**

*** لە یەك دوو هەفتەی داهاتوو خۆمان بۆ ئاهەنگی نەورۆز و سەری ساڵی كوردی ئامادە دەكەین، ئایا كۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی كوردستانی بەرنامەی بۆ نەورۆزی ئەمساڵ چییە؟**

- بۆ نەورۆزی ئەمساڵ بەرنامەمان هەیە بە هاوبەشی لەگەڵ جڤاتی كوردی، ئاهەنگێكی گەورە لە شاری كۆڵنی ئەڵمانیا و لەسەر ڕووباری ڕاین بەڕێوە بەرین، لەم ئاهەنگەدا نوێنەرانی هەموو هێزە سیاسییەكانی هەر چوار پارچەی كوردستان ئامادە دەبن، هەروەها ئەو كۆمەڵە و ڕێكخراوانەی لە ئەڵمانیا كاری نیشتمانی دەكەن، چەندین گۆرانیبێژی گەورەی هەر چوار پارچە و تیمی میوزك بەشدار دەبن، جێگری سەرۆكی پەرلەمانی ویلایەتی «نورت ڕاین فیستفالن» وتاری دەبێت، كۆلنیش شارێكی ئەو ویلایەتەیە.لەم ئاهەنگە خەڵكێكی زۆری ڕۆژئاوای كوردستان ئامادە دەبن و سلۆگۆنی ئاهەنگەكەش «یەكگرتن بۆ پشتگیریی ڕۆژئاوا» دەبێت، ئاهەنگەكە لە ڕۆژی ٢٢ی ئاداری ٢٠٢٥ لە كاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بە كاتی ئەڵمانیا تاكو ئێوارە بەردەوام دەبێت، ئومێد دەخوازین ئاهەنگێكی گەورە و سەركەوتوو بێت و ڕوویەكی جوانی نەورۆز پیشانی هەموو ئەوروپا و جیهان بدەین.

*** گلەییەك هەیە كە تا ئێستاش ڕووبەڕووی منداڵەكانی ڕەوەندی كوردستانی دەكرێتەوە، ئەویش ئەوەیە كە فێری زمانی كوردی ناكرێن، ئایا بەرنامەتان هەیە بۆ ئەوەی ئەم كەلێنە گرنگە پڕ بكەنەوە؟**

- لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو واتە «٢٠٢٣-٢٠٢٤» بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرنامەی فێركردنی زمانی كوردیمان بە شێوەی ئۆنلاین لە هەرێمی كوردستانەوە، نەك هەر بۆ منداڵان، بەڵكو بۆ هەموو تەمەنە جیاوازەكانی ڕەوەندی كوردستانی كردووەتەوە و ئەمساڵ دەبێتە ساڵی سێیەم، كاتی وانەكان دیاری كراون، كە مامۆستای زۆر باش لە هەرێمی كوردستانەوە وانەكان دەڵێنەوە و ئەوجا ڕەوەندی كوردی لە هەر وڵاتێك بێت، دەتوانێت لە بەردەم كۆمپیوتەرەكەی خۆی دابنیشێت و وانەكانی خۆی وەربگرێت، لەمەش گرنگتر بەر لەوەی ئەم دیمانەیە لە گوڵان بڵاو ببێتەوە، بەنیازین یاداشتنامەیەكی لێكتێگەیشتن لەنێوان وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان و كۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی كوردستان بۆ ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو ئیمزا بكەین، بەپێی ئەم لێكتێگەیشتنە ٢٠ مامۆستای شارەزا لە هەر چوار پارچەی كوردستان ڕۆژانە بۆ ماوەی ٢٤ كاتژمێر واتە لە «ئوستراڵیا تا ئەمریكا» بە شێوەی ئۆلاین وانە بە ڕەوەندی كوردستانی دەڵێنەوە، بۆ ئەم پرۆسەیە بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان زۆر هاوكار بووە و وەزارەتی پەروەردەش زۆر هەماهەنگ بووە.

*** هەندێك جار كە ئەوروپییەكان لەسەر دۆزی كورد قسە دەكەین، هەست دەكەین زانیارییەكانیان لەگەڵ واقیعی كوردستان بەگشتی و واقیعی باشووری كوردستان بەتایبەتی زۆر لێك دووره، ئایا ئەمە هۆكاری ئەوەیە خۆمان كەمتەرخەم بووین، یان هەوڵی نەیارەكانمان باڵادەستترە؟**

- بۆ ئەوەی ئەو كەلێنە پڕ بكەینەوە، بەڕاستی دەبێت هەوڵ بدەین، یەكڕیزی لە نێوان ڕەوەندی كوردستانی لە دەرەوە دروست بكەین، ئەم پرسە هەوڵێكی زۆری دەوێت، بەڵام لەو ماوەیەی دوایی پەیوەندیمان بە كۆمەڵێك خەڵكی نیشتمانپەروەرانی خۆمان كردووە، گەیشتووینەتە ئەو ڕاستییەی لە هەر شوێنێك ئێمە هەبین، ئەوا نەیارەكانمان كاریگەرییان نییە، بەڕاستی منیش هەستم بەو دیاردەیە كردووە، جاری وا هەیە، دەبینیت كەسێكی بیانی، یان بەرپرسێكی ئەوروپی بە شێوەیەك باسی ئەو هەموو جامێری و قوربانیدانەی هێزی پێشمەرگە دەكات، كە دوژمنەكانمان بۆیان باس كردوون، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە واقیعی ڕاستەقینەی خەبات و تێكۆشانی خۆمان بە دروستی بۆ بەرپرسانی ئەوروپی باس بكەین، هەر بۆ نموونە لە مانگی ئابی ٢٠٢٣ لە شاری بۆخومی ئەڵمانیا بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرماندەیی زێرەڤانی یادی جینۆسایدمان كردەوە، بڕوا بكەن قسەكانیان بەو جۆرە بوون، وەك ئەوە بوو كە دوژمنەكانمان زانیارییان پێ دابن، لەم بۆنەیە كە چەند فەرماندەی پێشمەرگە كە لە ڕێوڕەسمەكە بەشدار بوون، زۆر نیگەران بوون،



دوای ئەوە، من وتارم هەبوو، لە وتارەکەمدا واقیعەکە چۆن بوو، وەك خۆی خستمە ڕوو، دواتر پەرلەمانتارەکەی ئەڵمانیا هاتە لام و داوای لێبوردنی کرد کە سەرچاوەی زانیارییەکانی هەڵە بوون.

*** ڕاسپاردنت لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە بۆ ئەم ئەرکە گرنگە، دیارییەکی گەورەیە، ئایا ڕێنمایی سەرۆك بارزانی بۆ ئێوە چی بووە؟**

- من بۆ ماوەی ١٦ساڵ قوتابیی بەردەستی جەنابی سەرۆك بازرانی بووم و لەبەر دەستی کارم کردووە و، لەسەر دەستی ئەو فێری کوردایەتی بووم، ئەمەش بە خەزێنەیەکی زۆر گەورە دەزانم و شانازیشی پێوە دەکەم، هەر بۆیە کاتێك ئەو شەرەفەی بە من دا، کە لەناو ڕەوەندی کوردستانیی هەر چوار پارچەدا نوێنەرایەتیی بەڕێزیان بکەم، ئەوا وەك جەنابی باوکی ڕۆحیمان نەمر مستەفا بارزانی بەردەوام وێردی سەر زاری بووە و جەنابی سەرۆك بارزانی بەردەوام جەختی لەسەر دەکاتەوە، «شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت»، بۆیە ئێمە بەڕاستی دەبێت خزمەتکاری میللەتی خۆمان بین، لەبەر ڕۆشنایی ئەم پەیڤە بەرزەی جەنابی مستەفا بارزانی و ڕێنماییەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی فەرمانی پێکردین، ئێمە لە کۆنفیدراسیۆن هەموو هەوڵمان بۆ ئەوە بێت، کوردایەتی بکەین، لەهەر شوێنێك کوردی لێ بێت، زمانی کوردی ببەینە نێو ماڵەکانیان، هەوڵ بدەین یەکڕیزی لە میللەتی خۆمان دروست بکەین، گەنج و لاوەکانمان لە توندوتیژی و هزری تیرۆر و ماددەی هۆشبەر دوور بخەینەوە، ڕەوەندی کوردستانی بەو شێوەیە ئاراستە بکەین کە ڕێز لە یاسا و کەلتوور و فەرهەنگی ئەو وڵاتانە بگرن کە تیایدا دەژین و بتوانن خۆیان بگونجێنن و ڕەفتاری خۆیان بگۆڕن.

ئەم فەرمان و ڕێنماییانەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ ئێمە بەرنامەی کار و نەخشەی ڕێگەیە و هەوڵمان داوە لەو چوارچێوەیەدا کارەکانمان بەردەوام بن، لە هەر شوێنێك کوردێك پێویستی بە ئێمە بووبێت، یان پێویستییەکی هەبووبێت، ئێمە ئامادە بووین و هاوکاریمان کردووە.

**لە هەر شوێنێک کوردێک پێویستی بە ئێمە بووبێت، یان پێویستییەکی هەبووبێت، ئێمە ئامادە بووین و هاوکاریمان کردووە**

*** هەموو پڕۆژەیەك لە کاتی کارکردنی ئاستەنگی دێتە بەردەم، ئایا ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم کارەکانی ئێوە چی بووە؟**

- ئاستەنگی هەرە گەورە کە دێتە بەردەمان، حزبە سیاسییەکانی کوردستانن، ئەمەش نەك بڵێین بە ئەنقەست خۆیان دەکەنە بەربەست، بەڵکو ئاستی بیرکردنەوە و تێڕوانینیان لە چوارچێوەی حزبەکانیان تێناپەڕێنێت، هەتا

**ئەزموونی ئێمە لە ناو فیکر و ڕێبازی بارزانی بەو جۆرەیە کە جیاوازییەکان (ئایینی، یان نەتەوەیی، یان سیاسی)بن یەکتری تەواو دەکەن، نەک یەکتری بسڕنەوە**

**لە هەندێک حاڵەتدا حزبە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتیی خۆیان هەندێک ڕەفتار ئەنجام دەدەن، کە شکۆی کورد لەبەر چاوی ئەورووپا و جیهان دێنێتە خوارەوە**

**ئەو هەوڵەی ئێستای جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ ئاشتی لە هەر چوار پارچەی کوردستان پیادەی دەکات، گۆڕینی گوتاری نیشتمانیی کوردستانییە، بەوەی دەبێت هەمووما هاوکاریی یەکتری بکەین**

**کۆی ڕەوەندی کوردستانی خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ سەرۆک بارزانی هەیە و هەموویان وەک کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەر چوار پارچە سەیری دەکەن**

بتوانێت لە سەر ئاستی نیشتمان بیر بکاتەوە و خەمەکانی نیشتمان لە کۆڵ بگرێت، یان جیاوازییەکان قبووڵ بکات و ئەوی دی ڕەت نەکاتەوە، یان لە خەمی ئەوەدا بێت، کە گوتارێکی یەکگرتووی نیشتمانی بۆ ڕەوەندی کوردستانی پێویستییەکی گرنگە، بەپێچەوانەوە ئەزموونی ئێمە لە ناو فیکر و ڕێبازی بارزانی بەو جۆرەیە کە جیاوازییەکان (ئایینی، یان نەتەوەیی، یان سیاسی )بن یەکتری تەواو دەکەن، نەك یەکتری بسڕنەوە، بەڵام بڕوا بکەن لە هەندێك حاڵەتدا حزبە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتیی خۆیان هەندێك ڕەفتار ئەنجام دەدەن، کە شکۆی کورد لەبەر چاوی ئەورووپا و جیهان دێنێتە خوارەوە.

*** لە ئێستادا سەرۆك بارزانی ڕۆڵی مەرجەع بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دەگێڕێت، بەتایبەتی دوای گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکارییەکانی سووریا و، باسکردنی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، وەك بینیمان مەزڵووم عەبدی سەردانی سەرۆك بارزانی کرد، دەم پارتی پەیامی ئۆجەلانی بۆ ئاشتی بۆ سەرۆك بارزانی هێنا، ئایا چۆن دەتوانن لەسەر ئاستی کۆنفیدراسیۆن سوود لەو زەمینە لەبارە وەربگرن کە لۆژیکی سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی هەر چوار پارچە هێناویەتە ئاراوە؟**

- ئێمە کاتێك دەتوانین زۆر باش سوود لەو زەمینەیە وەربگرین، کە بتوانین لەبەر ڕۆشنایی لۆژیك و فەرمان و ڕێنماییەکانی سەرۆك بارزانی درێژە بە کارەکانمان بدەین. ئەو هەوڵەی ئێستای جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ ئاشتی لە هەر چوار پارچەی کوردستان پیادەی دەکات، گۆڕینی گوتاری نیشتمانیی کوردستانییە، بەوەی دەبێت هەموومان هاوکاریی یەکتری بکەین، ئێمەش لە کۆنفیدراسیۆن لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییانە کارمان کردووە. ئەوەی ئاماژەت پێکرد، لە ئێستا بەڕێزیان وەك مەرجەع لەسەر ئاستی هەر چوار پارچە سەیر دەکرێت، ئەوا واقیعی حاڵە و ڕاستییە و لەناو کوردی هەر چوار پارچە خۆشەویستە، من وەك خۆم کە بەشداریی هەندێك بۆنە دەکەم لە ئەورووپا و نازناوی بەڕێزیانم هەڵگرتووە، زۆر کەس دێن بۆ ئەو بۆنەیە بۆ ئەوەی بزانن برازاکەی سەرۆك بارزانی چۆنە، واتە بەشێکیان بۆ بینینی من دێن، نەك بۆ کۆڕەکە، یان بۆنەکە، لەسەر ئاستی کۆی ڕەوەندی کوردستانی خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ سەرۆك بارزانی هەیە و هەموویان وەك کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەر چوارپارچە سەیری دەکەن، بێگومان ئەم متمانەیەش هەر لە خۆڕا دروست نەبووە، بەڵکو جەنابیان هەموو تەمەنی خەباتی بۆ دۆزی کورد کردووە و هەرگیز سازش، یان کۆمپرۆمایزی لەسەر پرسە نەتەوەییەکان نەکردووە.

*** بەشێك لە ڕەوەندی کوردستانی هەر چوار پارچە، لەو ماوەیەی لە دیاسپۆرا ژیاون، فێری پیشەی زۆر باش بوون، خوێندنیان تەواو کردووە، زمان فێربوون، بەشێکیان تێکەڵاوی سیاسەت بوون و ئێستا ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی شارەوانییەکانی دەوڵەتانی ئەورووپان، ئایا ئێوە تا چەند پشتگیریی ئەو خەڵکانە دەکەن؟**

- یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی ئەمە بووە کە چۆن بتوانین هاوکاری و پشتگیریی خەڵکە لێهاتووەکانی خۆمان بکەین، بۆ نموونە ئێستا ڕەوەندی کوردی لە ئەڵمانیا لە دوو ملیۆن کەس زیاترە، ئەمە هێزێکی هێجگار گەورەیە هەم بۆ هەرێمی کوردستان کە پارچەیەکی ئازادە، هەمیش بۆ دۆزی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بۆیە ئەگەر ئێمە ئەو هێزە بکەینە ئەو کارتەی کە پارتە سیاسییەکانی ئەڵمانیا لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا حیسابی لەسەر بکەن، ئەمە دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە بۆ تەواوی میللەتی کورد. لە هەڵبژاردنی شوباتی ڕابردووی ئەڵمانیادا، حەوت پەرلەمانتاری کورد دەرچوون کە یەکێکیان خەڵکی زاخۆیە و ئەوانەی دیکە کوردی باکوورن، یەکێك لە پەرلەمانتارە کوردەکان لەناو پارتی چەپی ئەڵمانیایە بە هۆی ئەو پەرلەمانتارە کوردە توانی ئاستەنگی ٥٪ی هەڵبژاردنەکان تێپەڕێنێت و ببێتە فراکسیۆنێکی ناو پەرلەمانی ئەڵمانیا. بەڵام ئەم کارە پرۆسەیەکە پێویستی بە کات و کاری زۆر ورد هەیە و نابێت بەم ئاستەی ئێستا ڕازی بین، بەپێچەوانەوە بۆچی کار بۆ ئەوە نەکەین کە سەرۆك وەزیران، یان یەکێك لە وەزیرە



گرنگەکانی حکومەتی ئەڵمانیا کورد بێت؟ بۆچی دەبێت ڕەوەندی کوردستانی لە ڕەوەندی نەتەوەکانی دیکە کەمتر بێت؟ سەرنج بدەن، سەرۆکی حزبی سەوزی ئەڵمانیا تا ماوەیەك پێش ئێستا کەسێکی بە ڕەچەڵەك تورك بوو، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا هیندستانی بوو، وەزیری بەرگریی کەنەدا سیکێکی هیندستانی بوو. هەروەها چەندین لایەنی دیکەش هەیە، دەبێت پشتگیریی کەسانی لێهاتووی خۆمان بکەین. هەر بۆ نموونە ئێستا یەکێك لە یاریزانەکانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کوردێکی ئێزدییە، پاڵەوانێکی بۆکسێن کە پاڵەوانێکی جیهانییە خۆی ڕایگەیاند و گوتی «من کوردم»، بۆیە دەبێت پشتگیریی ئەو خەڵکانەی خۆمان بکەین، نەك هەر لەسەر ئاستی گشتیی دەوڵەت، بەڵکو لەسەر ئاستی پەرلەمانی ویلایەتەکان و هەروەها لەسەر ئاستی شارەوانیی شارەکانیش.

*** هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم دیمانەیە یادی ١٢٢ ساڵەی لەدایکبوونی مستەفا بارزانی دەکەینەوە، ئەوجا لینکی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەم دیمانەیە ئەوەیە کە جەنابی مستەفا بارزانی لە هەندەرانەوە کوردی بە جیهان ناساند، دەرگای نیکتا خرۆشۆفی سکرتێری گشتیی حزبی شیوعیی سۆڤیەتی کردەوە، توانی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ سەرۆکە دامەزرێنەرەکانی جیهانی سێیەم دروست بکات، ئایا ئێستا کورد دەتوانێت هەمان ئەو ڕۆڵە مەزنە لە هەندەران بگێڕێت؟**

- نەخێر، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆڵەی جەنابی مستەفا بارزانی لە هەندەران دەیگێڕا و کوردی بە جیهان ناساند بە کەسی دیکە دووبارە ناکرێتەوە. ئێمە زۆر لە خوشك و برایانی کوردی خۆمان دەبینین کە چەندین دەیەیە لە هەندەران دەژین، هەموو پێمان دەڵێن کە چاومان کردووەتەوە تەنیا ناوی «بارزانی»مان بیستووە و، وێنەی بارزانی لە ماڵی ئێمە دانراوە، هەروەها ئەو کوردانەی لە سۆڤیەت ژیاون، یان لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی، هەموو دەڵێن ئێمە تەنیا ناوی بارزانیمان بیستووە، لەمەش زیاتر چەندین نووسەری زۆر گەورەی بەناوبانگی ئەڵمانی، فەرەنسی، ئەمریکی، کە ناوی بارزانییان هێناوە زۆر بە ڕێزەوە باسیان

**لە هەڵبژاردنی شوباتی ڕابردووی ئەڵمانیادا، حەوت پەرلەمانتاری کورد دەرچوون کە یەکێکیان خەڵکی زاخۆیە و ئەوانەی دیکە کوردی باکوورن**

**ئەو ڕۆڵەی جەنابی مستەفا بارزانی لە هەندەران دەیگێڕا و کوردی بە جیهان ناساند بە کەسی دیکە دووبارە ناکرێتەوە**

**ئەزموونی جەنابی مستەفا بارزانی زۆر گەورەیە و زۆر بە لۆژیکانە هەوڵی داوە، بایەخی زۆر گرنگ بە هەندەران بدات و کورد وەک خۆی بە جیهان بناسێنێت**

**دوای دیداری جەنابی بارزانی لەگەڵ خرۆشۆف، بارودۆخەکە نەک هەر بۆ جەنابیان بەڵکو بۆ ئەو پێشمەرگانەش باشتر بوو کە لەگەڵیدا چووبوون بۆ ڕووسیا و توانرا جارێکی دیکە یەک بگرنەوە**

کردووە. ئەزموونی جەنابی مستەفا بارزانی زۆر گەورەیە و زۆر بە لۆژیکانە هەوڵی داوە، بایەخی زۆر گرنگ بە هەندەران بدات و کورد وەك خۆی بە جیهان بناسێنێت.

*** ئێستا لە مۆسکۆ ئەوماڵەی مستەفا بارزانی کاتی خۆی تێیدا ژیاوە، کڕاوەتەوە و دووبارە نۆژەن کراوەتەوە و کراوە بە مۆزەخانە، ئایا چۆن ئەم کارە کراوە؟**

- لەسەر ئەم پرسە زۆر لە وردەکارییەکانی ئاگادار نیم، بەڵام ئەمە ئاپارتمانێکە کە کاتی خۆی جەنابی بارزانی لە ناویدا ژیاوە، دەوڵەمەندێکی کوردی ئێزدی بە ئاگاداریی بارەگای بارزانی ئەو ئاپارتمانەی کڕیوەتەوە و نۆژەنی کردووەتەوە و کردوویەتی بە دیارییەك بۆ مۆزەخانەی بارزانی لە مۆسکۆ.

*** باس لەوە دەکرێت، دوای دیدارەکەی مستەفا بارزانی لەگەڵ نیکتا خرۆشۆف، جەنابیان بواری ئەوەی بۆ ڕەخساوە سەردانی یەریڤان بکات، ئایا کە ئێوە سەردانی یەریڤانتان کرد، هیچ یادەوەرییەکی جەنابی مستەفا بارزانیتان بینی؟**

- وەك ئاماژەت پێکرد، دوای دیداری جەنابی بارزانی لەگەڵ خرۆشۆف، بارودۆخەکە نەك هەر بۆ جەنابیان بەڵکو بۆ ئەو پێشمەرگانەش باشتر بوو کە لەگەڵیدا چووبوون بۆ ڕووسیا و توانرا جارێکی دیکە یەك بگرنەوە. هەر لە دوای ئەم دیدارە سەردانی کوردانی ئێزدی لە یەریڤان کردووە و ڕادیۆی یەریڤانی بەسەر کردووەتەوە، ئێمە کە سەردانی یەریڤانمان کرد، لەوێ بۆیان باس کردین، کاتێك جەنابی بارزانی دەیەوێت سەردانی ئەوێ بکات و ڕادیۆی کوردی یەریڤان بەسەر بکاتەوە، سەردانی چەند گوندێکی کردووە ئەو شەقامەی بۆ گوندەکان چووە، باش نەبووە، بۆیە پێش ئەوەی بارزانی بگاتە ئەوێ، ئەو شەقامە چاك کراوەتەوە، بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکانی بارزانی بتوانێت بگاتە بەردەمی گوندەکان، هەتا ئێستاش لە یەریڤان بەو شەقامە دەگوترێت «شەقامی بارزانی»، ئێمە کە سەردانمان کرد، ئێستاش ئەو ڕادیۆ کوردییە هەر ماوە و لەوێ دیمانەیەکیان لەگەڵ کردین، سەردانی زانکۆی یەریڤانمان کرد، بەشێکی کوردی هەیە کە زۆر بچووکە و سەرچاوە و زانیاریی زۆر باشیان نەبوو، هەوڵمان داوە جۆرێك هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان زانکۆی یەریڤان و زانکۆی دهۆك دروست بکەین و بەنیازین «سەنتەری مستەفا بارزانی» لە زانکۆی یەریڤان بکەینەوە. هەروەها لە هەوڵی ئەوەداین بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی دهۆك پڕۆگرامی خوێندنی کوردی بۆ قوتابخانەکانی یەریڤان ئامادە بکەین.

*** لایەنێکی دیکەی فەرهەنگی کەلتووریی زۆر گرنگ هەیە کە هەقە زۆر بە جددی و بایەخەوە کاری لەسەر بکرێت، یەکەمیان ئێمە لەسەر ئاستی ڕەوەندی کوردستان نووسەری زۆر باشمان هەیە، ئایا هەوڵتان داوە بەرهەمەکانیان بۆ چاپ بکەن؟ دووەمیان ئێمە لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان نووسەری زۆر گەورەمان هەیە، ئایا بەرنامەتان هەیە کە ئەو بەرهەمانە وەربگێڕنە سەر زمانەکانی ئەوروپا، بەتایبەتی کە ئێستا لە ناو ڕەوەندی کوردستانی زمانزانی زۆر باشمان هەیە؟**

- سەبارەت بە چاپکردنی بەرهەمەکانیان، بەڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارە درێغی نەکردووە و زۆر هاوکارمان بووە، وەك فیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی هەوڵمان داوە بە شێوەی مەعنەوی زۆر هاریکارییان بکەین، خۆمان وێبسایتێکمان هەیە و بەرهەمی هەموو ڕەوەندی کوردستانی بێ جیاوازی بڵاو دەکەینەوە. سەبارەت بە خاڵی دووەمیش کە وەرگێڕانی بەرهەمی گەورە نووسەرانی کوردە بۆ زمانە جیاوازەکانی ئەوروپا، ئەوە وەك بیرۆکەیەکی جددی وەردەگرین و هەوڵ دەدەین کاری لەسەر بکەین.

*** بۆچی دەبێت کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی ئیمکانیەتی ئەوەندە کەم بێت کە نەتوانێت هەموو کارێکی پێویست ئەنجام بدات؟ هۆکارەکەی چییە؟**

- دەتوانم بڵێم لە بێ بەرنامەیی بووە، هەر بۆیە نەمانتوانیوە وەك ڕەوەندی نەتەوەکانی دیکە بۆ نموونە «ئەرمەن، ئیتاڵی، تورك، جوو و .. هتد» سەرمایە بگوازنەوە بۆ خۆیان، ئەوەشی ئاستەنگی سەرەکی بووە، ئەوەیە کە کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە. وڵاتێکی پارچە پارچە کراوین،

هیچ ناوەندێکی داراییمان نییە کە بتوانێت هاوکاری لە ڕەوەندی کوردستانی کۆبکاتەوە و بیکاتە بوودجەیەکی باش بۆ کۆنفیدراسیۆنەکە، ئێمە لە ناو ڕەوەندی کوردستانی لە هەندەران، بزنێسمانی زۆر و کۆمپانیای گەورەمان زۆرە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەوانیش هەر یەکەیان کار بۆ خۆی و حزبی خۆی دەکات، نەك پرسە گەورەکە کە نیشتمانی کوردستانە.

*** لەم ماوەیەی لە هەرێمی کوردستان دەبن، ئایا بەرنامەتان هەیە سەردانی زانکۆکانی کوردستان بکەن و کۆڕ و کۆبوونەوە لەسەر دیاسپۆرای کوردی بکەن، بۆ ئەوەی زیاتر بە کێشەکانی دیاسپۆرا ئاشنا بن؟**

- بێگومان ئەمە یەکێکە لە بەرنامەی ئەم سەردانەمان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەستمان کردووە، لەناو زانکۆ و ئەکادیمست و سیاسەتمەداران و پارتە سیاسییەکانیش، لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەزموونێکی گەورەمان لەگەڵ دیاسپۆرا هەیە و کەم ماڵی کوردستان هەیە، یەك یان دووکەسی لە دیاسپۆرا نەژین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆشیاری سەبارەت بە گرنگیی دیاسپۆرا لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە، نازانن چەند دەتوانرێت سوود لەم سەرمایە مرۆییە و ئەم سامانە نیشتمانییە بۆ پێشکەوتنی وڵات وەربگیرێت، تورکیا کە توانی بگاتە ئاستی ئەو ئابوورییە بەهێزەی هەیەتی، بە ڕێگەی ئەو دیاسپۆرایەی تورك بوو کە لە ئەڵمانیا و شوێنەکانی دیکە دەژیان، بەوەی خوێندنی بەرزیان تەواو کرد، فێری کارەکە بوون، ئەوجا لەگەڵ خۆیان خەڵکی شارەزا و پسپۆڕیان هێنایەوە و هەمان ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپایان لە تورکیا بونیاد نایەوە. بۆیە ئێمەش دەبێت زۆر باش لە بایەخ و گرنگیی دیاسپۆرای خۆمان تێبگەین. ئێستا بیرۆکەیەکمان هەیە کە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی کوردستان کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەسەر دیاسپۆرا بکەین، خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا لەسەر دیاسپۆرا بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگهێشت بکەین و بایەخی زیاتری پێ بدەین، هەروەها بەرنامەشمان هەیە سەردانی زانکۆکانی کوردستان بکەین و باسی گرنگی و بایەخی دیاسپۆرایان بۆ بکەین.






## کۆنفیدراڵیزم لە عێراقدا:

# گەڕان بەدوای سیستمێکی سیاسیی نوێدا



## ماریانا چارۆنتاکی

وانەبێژی باڵایە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی لینکۆڵن

بۆ گوڵانی نووسیوە

پێشهاتەکانی ئەم دواییەی سووریا و تورکیا، بابەتە پەیوەندیدارەکان بە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت و پێویستیی گرتنەبەری شێوازی بەدیلی حوکمڕانی وەك بەشێك لە پەرەسەندنی دەوڵەت زەق دەکەنەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە کەیسی عێراقەوە، ئەوا چیتر کورد جەوهەری پرسە سیاسییەکە پێك ناهێنن، چونکە دۆخی کورد لە ڕێی ددانپێدانان بە هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی دەستووری چارەسەر کراوە، بەڵکو پرسە بنەڕەتییەکە بریتییە لەو گرنگییە وجوودییەی کە لە دەستەبەرکردنی بەردەوامیی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەبدا (بە سوننە و شیعەوە) بەرجەستە دەبێت. تا ئێستا کورد و شیعە و سوننە لە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەتی عێراقدا هاوبەشێکی یەکسان نەبوون، ئەمە سەرباری هەوڵە دەستوورییە بەردەوامەکان بۆ گونجاندن و ئاسانکاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.

بەردەوام نەبوونی پرۆسەکان لە عێراقدا پاڵنەرێکن بۆ ئەوەی پەلە لە هەموارکردنی دەستووردا بکرێت، تاوەکو وردە وردە ئەو هاوکارییە لاوازەی لە ئارادایە بەهێز بکرێت، بەتایبەتی کە ئایندەی دەوڵەتی عێراق بەندە بە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەوە. پێناچێت سیستمی پشك پشکێنە کە پێکهاتە سەرەکییەکانی سیستمی ئێستای عێراق لەخۆ دەگرێت، کە بە زمانی عەرەبی پێی دەگوترێت «محاصصة طائفية». خۆی لە خۆیدا دەبێت چارەسەرێکی گشتگیر و یەکسانی لێ بکەوێتەوە، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە سیستمی سیاسیی عێراق پێکهاتە ئایینی و ئیتنییەکان لەبەرچاو نەگرێت، بەڵکو دەبێت پێکهاتەکانی وەك تورکمان، کلدوئاشووری، ئێزدی و کاکەیی و جووەکانیش ڕەچاو بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب (بە شیعە و سوننەوە) بە ئاستەنگی سەرەکی دادەنرێت لە بەردەم بنیادنانی دەوڵەتدا بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، کە ئەمەش گرێ دراوە بە بیرۆکەی شوناسەوە- کە مەرج نییە شوناسێکی نەتەوەیی بێت، هەروەها چەند فاکتەرێکی سەرەکیی دیکە هەن، کە لەمپەرن لە بەردەم پێکەوەژیانێکدا کە کۆدەنگی لەخۆ بگرێت، کە لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی سەروەرییە داڕووخاوەکەی و سیاسەتە مەرکەزییەکانی و ئەو ڕۆڵە مێژووییەی ئەم سیاسەتە هەیبووە لە دیاریکردنی پەیوەندیەکانی دەوڵەت بە پێکهاتەکانی لە کورد و شیعە و سوننەوە، ئەوا عێراق بە ئاسانی لەگەڵ ئەو چەمکە جێگیرانەدا ناگونجێت کە پەیوەستن بە بنیادنانی دەوڵەتەوە. بارگرژیی نێوان سیاسەتە مەرکەزییە توندەکان و بە نامەرکەزیکردنی دەسەڵات، کاریگەریی لەسەر داڕشتنی دەستوور لە عێراقدا هەبووە، پێدەچێت ئەو هەوڵانەی بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری دەدرێن، شتێکی زیاد بن، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە عێراق پێویستی بە چاکسازیی زیاتر هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی درێژخایەنی بە دامەزراوەییکردنەوە، کە بۆی هەیە دابەشکردنی عێراق بۆ هەرێمەکان و لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیکردنێکی سیانەیی و لەسەر بنچینەی ڕێککەوتنە کۆنکرێتنییەکان دژ بە مەیلە هەژمونخوازییەکان، هاوکار بێت بۆ ئەوەی دەوڵەت توانای مانەوەی هەبێت لە مەودای درێژخایەندا، ئەویش ئەگەر هەموو ئەم هەوڵانە هاوتەریب بن، بە ئامانجی دەستوورە هەموارکراوەکە و، وەك بەردوامبوون لە پرۆسەی پشتیوانیکردن لە گۆڕانکارییە دەستوورییەکاندا ئەنجام بدرێن، لەبری ئەوەی

**تا ئێستا کورد و شیعە و سوننە لە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەتی عێراقدا هاوبەشێکی یەکسان نەبوون، ئەمە سەرباری هەوڵە دەستوورییە بەردەوامەکان بۆ گونجاندن و ئاسانکاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان**

**بارگرژیی نێوان سیاسەتە مەرکەزییە توندەکان و بە نامەرکەزیکردنی دەسەڵات، کاریگەریی لەسەر داڕشتنی دەستوور لە عێراقدا هەبووە، پێدەچێت ئەو هەوڵانەی بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری دەدرێن، شتێکی زیاد بن**

**دەستتێوەردانە دەرەکییەکان ڕێگر بوون لە بەدیهێنانی پێکەوەژیانێکی بەردەوام لە نێو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا، بەو شێوەیەی کە لە دەستووردا دیاری کراوە**

**بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران و دواتر تورکیا لە عێراقدا هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی عێراق پتر ڕووبەڕووی دەستتێوەردانی زیاتری دەرەکی ببێتەوە**

**بەردەوامبوونی سیاسەتە مەرکەزییە سەپێندراوەکە لە دەرەوە و هەڵکشانی گوتاری پەیوەست بە عێراقێکی یەکگرتووە، بوونە هۆی چەسپاندن و درێژەدان بە تایفەگەری**

**دوای دەستتێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، بوار بۆ میلیشیاکانی سەر بە ئێران ڕەخسا، بۆ ئەوەی بوارێکی دیکەی دەستڕۆیشتوویی نادەوڵەتی لەم وڵاتەدا دروست بکەن**

تەنیا پەنا بۆ هەمواركردنەوە ببردرێت.

هەروەها دەستتێوەردانە دەرەکییەکان ڕێگر بوون لە بەدیهێنانی پێکەوەژیانێکی بەردەوام لە نێو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا، بەو شێوەیەی کە لە دەستووردا دیاری کراوە، لە هەمان کاتدا دەکرێت بە شێوەیەکی بەرهەمدار لە عێراق بڕوانرێت لەبەر ڕۆشنایی بوارە ناوخۆییە- مەحەلییەکەیدا، کە ئەم بوارەش جەخت دەکاتەوە لەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و هێزە سیاسییە بەشداربووەکان لە بنیادنانی دەوڵەتدا، لەگەڵ بواری ناوخۆیی- دەرەکی کە کاراکتەرە هەرێمایەتییەکان لە خۆدەگرێت، کە کار لەسەر دەوڵەتی عێراق دەکەن. ئێران وەك نموونەیەکی دەگمەنی قەواری دەوڵەت بەرچاو دەکەوێت، کە ئەو ڕۆڵەی هەیەتی لە ڕۆڵی دەوڵەتێکی دراوسێ تێدەپەڕێت، بەم شێوەیە هێڵی نێوان بواری ناوخۆیی و بواری هەرێمایەتی کاڵ دەکاتەوە- ئەمەش هاوشێوەی کاری کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکەیە کە سیاسەتەکانییان سرووشتی دەستتێوەردانییان لە دەوڵەتی عێراقدا تێپەڕاندووە.

لە ڕاستیدا عێراق نموونەیەکە لە دەستتێوەردانی دووانەیی، کە هەم دەوڵەت و هەم کاراکتەری نادەوڵەتی دەیگرنەبەر لە ئاستیدا، کە لەم ڕووەوە دوو جۆر لە دەستتێوەردان هەیە: یەکێکیان دەستتێوەردانی کاراکتەرە دەرەکییەکانە کە لە دەرەوەی ناوچەکەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەن و بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە پەلکێشکردنی هێز، یان هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر قەوارەی دەوڵەتێکی هەرێمایەتی هەبێت، بۆ نموونە دەستتێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق، دووەمیان پەیوەندیدارە بە هێزە محەلی، یان هەرێمایەتییەکانەوە، کە پەیوەندی، یان هاوپەیمانێتیی ناوخۆییان هەبێت، بە چەشنی تێوەگلانی ئێران لە کاروبارە سیاسی و ئەمنییەکانی عێراقەوە. هەرچۆنێك بێت، دەکرێت زۆرجار ئەم دوو دەستتێوەردانە یەك بگرن و لێك نزیك ببنەوە لە پەیوەندی بە دەوڵەت، یان کاراکتەری نادەوڵەتییەوە، بە چەشنی ئەوەی لە عێراقدا ڕووی داوە.

لە عێراقی دوای سەددام حوسێندا سوود و گونجاویی «دەستتێوەردان» مشتومڕی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەویش دوای ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی هەنگاو بە هەنگاو لە دەستتێوەردانەوە بۆ کۆدەنگی هاتە ئاراوە، کە لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتیی نێوان کاراکتەرە دەرەکییەکان و قەوارە محەلییەکاندا بەرجەستە بوو. عێراقی دوای داعش، چەند خەسڵەتێکی بەخۆیەوە بینی، هەر لە وەچەرخانی ڕوونەوە بە دوور لە بواردان بە دەستتێوەردانی دەرەکی بۆ کاریگەربوون لەسەر بونیادی دەوڵەتەکە، تاوەکو گرتنەبەری سیاسەتی سازشکردن لە بەشێك لەم خاڵە.

ئاشکرایە کورد و شیعە پشتیوانییان لە گۆڕینی ڕژێمی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە کرد، ئەویش وەك ستراتیژییەتێکی ڕزگارکردن و وەك هەوڵێك بۆ ڕاستکردنەوەی ناهاوسەنگییە نەتەوەییەکان کە بە هۆی سیاسەتەکانی بەریتانیاوە لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردودا هاتبوونە ئاراوە، لە هەمان کاتدا، پەرە درا بە سیاسەتی چاوپۆشیکردن لە دەستتێوەردانە هەرێمایەتییەکان لەلایەن ئێران و تورکیاوە. بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران و دواتر تورکیا لە عێراقدا هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی عێراق پتر ڕووبەڕووی دەستتێوەردانی زیاتری دەرەکی ببێتەوە.

دوای سەرهەڵدانی داعش لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٤، شیعەکانی عێراق کە بەرهەڵستیی سیاسەتەکانی دەستتێوەردانی ئەمریکایان دەکرد، تێڕوانینێکی جیاوازییان بۆ دروست بوو لەبارەی دەستتێوەردانی دەرەکی لە دەرەوەی ناوچەکەوە. تێگەیشتن لەوەی چۆن پرۆسەی پەرەسەندووی عێراق بووەتە هۆی دارشتنی ڕەوتە سیاسییەکەی، پێویست بەوە دەکات گرنگیی وجوودی بواری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیی دەوڵەتەکە لەبەرچاو بگیرێت. لە ڕاستیدا، بەردەوامبوونی سیاسەتە مەرکەزییە سەپێندراوەکە لە دەرەوە و هەڵکشانی گوتاری پەیوەست بە عێراقێکی یەکگرتووە، بوونە هۆی چەسپاندن و درێژەدان بە تایفەگەری. دوای دەستتێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، بوار بۆ میلیشیاکانی

سەر بە ئێران ڕەخسا، بۆ ئەوەی بوارێکی دیکەی دەستڕۆیشتوویی نادەوڵەتی لەم وڵاتەدا دروست بکەن، ئەم میلیشیایانەش وەك پارێزەری هەژموونگەرایی شیعە لە نێو سیاسەتی عێراقدا کار دەکەن، هەروەها ڕۆڵێکی هاوشێوەی سوپای پاسداران دەبینن کە پارێزەری ویلایەتی فەقیهە لە ئێران.

بنیادنانی دەوڵەت لە عێراقدا سەرکەوتنێکی سنووورداری بە خۆیەوە بینی بەهۆی نەگونجانی سیاسەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لەگەڵ یەکدا، هەروەها بەهۆی نەگونجانی پێداویستی و ئەولەوییەتە ناوخۆییەکانەوە. سەپاندنی دەسەڵاتێکی مەرکەزی لەلایەن سوننە و بە دوایدا لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کاریگەریی زیانبەخشی هەبووە لەسەر بوون و مانەوەی دەوڵەتەکە. لەبەر ئەوە مشتومڕێکی زۆر لەسەر پرسی شەرعییەت و ناشەرعییەت دروست بوو، ئەم ناکۆکییەش بواری دەوڵەتداریی تێپەڕاند و بە شێوەیەکی زیانبەخش دامەزراوەکانی وەك دادگای باڵای گرتەوە، کەواتە بەرژەوەندییە ناکۆك بە یەکەکانی کاراکتەرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان ئاستەنگی بەردەوام بۆ پرۆسەی بنیادنانێکی کارای دەوڵەت دروست دەکەن.

بەردەوامبوونی بیرۆکەی بە مەرکەزیکردن، ئیدی لە بەرژەوەندیی سوننە بێت یان شیعە، کێشەی چارەسەرنەکراوی بنیادنانی دەوڵەت لە عێراقدا لێك دەداتەوە. دەستتێوەردانی بەریتانی و ئەمریکا نەیانتوانی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە ڕێك بخەنەوە، ئەویش لەبەر خەسڵەتە جیاوازەکانیان و وردەکاریی هەڵکەوتە جوگرافییەکانیان، کە هەموو ئەمانەش دەگەڕێنەوە بۆ پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق.

پێداگریی ئەمریکا لەسەر دووبارەکردنەوەی هەمان ڕێچکەی بەریتانیا لە پەیوەندی بە تاکە شوناسێکی نەتەوەییەوە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نەرمی دەرەکیدا، بووە هۆی هێنانەئارای گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێزی ناوخۆییدا کە بواری ڕەخساند بۆ ئەوەی زۆرینەی شیعە جڵەوی حوکمڕانیی عێراق بگرێتە دەست، واتە ئەو پەیوەندییە ناوخۆییە سێ لایەنەی نێوان کورد و شیعە و سوننە کە هاتبووە ئاراوە، گۆڕدرا بۆ پەیوەندیی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان.

بەڵام بە شێوەیەکی ئیستیسنائی، جەختکردنەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر پرۆسەی داڕشتنی دەستوور بووە هۆی ئەوەی عێراق بتوانێت لە چوارچێوەیەکی پتر نەرمتردا بەرەوپێش بچێت، بۆ هێنانە ئارای ئەوەی کە دەکرا وەك دەوڵەتی عێراق دەربکەوێت، بەڵام تا ئێستا ئەوە سەلمێندراوە کە دروستکردنی شوناسێکی یەکگرتووی نیشتمانی ئەرکێکی مەحاڵە. ئەمریکییەکان ئەوەیان خستە ڕوو کە ئەوان بەراورد بە بەریتانییەکان، کەمتر بەرهەڵستیی بیرۆکەی لامەرکەزییەت دەکەن لە ڕێی خوڵقاندنی بوارێکی نادەوڵەتییەوە، ئەمەش بەرجەستە دەبێت لە ددانپێدانانی سیاسەتە ئەمریکی عێراقییەکان بە هەرێمی کوردستان، وەك کاراکتەرێکی بەهێز و کارلێککردنییان لەگەڵیدا، بەڵام ڕوونە کە سیاسەتی ئەمریکی لە کۆتاییدا لە ڕێچکە بەریتانییەکە دوور کەوتەوە، ئەوە بوو هەندێ لە سنووورە ناوخۆییەکانی ڕەنگڕێژ کرد، ئەویش لەسەر بنەمای پانتاییە کۆنفیدراڵییەکان و دروستکردنی هەرێمی کوردستان.

هەرچۆنێك بێت، گواستنەوەی وردە وردە لە دەستڕۆیشتوویی ناوخۆیی-دەرەکی (بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بۆ دەستڕۆیشتوویی ناوخۆیی-هەرێمایەتی (بۆ نموونە ئێران)، دەستپێکی قۆناغی سێیەم بوو لە دەستڕۆیشتوویی کە پەیوەندیی دەوڵەتی لەگەڵ پێکهاتەی کورد و شیعە و سوننەدا دیاری کرد. ئەمە هاوشان بە تێکشکاندنی سوپای عێراق- کە پێشتر بە بەربەستی بەردەم بنیادنانی دەوڵەت دادەنرا- کە دەرکەوت زیانبەخش بوو بۆ ئەو سیستەمەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا هاتە ئاراوە. سیاسەتی ئەمریکا بۆ بنیادنانەوەی سوپای عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ سەری کێشا بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی میلیشیاکان، یان هێزەکانی حەشدی شەعبی، کە لە بنەڕەتدا

**بەرژەوەندییە ناکۆك بە یەکەکانی کاراکتەرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان ئاستەنگی بەردەوام بۆ پرۆسەی بنیادنانێکی کارای دەوڵەت دروست دەکەن**

**ئەمریکییەکان ئەوەیان خستە ڕوو کە ئەوان بەراورد بە بەریتانییەکان، کەمتر بەرهەڵستیی بیرۆکەی لامەرکەزییەت دەکەن لە ڕێی خوڵقاندنی بوارێکی نادەوڵەتییەوە**

**سیاسەتی ئەمریکا بۆ بنیادنانەوەی سوپای عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ سەری کێشا بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی میلیشیاکان، یان هێزەکانی حەشدی شەعبی، کە لە بنەڕەتدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش دروست بوون**

**جیاوازیی نێوان سوپای عێراق و ئەوەی پێی دەگوترێت هێزە عێراقییەکان ڕوونە، ئەگەرچی ئەمەی دواییان ئەو گرووپانە لەخۆ دەگرێت کە هەندێکیان دڵسۆزن بۆ عێراق و هەندێکیشیان گرێدراوی بڕیار و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانن**

**تێگەیشتنە باوەکانی بنیادنانی دەوڵەت لە عێراقدا گرفتی بۆ پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب دروست کردووە، کە دوو قەوارەی تایبەتمەندن و خاک بووەتە سنووری جیاکەرەوەی نێوانیان**

بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش دروست بوون. حەشدی شەعبی بووە قەوارەیەکی سەربازیی بەهێز و خەسڵەتی سیاسی و سەربەخۆییەکی بەرچاوی بەدەست هێنا. کەوتنی مووسڵ لە ساڵی ٢٠١٤ سەری کێشا بۆ ئاوێتەکردنی میلیشیاکان لە هێزە چەکدارەکانی عێراقدا لە ساڵی ٢٠١٦، ئەویش دوای ئەوەی حەیدەر ئەل عەبادی پۆستی سەرۆك وەزیرانی گرتەدەست، درووستبوونی هێزی میلیشیایی بە دامەزراوەیی کرا و هاوشان بە سوپای عێراق بەربەستێکی دیکە بوو لە بەردەم بەرەوپێشچوونی سوپای عێراق، بە تایبەت لە ڕوانگەی پەیوەندیی حەشدی شەعبی بە دەستتێوەردانی تاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ڕاستیدا ئەم هەنگاوانە دەبێتە هۆی فەراموشکردن و کەمکردنەوەی توانای سوپا وەك کارئاسانیکارێك بۆ سیاسەتی دەرەوە، وەك ئەوەی لە ساڵانی دوای ٢٠٠٣دا بەدی کرا، کاتێك شیعە بووە هێزی باڵادەست دوای ئەوەی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی لە (حوزەیرانی ٢٠١٤) فەتوای دەرکرد بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لە دژی داعش، ئەم میلیشیایانەش کە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش دروست بوون، دواتر بوونە بەشێکی تایبەت لە سوپای عێراق.

کەواتە لادان لە ڕێڕەوی دروستکردنی سوپایەکی یەکگرتوو کە سەر بە دەوڵەت بێت و قۆرخکاریی هێز بکات و گرتنەبەری فۆرماتێکی ئاڵۆزی ئەو دامەزراوانەی ئەو کاراکتەرانە لەخۆ دەگرن، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن، پشکیان هەیە لە میکانیزم و ڕێکارە ئەمنییەکانی وڵاتەکەدا، هێندەی دیکە ئەو بونیادانە ئاڵۆز دەکەن کە لەئارادان. جیاوازیی نێوان سوپای عێراق و ئەوەی پێی دەگوترێت هێزە عێراقییەکان ڕوونە، ئەگەرچی ئەمەی دواییان ئەو گرووپانە لەخۆ دەگرێت کە هەندێکیان دڵسۆزن بۆ عێراق و هەندێکیشیان گرێدراوی بڕیار و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانن.

حەشدی شەعبی لە عێراقدا کاتێك لە ڕووی دەستوورییەوە ئیعتیرافیان پێکرا، گەیشتنە لوتکەی هەژموونگەرایی، دەستوور جیاوازییەکی بەرچاو دەکات لە نێوان سوپای عێراق و ئەوەی وەك هێزە عێراقییەکان لێیان دەڕوانرێت. کۆنترۆڵکردنی سوپا و سیاسەتی فیدراڵی لەلایەن شیعەوە کۆسپێك بوون لە بەردەم بنیادنانی دەوڵەتدا، کەواتە ڕوونە کە بە دامەزراوەییکردنی میلیشیا نادەوڵەتییەکان سەری کێشا بۆ دروستبوونی بونیادێکی ماددیی جیاواز کە لە چوارچێوەی سیستمی دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هاتبووە ئاراوە، ئەمەش لە ڕێی پەرتکردنی پرۆسەکانی هێزەوە لە نێویاندا لە بەغدا، ئاڵۆزیی زیاتری دروست کرد.

سیاسەت و میلیشیا پێکەوە قەیرانێکیان خوڵقاند کە بووە هۆی دروستبوونی خۆپیشاندانەکان لە بەغدا و لە باشوور، کە ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی سیاسەتمەتدارانی تەکنۆکراتی وەك موستەفا ئەل کازیمی و ئەل سوودانی. دەکرێت لە چەند ڕوویەکەوە لە سیستمی فیدراڵیی پووکاوەی عێراق و هەوڵەکانی بۆ بنیادنانی سیستمێکی یاسایی و دەستووریی تۆکمە -کە توانای بەدیهێنانی سەقامگیریی لە دەوڵەت و کۆمەڵگەکەدا هەبێت،- بڕوانرێت، وەك سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی ڕێکخراو لە ناوچە شیعەنشینەکانی دەوڵەت، هەر لە بەغداوە بۆ باشوور لە دوای ساڵی ٢٠١٥ەوە، خراپبوونی دۆخی ئەمنی لە ساڵی ٢٠١٨ەوە، کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی دەستووری، لەگەڵ مافەکانی پەیوەندیدار بە یەدەگی نەوت و غازەوە، هەروەها داواکارییەکانیان بۆ پشکیان لە بودجەی ساڵانەی دەوڵەتدا.

ئاشکرایە لە ئێستادا عێراق دوو قەوارەی دەستووری لەخۆ دەگرێت کە بە سنوورێك لە نێوان هەرێمی کوردستان و باقیی وڵاتدا دیاری کراوە. تێگەیشتنە باوەکانی بنیادنانی دەوڵەت لە عێراقدا گرفتی بۆ پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب دروست کردووە، کە دوو قەوارەی تایبەتمەندن و خاك بووەتە سنووری جیاکەرەوەی نێوانیان. ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی پەیوەست بە ئابووری و خاك و ئاسایش و دەستوور لە بەردەم گرتنەبەری ڕێگەی هێنانەئارای دەوڵەتێك کە قابیلی بەردەوام بوون و مانەوە بێت، وەك

بەربەستی سەرەکی دەمێننەوە. ئەگەرچی هێشتا بنیادنانی سیستماتیکی دەوڵەت لە عێراقدا بەدی نەهاتووە، بەڵام دەستووری تەواونەکراوەی ساڵی ٢٠٠٥ کە لەژێر سەرپەرشتیی ئەمریکا و لە دوای شەڕی ٢٠٠٣دا دارێژرا، بناغەی ئەم وەرچەرخانەی دارشتووە. دەکرێت چارەسەرەکە لە ڕێچکەیەکی پتر گشتگیردا بەرجەستە ببێت کە دەکرێت چەقی شرۆڤەکارییەکە لە سەنتەر جوگرافییەکانی هێزەوە بگۆڕێت بۆ کاراکتەرە سیاسییەکان، وەك ناوەندەکانی هێز کە بەشدارن لە پرۆسە پێویستەکاندا، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی سرووشتی سیاسەت لە عێراقدا کە لەسەر پەیوەندییە کەسییەکان بنیاد نراوە. دداننان بە ڕۆڵی کاراکتەرە نادەوڵەتییە شەرعییەکان لە دیاریکردنی ئەولەوییەتەکانی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا، کارێکی پێویستە بۆ تێگەیشتن و پەرەپێدانی پرۆسە فەرمی و نافەرمییەکان لەبەر ڕۆشنایی پێگەی هەرێمی کوردستاندا.

کۆنفیدراڵیزم و شێوازە جیاوازەکانی، ڕێگەیەکی لەبارن بۆ چارەسەرکردنی دژوارییە درێژخایەنەکانی بنیادنانی دەوڵەت و بەدیهێنانی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە لە نێو قەوارەیەکدا کە فرەیی ئیتنی تێدایە. پێدەچێت ئەو گوڕ و تینەی ئێستا لە عێراق هەیە تەنیادەرفەت بێت بۆ پێداچوونەوەیەکی تەواو بە دەستوور و لابردنی ئەو کێشانەی لەخۆی گرتوون لە دوای جێبەجێ نەکردنیەوە. یەکێك لە ئامرازە بەردەستەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پێداچوونەوەیەدا خۆلادانە لە پرسیاری ئەوەی عێراق چییە؟ بۆ پرسیاری ئەوەی عێراق نوێنەرایەتیی چی ناکات؟ پێدەچێت پرۆژەی بنیادنانی دەوڵەتی هاوچەرخی عێراق لەم بەرجەستەبوونەی ئێستایدا پڕ لە کەموکووڕی بێت، کە نەك تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە سووریا و ڕەنگە تورکیاش بوار بۆ گرتنەبەری جۆرێك لە کۆنفیدراڵی لە بواری حوکمڕانیدا هەبێت، کە ئەمەش تاکە چارەسەرە بۆ ئەم پرۆژە هەرێمایەتییەی لە ئارادایە و پەیوەستە بە بنیادنانی دەوڵەتەوە.

**ئەگەرچی هێشتا بنیادنانی سیستماتیکی دەوڵەت لە عێراقدا بەدی نەهاتووە، بەڵام دەستووری تەواونەکراوەی ساڵی ٢٠٠٥ کە لەژێر سەرپەرشتیی ئەمریکا و لە دوای شەڕی ٢٠٠٣دا دارێژرا، بناغەی ئەم وەرچەرخانەی دارشتووە**

**نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە سووریا و ڕەنگە تورکیاش بوار بۆ گرتنەبەری جۆرێک لە کۆنفیدراڵی لە بواری حوکمڕانیدا هەبێت، کە ئەمەش تاکە چارەسەرە بۆ ئەم پرۆژە هەرێمایەتییەی لە ئارادایە و پەیوەستە بە بنیادنانی دەوڵەتەوە**

ماریانا چارۆنتاکی، وانەبێژی باڵایە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی لینکۆڵن (سکوولی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان)، وەك بەڕێوەبەری یەکەی دیراساتی نێودەوڵەتیی کوردستان (٢٠١٦-٢٠١٩) لە زانکۆی لێستەر کاری کردووە، ئەندامی ئەنجومەنی ئەمیندارانی سکوولی لەندەن بۆ ئابووری و زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵەی دیراساتی نێودەوڵەتیی بەریتانییە و، بەشدارە لە ڕێکخستنی کۆمەڵەی کاری سیاسەتی نێودەوڵەتیی سەر بە کۆمەڵەی دیراساتی نێودەوڵەتیی بەریتانی، هەروەها هاوەڵی توێژینەوەیە لە زانکۆی سۆران (هەولێر، عێراق) و وەك ڕاوێژکار لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ئەسینا (یۆنان ٢٠١١-٢٠١٢) کاری کردووە. ماریانا لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا توێژینەوەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام داوە، هەروەها توێژینەوەی چڕی کاری مەیدانیی ئەنجام داوە لە ساڵی٢٠٠٧ـەوە تاوەکو ئێستا. توێژینەوەکانی پەیوەستن بە تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، شرۆڤەکاریی سیاسەتی دەرەوە و توێژینەوەی ناوچەکە بە چڕکردنەوەی سەرنجەکانی لەسەر کارلێکی نێوان دەوڵەت و قەوارە نادەوڵەتییەکان، هەروەها تێگەیشتنی تیۆری لەبارەی قەوارە نادەوڵەتییەکان و پێگەی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە. نووسەری چەندین کتێبە لە نێویاندا (کورد و سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ١٩٤٥ـەوە «ڕوتلێدج، ٢٠١١» و ئێران و تورکیا - بەشداریی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست «تای ب توریس، ٢٠١٨» و هاونووسەری کتێبی نەخشەسازیی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا «سپرینگەر، ٢٠٢٢»، توێژینەوەی لە چەندین گۆڤار بڵاو کردووەتەوە، لە نێویاندا (هارڤارد ئەنتەرناشناڵ ڕیڤیو، کامبریدج ڕیڤیو ئۆف ئنتەرناشناڵ ئەفێرز، ئنتەرناشناڵ پۆلەتیکس جۆرناڵ، سێرد وێڵد کوارتەرلی، بریتیش جورناڵ ئۆف میدڵ ئیسترێن ستەدیس و چەند گۆڤاری دیکە).

## ستوارت کۆفمان

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی دێلاوێر بۆ گوڵان:

# ڕەنگە ڕووسیا باڵادەست بێت بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ئەمریکاش دەست بەسەر گرینلاندا بگرێت

ستوارت کۆفمان، پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی دێلاوێر، تایبەتمەندی بواری ناکۆکیی ئیتنی، کاروبارەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نێودەوڵەتی و مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەر ئاستی جیهان دێنە ئاراوە، بە هۆی ئەو شێوازە ناوازە و نوێیەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ گرتوویەتەبەر.

# دیمانەی تایبەت



*** ئاشکرایە کە گرتنەدەستی دەسەڵات بۆ جاری دووەم لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە، دەستپێکی قۆناغ و سەردەمێکی نوێیە، نەك تەنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵکو لە تێکڕای جیهاندا، کە پێویستە سەرجەم وڵاتان خۆیان بۆ ئەم دۆخە نوێیە ئامادە بکەن، لێرەدا و بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم پرسە، دەمانەوێت لەوەوە دەست پێبکەین، کە لە تێڕوانینی ئێوەدا ئەولەوییەتەکانی دیپلۆماسییەتی ئەمریکا لە سایەی ئەم ئیدارەیەدا چین و، بە چ شێوەیەك هەلومەرجە نوێیەکە ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە سیستمە جیهانییەکەدا هاتووەتە ئاراوە؟**

- سەرەتا دەبێت لەوە ڕاستییەوە دەست پێبکەین کە ئەولەوییەتی سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترەمپ لە ماوەی کارکردنیدا، بریتی بووە لە پرسەکانی پەیوەست بە بازرگانی و کۆچبەران، لە پەیوەندی بە کۆچبەرانەوە سەرۆك ترەمپ جەخت دەکاتەوە لەسەر گوشار خستنەسەر مەکسیك و وڵاتانی ئەمریکای ناوەڕاست تاوەکو ڕێکاری پێویست بگرنەبەر بۆ ئەوەی ڕێگە بە کۆچبەری دیکەی نایاسایی نەدەن و، ئەو کەسانەش وەربگرن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیار دەدات، ڕەوانەی وڵاتەکانیان بکاتەوە. هەروەها پتر هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی کارێك بکات وڵاتی مەکسیك هاوکارییەکی کارای ئەمریکا بکات لە بواری بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاخبردنی ماددە هۆشبەرە نایاساییەکان. ئەولەوییەتە سەرەکییەکەی دیکەی بریتییە لە پرسی بازرگانی، کە هەمیشە لای دۆناڵد ترەمپ پێناسەی سەرکەوتن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بریتی بووە لە پارێزگاریکردن لە زیادەی بازرگانی»کە ئەمریکا بڕێکی زۆر کەمی بەدەست هێناوە». ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بووبێت کە لە ساڵی ٢٠١٦دا بە حەسرەتەوە ڕایگەیاند کە «چیتر سەرکەوتن

**هەمیشە لای دۆناڵد ترەمپ پێناسەی سەرکەوتن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بریتی بووە لە پارێزگاریکردن لە زیادەی بازرگانی»کە ئەمریکا بڕێکی زۆر کەمی بەدەست هێناوە»**

بەدەست ناهێنن». ئامرازی هەرە خوازراوی دەستی ترەمپ بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی وڵاتەکەی بریتییە لە سەپاندنی ڕسوماتی گومرگی، کە تائێستا گەورەترین هاوبەشە بازرگانییەکانی ئەمریکا، چین، مەکسیك، کەنەدا، بوونەتە ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێکارە (سەپاندنی ڕسوماتی گومرگی). با ئەوەش لە یاد نەکەین کە ترەمپ گوزارشتی لە خواستی خۆی کردووە بۆ بەرفراوانکردنی خاکی وڵاتەکەی، کە ڕایگەیاندووە: گرینلاند و کەرتی غەززە بەدەست بهێنێت و دەست بەسەر ناوچەی زۆنی کەناڵی پەنامادا بگرێت.

*** بەڵام ئەم شێوازەی ترەمپ کە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی وڵاتەکەی گرتوویەتەبەر، کاردانەوە و پەرچەکرداری وڵاتانی لێکەوتووەتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ترەمپ دەتوانێت بەردەوام بێت لەسەر گرتنەبەری ئەم ڕێگەچارەیە و ئایا درێژەی پێ دەدات؟**

- لە ڕاستیدا هێشتا زووە ئەوە یەکلا بکەینەوە کە ئایا بەردەوام دەبێت لەسەر هەوڵەکانی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، کە زۆر ڕێی تێناچێت بتوانێت بەدەستیان بهێنێت، بەڵام لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە ئەولەوییەتێکی دیکەی ترەمپ بکەم، کە لە ڕاستیدا ئەمە خواستێکی لەمێژینەشیەتی، ئەویش بریتییە لە باشترکردن و برەودان بە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ڕووسیادا، هەر ئەمەش هۆکار، یان پاڵنەری ئەوەیە کە بەو شێوەیە گوشار لەسەر ئۆکرانیا دەکات، چونکە بۆی هەیە بیەوێت کۆبوونەوەیەکی لووتکە لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا «ڤلادمیر پوتین» ئەنجام بدات.

*** کەواتە با پرسیارەکەمان گرێ بدەینەوە بە کۆتایی وەڵامەکەتانەوە، ئێوە باس لە خواستی ترەمپ دەکەن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ڕووسیا و، دەیەوێت کۆبوونەوەی دووقۆڵی لەگەڵ پوتیندا ئەنجام بدات، کەواتە تا ئێستا ئەو گۆڕانکارییانە چین کە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەدا دوای دەستەبەکاربوونی ترەمپ هاتوونەتە ئاراوە؟ ئایا ئەمە دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی دەبێت لەسەر ئاسایشی جیهانی، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە؟**

- پێدەچێت سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ ئەوە بێت کە هەڵوێستی ڕووسیا تەبەنی بکات لە کۆمەڵێك پرس و بابەتدا و، ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونی ئەم حاڵەتەشمان لەوەدا بەدی کرد، کە ترەمپ ئۆباڵ و بەرپرسیارێتی داگیرکارییەکەی ڕووسیای خستە ئەستۆی ئۆکرانیا خۆی، تەنانەت سەرۆکی ئۆکرانیا (ڤلۆدۆمیر زیلینسکی)ی بە دیکتاتۆر ناوزەد کرد. دواتر ئێوە بڕوانن کە ئیدارەکەی دۆناڵد ترەمپ هاوکارییە ئابووری و مرۆیی و سەربازییەکانی بۆ ئۆکرانیا کەم کردووەتەوە و، ڕەنگە چاوی لەوەش بێت هەر بە یەکجارەکی کۆتایییان پێ بهێنێت. بە دڵنیاییەوە، ترەمپ بڕیاری دابوو لە ڕێی بانگهێشتکردنییەوە بۆ کۆشکی سپی، سووکایەتی بە زینیلینسکی بکات و داواکاری سەرشۆڕپێکەرانەی بەسەردا بسەپێنێت، تەنانەت قسەی بریندارکاری پێ بڵێت و دواتر دەری بکات لە کۆشکی سپی. ڕەنگە ڕووسەکان بە ئاشکرا خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیبێت بەم هەڵسوکەوتانە. لە میانەی گرتنەبەری ئەم هەنگاو و کردارانەشدا دەتوانین بڵێین کە لە دوای ڕازیکردنی هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٨دا لەلایەن بەریتانیا و فەڕەنساوە، ئەوا ترەمپ لە خراپترین کرداری ڕازیکردنی دیکتاتۆرێکی دەستدرێژکارەوە تێوەگلاوە، واتە دەستی بە پرۆسەی دەستهەڵگرتن لە هەڵوێستە جیۆپۆلەتیکییە بنەڕەتییەکە هەڵگرتووە، ئەویش بریتییە لە ڕایەڵەی هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ هاوبەشەکانی لە ناتۆ، کە پێشتر ئەم هاوپەیمانێتییە مایەی گومان و دوودڵی نەبوو.

*** بەڵام بە تێڕوانینی ئێوە ئەم هەڵوێست و سیاسەتانەی ئیدارەی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چ کاریگەرییەکی دەبێت لە ئەدا و لەسەر خودی ناتۆ، ئایا پێت وایە ناتۆ دەتوانێت بە بێ ئەمریکا بتوانێت وەك پێویست ئەرکەکانی ئەدا بکات؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە بە بێ پابەندبوونی ئەمریکا، ناتۆ تەنیا بەشە ئەوروپییەکەی لێ دەمێنێتەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەورووپا توانای سەربازیی نییە بۆ ئەوەی وەك پێویست ئاسایش دەستەبەر بکات و بەدەستی بهێنێت، تەنانەت بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتی خۆیشی، بە دیاریکراوی «وڵاتانی بەڵتیك»، ئەمە ئەگەر هەر باسی ئۆکرانیا نەکەین. چاوەڕێ ناکرێت ئەم دۆخەش سەربکێشێت بۆ ئاشتی، بەڵکو دەبێتە

**ئیدارەکەی دۆناڵد ترەمپ هاوکارییە ئابووری و مرۆیی و سەربازییەکانی بۆ ئۆکرانیا کەم کردووەتەوە و، ڕەنگە چاوی لەوەش بێت هەر بە یەکجارەکی کۆتاییان پێ بهێنێت**

**ترەمپ بڕیاری دابوو لە ڕێی بانگهێشتکردنییەوە بۆ کۆشکی سپی، سووکایەتی بە زینیلینسکی بکات و داواکاری سەرشۆڕپێکەرانەی بەسەردا بسەپێنێت**

**لە دوای ڕازیکردنی هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٨دا لەلایەن بەریتانیا و فەڕەنساوە، ئەوا ترەمپ لە خراپترین کرداری ڕازیکردنی دیکتاتۆرێکی دەستدرێژکارەوە تێوەگلاوە**

**دۆناڵد ترەمپ پێی وایە ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدات و ئەو بڕیارانەی دەریان دەکات، دەبنە هۆی ڕاستکردنەوەی کورتهێنانی بازرگانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

هـۆی ئـەوەی شـەڕی ڕووسـیا لـە دژی ئۆكرانیـا دڕندانەتر بێت، کە لـە بنەڕەتدا ئـەم شەڕە بۆ ئەوە بـوو ئۆكرانیا بـە تەواوەتـی چـۆك دابـدات.

*** بـەڵام ئەگـەر بـە تەواوەتـی جڵـەوی ڕووسـیا نەکرێت لـەم شـەڕەدا، کـە پێدەچێت ئەمـە ڕێچکـە و سیاسـەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بێت، ئایا پێتان وانییە ڕووسیا لـە پێگەیەکی باشتردا دەبێت و بـەو شێوەیە پتر دەبێتـە مایـەی مەترسی و هەڕەشە بۆ سـەر وڵاتانی ئەوروپا؟**

- ئـەم دۆخـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ڕووسـیا داواكاریـی زیاتـر بەسـەر ئەوروپایەکـی ترسـاو و تۆقیـودا بسـەپێنێت، ئەمـەش بـە واتـای هەلومەرجێـك دێتـە ئـاراوە کـە ڤلادمیـر پوتیـن باڵادەست بێت بەسـەر ڕۆژهەڵاتـی ئەوروپـا و، لـە هەمـان کاتـدا ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکاش دەتوانێـت دەسـت بگرێـت بەسـەر گرینلانـددا، بـە دڵنیاییـەوە ئەمـەش دەرئەنجامێکـی تاکلایەنـە دەبێت کـە تاکـە سـەرکەوتوو تێیـدا پوتیـن دەبێـت.

*** ئەگـەر بـاس لـە دروشـمی ئیـدارەی ترەمـپ بکەیـن، کـە ئەمریـکای کردووەتـە ئەولەوییەتـی سـەرەکی، ئایـا پێتـان وایـە ئـەم ڕێچکەیـە چ کاریگەرییەکـی هەبـووە لەسـەر ڕێککەوتننامـە و شـەراکەتە بازرگانییـە نێودەوڵەتییـەکان؟**

- دەبێـت لێـرەدا ئـەوە بڵێیـن کـە دۆناڵـد ترەمـپ



پێـی وایـە ئـەو کارانـەی ئەنجامیـان دەدات و ئـەو بڕیارانـەی دەریـان دەکات، دەبنـە هـۆی ڕاسـتکردنەوەی کورتهێنانـی بازرگانیـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا کار و کردەوەکانی لـەم ڕووەوە دەبنـە هـۆی تێکشـکاندنی سیسـتمی بازرگانیـی نێودەوڵەتـی، کـە لەسـەر ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانـی و ڕێسـاکانی بنیاد نـراوە. کـە حاڵـی حـازر ڕێکخـراوی بازرگانیـی جیهانـی لەلایـەن وڵاتـی چینـەوە لاواز کـراوە کـە چیـن ڕێسـاکانی پێشـێل دەکات، لەلایەکـی دیکـەوە سیاسـەتەکانی هـەردوو ئیـدارەی جۆ بایـدن و دۆناڵد ترەمـپ لـە ڕێگریکـردن لـە توانـای ئـەم ڕێکخراوە بۆ گرتنەبـەری میکانیزمەکانـی کارکردنـی، هێنـدەی دیکـە بووەتـە هـۆی لاوازکردنـی ئـەم ڕێکخـراوە.

شکسـتێکی سـتراتیژی دێـت بـۆ بەرژەوەندییەکانـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، هەروەهـا دەبێتـە سـەرکەوتنێکی مـەزن بـۆ هێـزە تاکـڕەو و دەستدرێژیکارەکان بە سەرکردایەتی ڤلادمیر پوتین.

*** بـەڵام ئەگـەر ئـەم دۆخەکـە بێـت، پێتان وایـە بۆچـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، و بـە دیاریکـراوی خـودی سـەرۆکی ئـەو وڵاتـە دەیەوێـت بـەم ئاراستـەیەدا هەنـگاو بنێـت، کـە لـەم ڕووەوە ڕووبـەڕووی چەندیـن ڕەخنـەش بووەتـەوە؟**

- لە ڕاسـتیدا هەندێ لـە شرۆڤەکاران پێیـان وایـە ئەو کارەی دۆناڵد ترەمپ دەیکات و ئەو سیاسـەتەی لـەم ڕووەوە دەیگرێتەبـەر، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئـەم دۆخـە خراپتـر بێـت، کـە دەچێتـە پـاڵ پوتیـن بـۆ دەستدرێژیکردنەسـەر ئەوروپـا، لـەم سـیناریۆیەدا



**د. هومام ئەلشەماع**

**گەورە ئابووریناسی عێراقی و ئوستادی ئابووریی دارایی بۆ گوڵان:**

# فیدراڵییەت و دەستوور نەچەسپێنراون لە عێراقدا و دژایەتییەکی توندی کورد بەردەوامە

# هاتنی ترەمپ و گۆڕانکاری لە هەژموونی هێز لە ناوچەکەدا کورد دەکاتە کاراکتەرێکی کاریگەر و ڕۆڵی ئەرێنیی دەبێت

**لێکتێگەیشتن و یەکلاکردنەوەی پرسە سەرەکییەکانی ئابووری و دارایی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە ڕوانگەی دەستوور و تێگەیشتن بۆ فیدراڵییەت، بە یەکێك لەو گرفت و ئاستەنگانە دادەنرێت، کە عێراق بەدەست کۆمەڵێك هێزی شۆڤێنی و قین لەدڵەوە تووشی بووە و زیانی گەورەیان لەگەلانی عێراق و هەرێمی کوردستان داوە. گۆڤاری گوڵان بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە دیدارێکی لەگەڵ د. هومام ئەلشەماع گەورە ئابووریناسی عێراقی و شارەزا و پسپۆڕی ئەکادیمی لە بوارەکانی ئابووریی دارایی و پەرەپێدان و نەوت ساز دا، کە لە چەندین پۆستی گرنگی وەکو یاریدەدەری ئەمینداری گشتیی یەکێتیی ئابووریناسانی عەرەب و ڕاوێژکاری وەزیری دارایی و نەوت و پیشەسازیی و سەرۆکی زانکۆی «الکتاب» بووە، لە ئێستاشدا ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕیی بانکی کوردستانی ئیسلامیی نێودەوڵەتییە.**

*** عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم وەرچەرخانێکی گەورە و مێژووییدان، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و کەمبوونەوەی هەژموونی ئێران و گۆڕانکاری لە نەخشەی هێز لە ناوچەکەدا. ئایا لە ڕوانگەی ئابوورییەوە تاچەند هێزە سیاسییەکانی عێراق و حکومەتی ناوەندی کاریان لەسەر شێوازی مامەڵە و ئامادەکارییان بۆ ئەم گۆڕانکارییانە کردووە؟**

- عێراق لە ئێستادا ناچارە و دەبێت ڕەچاوی ویست و خواستەکانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بکات، بەڵکو ئەرکی سەر شانیەتی بە گوێی داواکارییەکان و کار و کردەوە و سیاسەتە نوێیەکانی ترەمپ بکات، بەتایبەتی لە بواری بەڕێوەبردنی ئابووری و داراییەوە، هیچ ڕێگا و هەڵبژاردنێکیشی جگە لەمە لەبەردەمدا نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران و گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئەو وڵاتە، جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش هەر وا ئاسان نییە، لە کاتێکدا لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لە دەسەڵاتدان و گرێدراوی ئێرانن و بەپێی ویست و ئەجندەی ئەو وڵاتە هەڵسوکەوت دەکەن. بۆیە ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە دەبێت عێراق دەستبەرداری هێنانی غازی ئێرانی و فرۆشتنی بە قاچاخی نەوتی ئەو وڵاتە و ئاودیوکردنی دۆلارەکەی بێت، ڕەنگە ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی کۆتایی ئەو میراتییەش بێت کە سەرجەم حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە تاکو ئێستا لە خزمەتی ئێران و ئابوورییەکەی بوون، هەمووشی لەسەر حیسابی باروبژێویی گەلانی عێراق و ئابووری و دارایی عێراق بووە. خۆ ئەگەر ئەم لایەنە سیاسییانەی عێراق، ئەم گۆڕانکارییە نوێیانە و واقیعە تازەیەیان بۆ هەزم نەکرێت، ئەوا دەبێت خۆیان بۆ زنجیرە سزایەکی یەك لەدوای یەك ئامادە بکەن، کە دواجار دەبێتە هۆی ڕووخانی ڕژێمی سیاسی و دارمانی حکومەتی عێراق.

**ئەگەر هێزە سیاسییە شیعەکان گوێڕایەڵی ویست و داواکارییەکانی ئیدارەی ترەمپ نەبن، دەبێت خۆیان بۆ زنجیرەیەک سزا و دارمانی ڕژێمی سیاسی و حکومەت ئامادە بکەن**

*** لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا وەکو شارەزایەکی دارایی و نەختینەیی پێشبینی**

**دەبێت عێراق دەستبەرداری هێنانی غازی ئێرانی و فرۆشتنی بە قاچاخی نەوتی ئەو وڵاتە و ئاودیوکردنی دۆلارەکەی بێت**

**لە هەموو حاڵەتێکدا حکومەتی عێراق دەبێت خۆی وەکو دەوڵەت بسەپێنێت، نەوەکو لایەنێکی بێلایەن لەنێوان دەوڵەت و ئیرادەی میلیشیاتە چەکدارەکان کە پابەندن بە ئیرادە و ئەجندەی ئێرانییەوە**

**حزب و هێزی سیاسیی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە و عێراق ڕق و کینی زۆریان دژی هەرێمی کوردستان و گەلی کورد هەیە**

**دەکەیت، لە حاڵەتی گوێنەدانی عێراق بە هۆشداریی و داواکارییەکانی ئەمریکا بابەتی سزای دارایی و بانکی لەسەر حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی جێبەجێ بکرێت؟**

- ئیدارەی نوێی ترەمپ ئەگەر بزانن بۆ فشارخستنە سەر بەغدا چیتر دۆلار ئاودیوی ئێران ناکرێت و بەغدا ناچار دەبێت پابەندی سەپاندنی گەمارۆکەی سەر ئێران بێت، ئەوا پەنا دەبەنە بەر کەمکردنەوەی ناردنی دۆلاری ئەمریکی بۆ عێراق، بە کەمبوونەوەی خستنەڕووی دۆلاری کاش بەهاکەی لە ناوخۆی عێراقدا بەرز دەبێتەوە و چیتر بۆ ئێران سوودی نامێنێت ئاودیوکردنی دۆلارەکە، هەروەها دەتوانرێت ڕێگا بە عێراق نەدرێت بۆ بەکارهێنانی یەدەگی دراوی، بەتایبەتی ئەو یەدەگە دراوەی عێراق کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیەتی، چەندین ئیجرائاتی دیکەش هەیە واشنتۆن دەتوانێت دژی حکومەتی عێراق جێبەجێی بکات. لە هەموو حاڵەتێکدا حکومەتی عێراق دەبێت خۆی وەکو دەوڵەت بسەپێنێت، نەوەکو لایەنێکی بێلایەن لەنێوان دەوڵەت و ئیرادەی میلیشیاتە چەکدارەکان کە پابەندن بە ئیرادە و ئەجندەی ئێرانییەوە.

*** هەوڵەکانی پەکخستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەو هێزە میلیشیا عێراقییانەوە لە ڕێگای بوودجە و مووچە و نەدانی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم و نەوتەوە، تا چەند دەچێتە قاڵبی شەڕفرۆشتنی شۆڤێنی و دەستتێوەردانی دەرەکییەوە؟**

- تا ئێستا حزب و هێزی سیاسیی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە و عێراق ڕق و کینی زۆریان دژی هەرێمی کوردستان و گەلی کورد هەیە. بەخیلیان بەو دەستکەوت و کارانە هەیە کە هەرێم بەدەستی هێناون، ئەم ڕق و کینەیەشیان زیاتر بووە، کاتێك خۆیان نەیانتوانیوە خەڵکی هەژاری عێراق لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق لەو نەهامەتی و هەژاری و بێکاری و وێرانبوونی شارەکان ڕزگار بکەن. لەوێ تادێت شارەکان بووەتە زبڵدان و دواکەوتەیی، لەلایەکی دیکەوە لەهەر یەك لە وڵاتەکانی ئێران و تورکیا کێشەی کورد هەیە و نایانەوێت کورد لە عێراق بە مافەکانی خۆی بگات، نەوەکو لەوێش داوای ئەو مافانە بکرێت و دیانەوێت بەردەوام هەرێم وەکو ئەزموونێکی شکستخواردوو نیشانی کوردانی خۆیان بدەن. تەنانەت ئەم هێزە قین لەدڵانە ئاستەنگ بۆ هەوڵەکانی محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقیش دادەنێن. ئەم هێزە سیاسییانە دژی نموونەیەکی دیموکراتی و پێکەوەژیان و هەرێمێکی ئاشتیخوازی فیدراڵیین، کە بە پێچەوانەی بیر و هزری توندڕەویی شۆڤێنی ئەم هێز و گرووپانەیە، هەرگیز ئەم هێزە میلیشیاتانە دەربڕی هەست و خواستی عێراقییەکان بە شیعە و سوننەوە نین، کە عەرەبە نیشتەجێبووەکانی هەرێم و گەشتیاران و ڕێبوارانی ناوچەکانی دیکەی عێراق لەکاتی گەشتیاندا بۆ هەرێم بە ڕوونی ئاستی جیاوازییەکەی نێوان شارەکانی هەرێم و شارەکانی خۆیان لە ئاوەدانی و ئارامی دەبینن. کەچی ئەوان ئیرەیی بە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان دەبەن و نیگەرانن لەوەی کوردستان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و ڕێگا ڕاست و دروستەکەی پەرەپێدان هەنگاو دەنێت.

*** ڕەنگە کێشەی سەرەکیی ئەم هێزانە لە عێراقدا سەنتراڵییەکی توند بێت. ئایا چۆن بتوانین هەنگاو بەرەو سیستمی لامەرکەزی بنێین و دەربازی عەقڵیەتی مەرکەزیی توند و سڕینەوەی مافی پێکهاتەکان و دەستبەرداری بەپەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان بن؟**

- مەرکەزییەت بە میراتی بۆ زۆر لە عێراقییەکان ماوەتەوە و فیدراڵییەت تاکو ئێستا نەچەسپاوە. لە هزر و بۆچوونی زۆر شرۆڤەکار و سیاسەتمەداری عەرەبدا مەرکەزییەت خوازی هەیە، کاتێکیش سیاسەتی مەرکەزی لەلایەن حزبەکانەوە پەیڕەو دەکرێت و دەگوازرێتەوە بۆ حکومەت و بەسەر سوودانیدا دەسەپێنرێت، بەتایبەتی لە بابەتی دارایی و مووچە و بوودجە و نەوتدا، بۆیە ئەمیش لەترسی لەدەستدانی کورسی و دەسەڵاتەکەی ناچارە بە گفتوگۆش بێت، هەرێم ڕازی بکات، وەکو کیانێکی فیدراڵی و سەربەخۆ لە مەرکەز هەڵسوکەوت نەکات، بەتایبەتی کە کەموکووڕی لەو دەستوورەی عێراق هەیە، کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەنگی لەسەر درا. دەستوور بە ئیجتیهاداتی هەر پێکهاتەیەك (شیعە، سوننە، کورد) خوێندنەوەی جیاوازی

بۆ دەکرێت، هەروەکو چۆن لەپرس و بابەتی بوودجە و نەوت بە ڕوونی ئەم کەموکووڕییە دەردەکەوێت.

*** گفتوگۆکانی هەناردەکردنەوەی نەوت لەنێوان هەر سێ لایەنی وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێم بەردەوامی هەیە، هەڵسەنگاندنت بۆ ئەو دۆخە چییە؟**

- حکومەتەکەی عێراق لەژێر فشاردا ناچارە بە خێرایی وای نیشان بدات، ئامادەیی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانی تێدایە، بێ ئەوەی ئامادە بێت بکەوێتە ناو وردەکارییەکانی ماف و شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکان و چۆنیەتی ڕێکەوتن لەسەر وردەکاریی و بابەتە تەکنیکییەکان و پرسی پشکی هەرێمی کوردستان لە زۆر بابەتی وەکو دابینکردنی سووتەمەنییەکانی نەوت و بەنزین و گازوایل و غازی ماڵان و چەندین بواری دیکە. لەگەڵ ئەمەشدا من ئومێدم هەیە، هەرێم بتوانێت لەگەڵ ئەم کۆمپانیانە گفتوگۆ بکات و پرسەکە بەرەو چارەسەری ڕیشەیی و بنەڕەتی ببرێت. خۆ لە دەستووردا هاتووە و وشەی هەرێم بە ڕوونی دیارە زیاد کراوە، کاتێك دەڵێت «نەوت و گاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە لە هەموو پارێزگا و هەرێمەکان»، ئەمە جگە لەوەی هەر لەم دەستوورەدا هاتووە کە ئەو کێڵگە نەوتە تازانەی دەدۆزرێتەوە و وەبەرهێنانی تێدا دەکرێت، بە هاوبەشی لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکانە، ئەمانە هەمووی لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە و دەبێت هەرێم پێداگری تێدا بکات، بەڵام هەر لەبەر ئەو هەستە شۆڤێنی و عەقڵییەتە مەرکەزی و ئەجێندە دەرەکییە وای کردووە، بڕیاردان لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و تەنانەت هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نەبێت، کە من دڵنیام تاوەکو وەرچەرخانێك لە عێراق و ناوچەکەدا ڕوونەدات، ئەم دژایەتییەی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت، ئەمانە ئەجندەی دەرەکیی هەرێمیان هەیە، بەڵام بە هاتنی ترەمپ بۆ سەر حوکم و گۆڕانکاری لە هەژمونی هێز لە ناوچەکەدا، دووبارە نەخشەیەکی سیاسیی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەبێت و کورد کاراکتەرێکی کاریگەر و ئەرێنی دەبێت و بەشدارییەکی کارا و بەهێزی لە ناوچەکەدا دەبێت، ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ پاڵپشتیکردنی کورد لە ناوچەکەدا بەرز دەبێت و کوردەکان بە ئاشتی بەرەو بەدەستهێنانی بەشێك لە مافە نەتەوەییەکان دەڕۆن.

*** یەکێك لەو ڕێگایانەی کورد ڕزگار دەکات لە شەڕی ئابووری و گەمارۆ و بڕینی بوودجە بابەتی فرەچەشنکردنی ئابوورییە، ئایا تاچەند ئەم سیاسەت و ستراتیژییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەقۆناغی داهاتوودا پێویستە؟**

- فرەچەشنکردنی ئابووری بەتایبەتی هەنگاونان بەرەو پیشەسازیی پترۆکیمیایی و پیشەسازیی پاڵاوتگە و کارەبا و وزە هەنگاوە ڕاست و زانستییەکەی دەربازبوونە لە گەمارۆی ئابووریی بەغدا و شەڕی ئابووری دژی هەرێمی کوردستان، چونکە لەبری ئەوەی نەوتەکەی هەرێمی کوردستان تەسلیمی سۆمۆ بکرێت و بەردەوام شەڕ و دیالۆکی گەڕانەوەی مافە شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکان بکەن، هەنگاو بەرەو بونیادنانی پەرەپێدانی بەردەوام و بووژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان دەنێین و هەلی کار بۆ گەنجەکانمان دابین دەکەین و چیتر ئەوەندە پێویستیمان بە بەغدا نابێت، چونکە پیشەسازیی پترۆکیمیایی هەرێم کە زۆر بە بەهاترە لە هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە و هەرێمی کوردستان ڕزگار دەکات لە ئەگەری کۆنترۆڵکردنی ئەم سامانە گرنگەی لەلایەن کۆمپانیای سۆمۆ و ئەو هێزانەی کە باسمان کرد، کە خێریان بۆ هەرێمی کوردستان ناوێت. لەلایەکی دیکەوە دەبێت بە زووترین کات پێش ڕوودانی گۆڕانکارییەکان لە عێراقدا حکومەتێکی تەکنۆکرات و دوور لە پشك پشکێنەی حزبەکان دابمەزرێت، بە بەشداریی هەموو پێکهاتە مەسیحی و تورکمانی و تەنانەت کەسایەتیی تەکنۆکراتی عەرەبیش، بەمەش سەقامگیریی پرۆسەی سیاسی و کاروانی ئاوەدانی و ئارامی لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە دەبرێت و هاندەریش دەبێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی عێراقی و عەرەبی.

**لەهەر یەک لە وڵاتەکانی ئێران و تورکیا کێشەی کورد هەیە و نایانەوێت کورد لە عێراق بە مافەکانی خۆی بگات**

**دڵنیام تاوەکو وەرچەرخانێک لە عێراق و ناوچەکەدا ڕوونەدات، ئەم دژایەتییەی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت**

**ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بۆ پاڵپشتیکردنی کورد لە ناوچەکەدا بەرز دەبێت و کوردەکان بە ئاشتی بەرەو بەدەستهێنانی بەشێک لە مافە نەتەوەییەکان دەڕۆن**



# ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا




پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت فاکتەرێکی سەرەکییە لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی دۆزینەوەی دەرفەتی کار و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام، بەمەش پشتگیریکردنی هەرێم لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکان و چەسپاندنی سەقامگیریی سیاسی. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، پێویستە حکومەت ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیر دابین بکات، هاندانی دارایی پێشکەش بکات و توانای مرۆیی بەهێز بکات، تا کەرتی تایبەت بکاتە بزوێنەرێکی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەدیهێنانی سەقامگیریی ئەمنی و سیاسی.

بەو پێیەی کەرتی تایبەت یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی بەدیهێنانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەردەوام لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە هەرێم بە جددی و دڵسۆزانە هەوڵ بدات بۆ هاندانی ئەم کەرتە و پشتگیریی لێکردنی و دەرفەتی بۆ بڕەخسێنێت تا ڕۆڵی خۆی لە سەقامگیری و گەشەی ئابووریی نیشتمانیدا بگێڕێت، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان ئێستا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئالنگاریی ئابووری و دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بووەتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**هەرێمی کوردستان ئێستا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئالنگاریی ئابووری و دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بووەتەوە**

١- ئالنگارییە ئابوورییەکان:

جگە لە کەڵەکەبوونی نەرێنییەکانی پێشوو بەهۆی پشتبەستن بە داهاتی نەوت و پشتگوێخستنی کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتوگوزار و.. هتد، کە بووە هۆی قەیرانی دارایی بە هۆی ناجێگیریی نرخی نەوت و گوشارە هەرێمییەکان، بۆیە دۆخەکە خراپتر بوو بەهۆی بێبەشکردنی هەرێم لە هەڵسوکەوتکردن بە سامانەکانی خۆی لە گاز و نەوت و لەدەستدانی ئازادیی دەستکاریکردنی سەرچاوەکانی خۆی، لەنێویاندا سەرچاوە نانەوتییەکان، بەمەش ئەستەم بوو بۆ هەرێم ئەو پارەیەی دەست بکەوێت کە بۆ گەشەکردن و فراوانبوون لە دروستکردنی ژێرخاندا پێویستە.



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

**یەکێک لە خراپترین کاریگەرییەکان لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا، زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و کۆچی بەکۆمەڵ و بڵاوبوونەوەی تاوانەکانی گەندەڵی دارایی و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانە**

**ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کەرتی تایبەت پشکدارە لە بەهێزکردنی گەشە و پێشکەوتنی شارستانی و کەمکردنەوەی بارگرانیی سەر شانی سیستەمی سیاسی**

**پێویستە هەماهەنگیی تەواو و شەفاف لە نێوان کەرتی تایبەت و دەستەی وەبەرهێنان هەبێت بۆ دارشتنی پلانی ستراتیژی لە پرۆسەکانی وەبەرهێنان لە هەموو کەرتەکاندا**

**٢- ئالنگارییە سیاسییەکان:**

لەو ئالنگارییانە، ناجێگیریی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و نەبوونی بنەمای ڕوون لە مامەڵەکردن لە نێوان هەردوولادا و، بەکارهێنانی پرسی مووچەی فەرمانبەران و کارمەندان و خانەنشینان لەلایەن بەغداوە وەك ئامرازێك بۆ گوشار خستنە سەر حکومەتی هەرێم بە بیانوو و پاساوی جۆراوجۆر. بێگومان ئەم ئالنگارییە سیاسییە ناوخۆییانە، لەپاڵ هەندێك ئالنگاریی ئیقلیمی، کاریگەریی نەرێنییان دەبێت لەسەر سەقامگیریی هەرێم و ڕێگری لە گەشەی ئابووری دەکەن.

**٣- ئالنگارییە کۆمەڵایەتییەکان:**

گوشارە داراییەکان و ڕێگریکردن لە بەدیهێنانی ئابوورییەکی باش کە لەلایەن بەغداوە دەکرێن، کاریگەریی نەرێنییان هەبووە و، بوونەتە هۆی ئەوەی کە هەولێر نەتوانێت پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان دابین بکات، چ لە دابینکردنی دەرفەتی کار و پەرەپێدانی کارامەیی و ڕاهێنانی هێزی کار، یان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و پەروەردەیی و خزمەتگوزاریی ئاو و کارەبا و .. هتد.

یەکێك لە خراپترین کاریگەرییەکان لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا، زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و کۆچی بەکۆمەڵ و بڵاوبوونەوەی تاوانەکانی گەندەڵی دارایی و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و توندوتیژیی خێزانی و بێباکی و لاوازیی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانییە.

سەرەڕای ئەم ئالنگارییانە، ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کەرتی تایبەت پشکدارە لە بەهێزکردنی گەشە و پێشکەوتنی شارستانی و کەمکردنەوەی بارگرانیی سەر شانی سیستەمی سیاسی، ڕۆڵی ئەم کەرتە لە بەدیهێنانی هەردوو گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەم شێوەیەی خوارەوە بەرجەستە دەبێت:

١- کاراکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە گەشەی ئابووری و بەهێزکردنی لە ڕێگەی پشتگیریی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە پرۆژەکانی ژێرخانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتوگوزاری و دەرمانسازی و پرۆژەکانی ئاودێری و بەخێوکردنی ئاژەڵ و ماسی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە دابینکردنی وزەی کارەبا و ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ و پرۆژەکانی پاراستنی ژینگە. بێگومان وەبەرهێنانی ئەم کەرتە لەم بوارانەدا دەبێتە هۆی دۆزینەوەی دەرفەتی کار و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و بەمەش سەقامگیریی ئابووری بەهێزتر دەبێت.

سەربارى ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە کەرتەکانی سەرەوەدا، دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە پشتگیریکردنی توێژینەوە و پەرەپێدانی تەکنەلۆجی و دابینکردنی داهێنانە تەکنەلۆجییەکان و باشترکردنی ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و باشترکردنی کوالێتیی بەرهەمەکان و گەشەپێدانی کەرتە پیشەسازییەکان.

٢- کاراکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ڕووی باشترکردنی کوالێتیی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگە، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی کۆمەڵێك خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، لە بواری پەروەردە و تەندروستی و پەرەپێدان و باشترکردنی ئاستی بەڕێوەبردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداریکردن لە پرۆژەکان کە ئامانج لێیان باشترکردنی دۆخی گوزەران و دابینکردنی پارە و ڕاهێنان بۆ پرۆژە بچووکەکان و پشتگیریکردنی دەستپێشخەرییە کۆمەڵایەتییەکان کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنە ئامانج، وەك خزمەتگوزاریی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و توندوتیژی و پارێزگاریکردن لە ژینگە، ئەوەش لە ڕێگەی هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پشتگیریکردنیان بۆ بەهێزکردنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی دیاردە نەرێنییەکان.

لەو چوارچێوەیەدا دەبینین گرنگترینی ئەو دەرفەتانەی کە پێویستە کەرتی تایبەت گرنگییان پێ بدات ئەمانەن:

أ - وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی وزەی نوێبووەوە و داهێنانی تەکنەلۆجی.

ب- وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی ژێرخانی گشتی و بەتایبەتی لە بەرنامەکانی ڕاهێنان و پەرەپێدانی کارامەییەکانی هێزی کار.

٣- وەبەرهێنانی هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیا نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ فراوانکردنی ڕووبەری وەبەرهێنان و

هەمەچەشنکردنی و، پەرەپێدانی توانای هەناردەکردنی بەرهەمە نیشتمانییەکان و بەهێزکردنی توانای کێبڕکێ لە بازاڕە نیشتمانی و هەرێمییەکاندا لە کوالێتی و نرخ و گرنگیی بەرهەمی هەناردەکراودا.

بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت ڕۆڵی خۆی لە باشترکردن و پەرەپێدان و سەقامگیرکردنی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا بگێڕێت، ئەرکی سیستەمی سیاسییە لە هەرێمدا کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت لە پشتگیریکردن و پاراستن و هاندانی ڕۆڵی کەرتی تایبەت، ئەوەش لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أ- دابینکردنی ژینگەیەك بۆ یاسادانان و ڕێکخستن لە ڕێگەی دەرکردنی یاساکان کە مافی وەبەرهێنەران لە کەرتی تایبەتدا بپارێزێت و، شەفافییەت و دادپەروەری لەو گرێبەستانەدا بەدی بهێنێت، کە لەگەڵ کەرتی تایبەتدا دەکرێن و، کاراکردنی یاساکانی پاراستنی مافی خاوەندارێتیی فیکری و یاساکانی کار و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەگەڵ ئەوەی یاساکان جێگیر بن و بە شێوەیەکی بەردەوام نەگۆڕدرێن.

ب- ئاسانکاریی لە ڕێکارە ڕۆتینییەکانی حکومەت و کەمکردنەوەیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەرتی تایبەت، هەروەها دەرکردنی لێخۆشبوون لە باج و کەمکردنەوەی سەپاندنی ڕسووم.

پ- پێشکەشکردنی پشتگیریی دارایی لە ڕێگەی دابینکردنی قەرزی ئاسان و گەرەنتیی دارایی.

ت- کردنەوەی بەرنامەی ڕاهێنان بەپێی پێویستیی بازاڕ، بۆ دابینکردنی کەرتی تایبەت بە کارامەیی و ئەزموونەکان کە پێویستی پێیەتی.

ج- پشتگیریکردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە لە کەرتی تەکنەلۆجیا و داهێناندا وەبەرهێنان دەکەن.

چ- پشتگیریکردنی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان بۆ گەیشتن بە بازاڕ و ئاسانکردنی پرۆسەی هەناردەکردن.

ح- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆ بەشداریکردن لە پێشانگا نێودەوڵەتییەکاندا.

د- هاندانی هاوبەشیی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت، بەتایبەتی لە پڕۆژەکانی ژێرخان و خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا.

ر- کاراکردنی یاساکانی پاراستنی کێبڕکێ و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری و دابینکردنی ژینگەیەکی کێبڕکێی شەفاف لەنێوان وەبەرهێنەران لە کەرتی تایبەتدا.

ز- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و کردەوە نایاساییەکان و ڕێگریکردن لە دەستوەردانی باڵادەستانی سیاسی، یان فەرمی لە دەستوەردان لە کارەکانی کەرتی تایبەت، وەك سەپاندنی باج و هاوبەشیی زۆرەملێ لە قازانجەکاندا.

ژ- هەماهەنگیی تەواو و شەفاف لە نێوان کەرتی تایبەت و دەستەی وەبەرهێنان بۆ دارشتنی پلانی ستراتیژی لە پرۆسەکانی وەبەرهێنان لە هەموو کەرتەکاندا.

س- باشترکردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکان و پشتگیریکردنی گۆڕان بۆ ئابووریی دیجیتاڵی و هاندانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە کەرتی تایبەتدا.

ش- هاندانی وەبەرهێنەران بۆ گەڕانەوە بۆ هەرێم و دابینکردنی دەرفەتی وەبەرهێنان بۆیان و پاراستنیان لە زێدەڕۆیی نایاسایی.

بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت فاکتەرێکی سەرەکییە لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی دۆزینەوەی دەرفەتی کار و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام، بەمەش پشتگیریکردنی هەرێم لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکان و چەسپاندنی سەقامگیریی سیاسی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، پێویستە حکومەت ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیر دابین بکات، هاندانی دارایی پێشکەش بکات و توانای مرۆیی بەهێز بکات، تا کەرتی تایبەت بکاتە بزوێنەرێکی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەدیهێنانی سەقامگیریی ئەمنی و سیاسی. پێویستە حکومەت ڕۆڵی دامەزراوەکانی کارا بکات و ڕۆڵی یاسا بەهێز بکات و بەرەنگاری گەندەڵی دارایی ببێتەوە و کەشێکی وەبەرهێنانێکی سەقامگیر و سەرنجڕاکێش دابین بکات.

**پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت فاکتەرێکی سەرەکییە لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی**

**پێویستە حکومەت ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیر دابین بکات، هاندانی دارایی پێشکەش بکات و توانای مرۆیی بەهێز بکات**

**پێویستە حکومەت ڕۆڵی دامەزراوەکانی کارا بکات و ڕۆڵی یاسا بەهێز بکات و بەرەنگاری گەندەڵی دارایی ببێتەوە**



پ.ی. دکتۆر ئەمیر سەلیم
سەرۆکی بەشی دارایی و بانک لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەڵاحەددین:

# قەیران و بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان لەلایەن بەغداوە ڕەوڕەوەی ئاوەدانی و ئارامیی ڕانەگرت

## شۆڤێنییەکان و میلیشیا چەکدارەکان بێئاگان لەو گۆڕانکارییە ئابووری و داراییانەی ڕوو لە عێراق دەکەن

**ئەو گۆڕانکارییانەی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخۆیەوە دەیبینێت کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە وێنەی نەبووە، کەچی هێشتا بە پیلان و مەرامی هەندێك لایەنی سیاسی و شۆڤێنییەکان، هەردوو وەزارەتی دارایی و نەوتی فیدراڵی هان دەدرێن ئاستەنگ و بەربەست بخەنە بەردەم مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و ماف و شایستە داراییەکان و پشکی هەرێم و هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم. لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەمیر سەلیم سەرۆکی بەشی دارایی و بانك لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەڵاحەددین ساز دا.**

*** هەرچەندە جیهان و ناوچەکە بە گۆڕانکارییەکی گەورەدا تێپەڕ دەبن، کەچی هێشتا عێراق بەهۆی شۆڤێنییەکان و دەستتێوەردانی دەرەکییەوە کار بۆ لاوازکردنی فیدراڵییەت و کەمکردنەوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکان دەکات، ئایا تاچەند هێزە دەستڕۆیشتووە شیعەکان بەپێی دەستوور و فیدراڵییەت مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد دوا ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، کە دووبارە نەخشەی هێزەکانی لە ناوچەکە دابەش کردەوە، شەڕی ئیسرائیل و حەماس نەك تەنیا هاوکێشەی هێزی لەم ناوچەیەدا گۆڕی، بەڵکو چاوەڕوانیی گۆڕانکارییش لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی حوکمڕانی لە عێراقیشدا دەکرێت، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی ئیدارەی نوێی ترەمپ، ڕاستە زانینی ئاراستەی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکان ئاسان نییە، بەڵام هەرگیز کەمبوونەوەی هەژموونی ئێران لە فەلەستین و لوبنان و سووریا بێ عێراقیش نابێت. ئیدارەی نوێی ئەمریکا بە هەژموون و دەستڕۆیشتوویی میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق ڕازی نییە، ئەوەتا تادێت فشار و گەمارۆکانی سەر ئێران توندتر دەکات و ترەمپ بە ئاشکرا باس لە پێویستیی هەناردەکردنەوەی ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان دەکات، کە لەژێر فشاری میلیشیاکانی سەر بە ئێراندا ڕاگیراوە، چەندین جاریش ئیدانەی هێرشەکانی سەر کێڵگەی کۆرمۆڕی کردووە و زۆر نارازییشە لەسەر ئاودیوکردنی دۆلار لە عێراقەوە بۆ ئێران و شکاندنی گەمارۆکەی واشنتۆن لەسەر نەوت و غازی ئێران لەلایەن میلیشیاکان و حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانییەوە. لە بەرانبەردا میلیشیاکان تەنیا هێرشی درۆن و مووشەکییەکانیان بۆ سەر ئیسرائیل و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا ڕاگرتووە، بێئاگان لەوەی کە ئەمریکا دوای دۆسێی فەلەستین و ئۆکرانیا چ گۆڕانکارییەکی ئابووری و دارایی لە عێراقدا جێبەجێ دەکات. گرفتە گەورەکەی عێراق لەوەدایە لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ نییە و خاوەنی سیادەی خۆیشی نییە، بۆیە بێئاگایە لەو مەترسییەی کە بە شکاندنی گەماری ئابووریی سەر ئێران و ئاودیوکردنی دۆلاری فرۆشتنی نەوتەکەی دەیکات، کە لە بازاڕەکانی تاران ژمارەی دۆلارەکەی ئەمریکا بۆ عێراقی دەنێرێت لەوێ ئەو دۆلارانە دۆزراونەتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی نەوتی ئێران لە ڕێگەی کەشتیی عێراقەوە دەفرۆشرێت، کەچی مامەڵەیەکی تەندروست و ڕاست لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکات و هەرجارەی پاساو و بیانوویەك دەهێنێتەوە بۆ خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەرانبەر هەرێم و مامەڵەکردنی لەگەڵ کورد وەکو هاووڵاتییەکی دەرەجە یەکی ئەم وڵاتە. بەداخەوە ناتەبایی و نەبوونی یەکریزی لەبەردەم پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا ئێمەی گەیاندە دۆخێك کە عەقڵییەتی دژایەتیکردنی کورد بگاتە قۆناغێك، کە هەموو مافە دەستووری و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان نەك لە بوودجە، لە مووچەشدا کورت بکاتەوە، لەمەشدا هەرجارەی بە بیانوویەك گەمەیەکی ناشیرین لەگەڵ گەلی کورد و مووچەخۆرانی دەکات.

*** لە ژێر هەموو ئەم فشار و پیلانانەی کە بۆ برسیکردنی خەڵکی کوردستان و برینی بوودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان ساڵانێکە**

**شەڕی ئیسرائیل و حەماس نەک تەنیا هاوکێشەی هێزی لەم ناوچەیەدا گۆڕی، بەڵکو چاوەڕوانیی گۆڕانکارییش لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی حوکمڕانی لە عێراقیشدا دەکرێت**

**ڕاستە زانینی ئاراستەی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکان ئاسان نییە، بەڵام هەرگیز کەمبوونەوەی هەژموونی ئێران لە فەلەستین و لوبنان و سووریا بێ عێراقیش نابێت**

**ترەمپ بە ئاشکرا باس لە پێویستیی هەناردەکردنەوەی ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان دەکات، کە لە ژێر فشاری میلیشیاکانی سەر بە ئێراندا ڕاگیراوە**

**میلیشیاکان تەنیا هێرشی درۆن و مووشەکییەکانیان بۆ سەر ئیسرائیل و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا ڕاگرتووە، بێئاگان لەوەی کە ئەمریکا دوای دۆسیێ فەلەستین و ئۆکرانیا چ گۆڕانکارییەکی ئابووری و دارایی لە عێراقدا جێبەجێ دەکات**

**ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ جۆر بوون، کۆرۆنا، وشکەساڵی، دابەزینی بەهای نەوت لە سەرەتای کابینەکەدا، ئەمانە کارەسات و ڕووداوگەلێک بوون لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت**

**ئەو پرۆژە گەورە و ستراتیژییانەی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون، لە هیچ سەردەمێکدا ئەنجام نەدراون**

**پەیڕەو دەکرێت، تا چەند حکومەتەکەی مەسرور بارزانی سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی بەسەر هەموو ئەم ئالنگاری و کێشانەدا سەرکەوێت؟**

- ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ جۆر بوون، کۆرۆنا، وشکەساڵی، دابەزینی بەهای نەوت لە سەرەتای کابینەکەدا، ئەمانە کارەسات و ڕووداوگەلێک بوون لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت، بەڕاستی ئیرادەی و ڕۆڵی سەرۆکی حکومەت دیار و لەبەرچاو بوو لە تێپەڕاندنی. بڕینی بوودجە و مووچە و دەستبردن بۆ ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و جێبەجێ نەکردنی زیاتر لە ٥٠ ماف و شایستەی دارایی، لەوانە قەرەبوونەکردنەوەی قوربانییەکان و جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری لە ناوچە جێناکۆکەکان، ئەمانە زنجیرە هێرش و زوڵمێکی بەردەوامی شۆڤێنییەکان بوو کە بەناوی مەرکەزییەت و دەسەڵاتی بەغدا دژ بە خەڵکی هەرێم و قەوارەی هەرێمی کوردستان بە بەرنامە و قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ دەکرێت و بەردەوامیی هەیە. جۆری سێیەمیش نانەوەی پشێوی و دووبەرەکی و بوونی تابوورێك لە کەسان و لایەنی سیاسی بۆ دژایەتیکردنی هەرێم و خەڵکە، بەڵام لەژێر ناوی ئۆپۆزسیۆن و گەمەی دیموکراتییەتدا، ئەم گرووپ و کەسانە سوودیان لە نەهامەتیی خەڵك و گەمارۆی بەغدا و ڕووداوەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت وەرگرتووە و لە بنەڕەتدا زیان بە خەڵکی دەگەیەنن و دوو سیفەت لەخۆ دەگرن، لەلایەك قەیران و بڕینی مووچە و بودجە کە لەلایەن بەغداوە بڕاوە، ئەوان هەرێمی پێ تۆمەتبار دەکەن، لەلایەکیش چارەسەرێکی زانستی و ئابوورییان پێ نییە و بۆچوونەکانیان بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ زانستی ئابووریدا یەك ناگرێتەوە، ئەمانە ئەوەیان لەبیر کردووە، کێ مووچە و بوودجەی خەڵکی کوردستان نانێرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەو پڕۆژە گەورە و ستراتیژییانەی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون، لە هیچ سەردەمێکدا ئەنجام نەدراون. لە گەرمەی قەیران و بڕینی بوودجە و ڕاگرتنی هەناردەی نەوتدا پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان ڕانەگیران و، لە پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ساخکردنەوەی بەرووبوومی جووتیاران هەنگاوی بوێر نرا، ڕاستە لێرە و لەوێ ڕەنگە بە هۆی قەیرانی داراییەوە کەموکووڕی و گرفت هەبووبێت، بەڵام ڕەوڕەوەی ئاوەدانی و ئارامی ڕانەگیرا. یەکێك لە دەستکەوتەکانی ئەم کابینەیە ئەوە بووە کە هەر پڕۆژەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی بۆ دانرابێت، جێبەجێ کراوە و پڕۆژەکانی بە نیوەچڵ بەجێ نەماون، ئەمەش پێچەوانەی عێراقە کە بەو هەموو بودجە زەبەلاحەوە نەتوانرا ڕێژەی بێکاری و هەژاری و خراپیی کەرتی تەندروستی و شارەوانی و ڕێگەوبانەکانی پێ چارەسەر بکرێت. لە بەسرای پایتەختی ئابووری و پڕ لە خێردا خەڵکەکەی بەدەست بێئاوی و زبڵ و نەخۆشی و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و نائارامی و گەندەڵییەوە دەناڵێنن. بۆیە من پێم وایە ئیرادەی سەرۆکی حکومەت و پاڵپشتیی گەلی کوردستان بۆ حکومەت، خاڵی سەرکەوتنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، هەر چەندە زۆر کەس و لایەنی سیاسی لە چوارچێوەی ململانێی ناسرووشتیی حزبایەتیدا زۆر جار کە لە بەرژەوەندیی نایاساییان دراوە، پڕوپاگەندە و قسەی زۆر لە دژی حکومەت دەکەن، دەیانەوێت هەروەکو چۆن ڕێگرییان لە چاکسازییەکانی حکومەت کرد، تاوان و مەرامەکانی هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش بخەنە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

*** باسی وشکەساڵی و کێشەی کەم ئاوی و ساخکردنەوەی بەروبوومی جووتیارانت کرد، تاچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیەدا سەرکەوتوو بووە؟**

- تەنیا لە ماوەیەکی کەمی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە نۆ بەنداو تەواو کراون لە «چەمرگە، خنس، دێوانە، تووڕەجار، ئاقووبان، شەوگێڕ، گۆمەسپان و بەستۆرە» کە دەتوانن زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاو گل بدەنەوە، ساڵ لە دوای ساڵیش ئەم سوودە زیاتر دەبێت، ئەم بەنداوانە ڕۆڵی گرنگیان لە پاراستنی ئاوی ژێرزەوی

و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و دابینکردنی ئاوی پاك و بووژانەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و گەشتیاری و ئاژەڵداری و دابینکردنی هەلی کار، بەتایبەتی بۆ خەڵکی ئەو ناوچە دووردەستانە هەیە. سەرۆکی حکومەت نەهات وەکو زۆر لایەنی ئۆپۆزسیۆن تەنیا لە سۆشیال میدیا ئیدعای بەهاناچوونی خەڵك بە چەند تەنکەرێکی ئاو بکات، بەڵکو چارەسەری بنەڕەتیی دۆزییەوە و سەدان پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی بۆ شار و شارۆچکەکان ڕاکێشا، لەوانە پرۆژەی فریاگوزاریی ئاوی هەولێر کە ئەم هاوینە تەواو دەبێت و دوو ملیۆن کەسی دانیشتووی هەولێر لێی سوودمەند دەبن و هەزار بیری ئاویش دادەخرێن.

*** یەکێك لەو هەنگاوانەی کە بۆ ئابووری گرنگە، فرەچەشنکردنی ئابووری و وەبەرهێنان بوو، ئایا جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتە تاچەند بۆ ئابووری و لایەنی دارایی و بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان گرنگ بووە؟**

- فرەچەشنکردنی ئابووری بە وەرچەرخانێك دادەنێم، کە دەربازمان دەکات لە پشتبەستن بە تاکە سەرچاوەی داهاتی نەوتی، ئەمە وێڕای ئەوەی لە فرەچەشنکردنی ئابووری و گەشەکردنی وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی بۆ کەرتەکانی دیکەی وەکو کشتوکاڵ و گەشتیاری و پیشەسازی و تەندروستی و پەروەردە و هەلی کار بۆ سەدان دەرچووی زانکۆ و لاوی ئەم وڵاتە فەراهەم دەبێت. من زۆرم پێ خۆش بوو کاتێك لە ڕیزبەندی پرۆژەکانی وەبەرهێناندا کەرتەکانی پیشەسازی و پیشەسازیی نەوت و کانزاکاری و کشتوکاڵ و گەشتیاری بەرەوپێش چوون. لە دوا ئاماری دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستاندا باس لەوە کراوە، تەنیا لەم کابینەیەدا بە سەرمایەی زیاتر لە ٢٣ ملیار دۆلار مۆڵەتی وەبەرهێنان بە ٦٣٧ پرۆژە دراوە، کە تەنیا لە ساڵی ڕابردوو ٢٠٢٤ ژمارەی پرۆژەکانی مۆڵەتپێدراو بەم شێوەیە بووە «لە پیشەسازی ٥١ پرۆژە، کشتوکاڵ ٥ پرۆژە، گەشتیاری ٢٨ پرۆژە، بازرگانی ٤١ پرۆژە، تەندروستی ٧ و فێرکردن ١٥ و نیشتەجێبوون ٢٧ پرۆژە و تا ...دوایی». دەرکردنی بڕیاری ئەوەی لە ناو پرۆژەکانی وەبەرهێناندا نابێت دەستی کاری نێوخۆیی لە ٧٥٪ کەمتر بێت، ئومێدبەخشە بەوەی زۆرترین هەلی کار لە ناو پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پرۆژەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ بەتایبەتی لەخۆ بگرێت. ئەم پرۆژە و کارگەیانەش بە دەیان پیشە و کار و ساخکردنەوەی بەروبوومی جووتیاران و جموجووڵی بازاڕ لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە ئەگەر تەنیا باسی کارگەی زۆم بۆ بەرهەمە شیرەمەنییەکان لە قەزای مێرگەسۆر بکەین، کە داهاتێکی بەردەوام بۆ گوندنشینەکان و ئاژەڵداران دەستەبەر دەکات، لە ڕێگەی کڕینی شیری ئاژەڵەکانیان و کۆکردنەوەیان لە ٢٠ بانکی تایبەت بە وەرگرتنی شیردا، ١٠٠ هەلی کاری ڕاستەوخۆ و زیاتر لە ٣٠٠٠ هەلی کاری ناڕاستەوخۆی بۆ جووتیاران ڕەخساندووە.

*** سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی «هەژماری من»ـەوە هەوڵی بەدیجیتاڵیکردنی سیستمی بانکی و خزمەتگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان دەدات، ئایا تاچەند ئەم هەنگاوە ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی پارەی کاش و سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییە بانکییەکاندا دەبێت؟**

- ئەگەر هاوشێوەی دنیای پێشکەوتوو مامەڵە بکەیت و بتەوێت بەکارهێنانی کارت و بەدیجیتاڵکردنی کەرتی بانکی بۆ پێشەوە بچێت، دەبێت هەمووان بەرەو «هەژماری من» بڕۆین، چونکە لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی زۆر خێرا و بێگرفت و ڕۆتین، لە ماوەیەکی کەمدا سوود لە وەرگرتنی مووچە و دواتریش خزمەتگوزارییە بانکییەکان وەربگرین، کە زیاتر لە ٣٠ خزمەتگوزاریی بانکی لەخۆ دەگرێت و ڕۆڵی لە گەڕانەوەی متمانە بە بانکەکانیشدا هەیە. سەرۆکی حکومەت زۆر بە بوێری هەنگاوی بۆ نا، جێگەی داخە لە پرۆسەیەکی وا گرنگدا کەسانێك هەبوون ڕەخنەی نازانستی و ناواقیعییان لێ دەگرت و بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێت ئەم پرۆژەیە ناشیرین بکەن، هەروەکو چۆن لە ئێستادا لە پرۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێریدا هێرشێکی ناڕەوا «بێ ئەوەی شارەزاییان هەبێت» دەکرێتە سەر ئەم پرۆژەیەش، لە کاتێکدا لە دنیای پێشکەوتووی دەرەوە مامەڵەکردنی کاش کۆتایی پێهاتووە.

**یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەم کابینەیە ئەوە بووە کە هەر پرۆژەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی بۆ دانرابێت، جێبەجێ کراوە و پرۆژەکانی بە نیوەناچڵ بەجێ نەماون**

**لە بەسرای پایتەختی ئابووری و پڕ لە خێردا خەڵکەکەی بەدەست بێئاوی و زبڵ و نەخۆشی و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و نائارامی و گەندەڵییەوە دەناڵێنن**

**تەنیا لە ماوەیەکی کەمی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە نۆ بەنداو تەواو کراون کە دەتوانن زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاو گل بدەنەوە**

**سەرۆکی حکومەت نەهات وەکو زۆر لایەنی ئۆپۆزسیۆن تەنیا لە سۆشیال میدیا ئیدعای بەهاناچوونی خەڵک بە چەند تەنکەرێکی ئاو بکات، بەڵکو چارەسەری بنەڕەتیی دۆزییەوە و سەدان پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی بۆ شار و شارۆچکەکان ڕاکێشا**

د. تاڤگە عەباس بوستانی
مامۆستای یاسا لە زانکۆی سەڵاحەدین بۆ گوڵان:

# ڕۆڵی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان گرنگیی زۆری هەیە

**پێویستە هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و توندکردنی سزاکان جێبەجێ بکرێت**

مادده هۆشبەرەکان بە یەکێك لەو مەترسییە گەورانە دادەنرێت کە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی شیرازەی خێزان دروست دەکات، لە ساڵانی ڕابردووش ئەم ماددەیە بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە هەرێمی کوردستان و عێراق زیادی کردووە. گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا ئەم پرسەی تاوتوێ کرد و دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر تاڤگە عەباس بوستانی مامۆستای یاسا لە زانکۆی سەڵاحەدین ئەنجام دا.



*** لە چەند ساڵی ڕابردوودا بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئایا قاچاخچێتیکردن و بەکارهێنانی ئەم مادده ژەهراوییە لە هەرێمی کوردستان بە کوێ گەیشتووە؟**

- مادده هۆشبەرەکان چ بەکارهێنانی (وەرگرتنی) چ بازرگانی پێکردنی لەسەر ئاستی جیهان، پرسێکی زۆر گەورەیە، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە دەبێتە هۆی لەناوبردن یان تێکدان و خراپکردنی باری تەندروستیی مرۆڤ، بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە هۆشبەرەکان، توندوتیژی دروست دەکات و شیرازەی خێزان تێك دەدات و تاوانکاری لە ناو کۆمەڵگەدا زیاد دەکات، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ناو کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی نەمانی بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان، ئەو گەنجانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر دەبن، کاریگەریی خراپی دەروونی و جەستەییان لەسەر دەکات، لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا وەکو کەسێکی نامۆ و خراپ دەردەکەون و کار و ناوبانگیان لەدەست دەدەن، هاوکات لە زۆربەی حاڵەتدا دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و لەدەستچوونی کار و پیشە و خوێندن و هەست نەکردن بەو بەرپرسیارێتییەی کە لە ناو خێزاندا لەسەر شانیەتی. جێگەی داخ و مەترسییشە بڵاوبوونەوە و بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەم مادده هۆشبەرانە لە هەرێمی کوردستان لە زیادبووندایە، هەرچەندە من وەکو مامۆستایەکی زانکۆ ئامارێکی وردم لە بەردەست نییە، بەڵام داتا و ئامارەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دادگا و دەزگاکانی ئاسایش و دامەزراوەکانی چاکسازی ئاماژە بەم مەترسییە و زیادبوونی مادده هۆشبەرەکان دەکات.

*** ئایا هۆکاری سەرەکیی ئەو دیاردەیە لە ناو کۆمەڵگەیەکی پارێزراوی وەکو ئێمەی کورددا زیاتر بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و قاچاخچیکردن پێوەی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە کۆنترۆڵ نەکردنی سنوورەکان کە وای لێ هاتووە ماددەی هۆشبەر

**بازرگانیکردن بە هۆشبەرەکان، توندوتیژی دروست دەکات و شیرازەی خێزان تێک دەدات و تاوانکاری لە ناو کۆمەڵگەدا زیاد دەکات**

**داتا و ئامارەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی دادگا و دەزگاکانی ئاسایش و دامەزراوەکانی چاکسازی ئاماژە بەم مەترسییە و زیادبوونی مادده هۆشبەرەکان دەکات**

**کاتێک لە شوێنە گشتی و کافتریا و یانەکاندا چاودێریی توند نەبێت، گەنجەکان لە ڕێگەی هاوڕێیەتی و چوونیان بۆ ئەو شوێنانە ژینگەیەکی لەباریان بۆ دروست بێت و تووشی بەکارهێنانی ئەم ماددەیە دەبن،**

**جاری وا هەیە، گەنجێک باری دارایی خۆی و خێزانەکەی باشە، کەچی بەهۆی خراپیی پەروەردەکردن و بەدوادانەچوونی خێزانەکەی و فەرامۆشکردنی لایەنی پەروەردەییەوە تووشی بەکارهێنان و ئالوودەبوونی ماددەی هۆشبەر دەبێت**

**دەبێت ئەو سزایانەی کە لە یاسای بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە هەیە، جیا بکرێنەوە و ئەوەی بازرگانیی پێوە دەکات، سزاکانی زۆر توند بێت، تا ئاستی سزای لەسێدارەدان**

بێتە ناو هەرێمی کوردستان، هۆکارێکی دیکە نەبوونی چاودێریی توند و بەدواداچوونی ورد و جددییە بۆ شاند و مافیاکان و چاندنی ئەم مادده مەترسیدارە، کاتێك لە شوێنە گشتی و کافتریا و یانەکاندا چاودێریی توند نەبێت، گەنجەکان لە ڕێگەی هاوڕێیەتی و چوونیان بۆ ئەو شوێنانە ژینگەیەکی لەباریان بۆ دروست بێت و تووشی بەکارهێنانی ئەم ماددەیە دەبن، دواتر بازرگانییشی پێوە دەکەن. هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و ئالوودەبووانی، بەتایبەتی لە ناو توێژی گەنجاندا، قسەوباسێکی زۆر هەڵدەگرێت، زۆرجار بەهۆی بێکاری و هاوڕێیەتیی کەسی خراپەوە گەنجەکانمان تووشی ئەم ئالوودەبوونە دەبن، هەندێك جاریش خراپیی پەروەردەی خێزان، بەوەی جاری وا هەیە، گەنجێك باری دارایی خۆی و خێزانەکەی باشە، کەچی بەهۆی خراپیی پەروەردەکردن و بەدوادانەچوونی خێزانەکەی و فەرامۆشکردنی لایەنی پەروەردەییەوە تووشی بەکارهێنان و ئالوودەبوونی ماددەی هۆشبەر دەبێت.

لە ناو زۆربەی کۆمەڵگەکان بە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانیشەوە، غیاب، یان لاوازیی یاساکان هۆکارێکی دیکەن بۆ زیادبوونی ئەو کەسانەی مادده هۆشبەرەکان بەکار دەهێنن. لە هەرێمی کوردستان دەبێت ئەو سزایانەی کە لە یاسای بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە هەیە، جیا بکرێنەوە و ئەوەی بازرگانیی پێوە دەکات، سزاکانی زۆر توند بێت، تا ئاستی سزای لەسێدارەدان.

*** بنبڕکردنی مادده هۆشبەرەکان جگە لەوەی پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، بەڵام پرسێکی گشتییە، تا چەند گرنگە چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە لە هەڵمەتی هۆشداری و بنبڕکردنی مادده هۆشبەرەکاندا بەشدار بن؟**

- بنبڕکردنی مادده هۆشبەرەکان پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەییە و زۆریش گرنگە کە مامۆستایانی ئایینی و ڕۆشنیران و هونەرمەندان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەموو چین و توێژەکان بەشدار بن، هەر یەکەو لەلایەنی خۆیەوە پەیام و مەترسیی ئەو مادده ژهراوییە مەترسیدارە و چۆنیەتیی دوورکەوتنەوە و بەرەنگاربوونەوەی بڵاو بکاتەوە، بۆ نموونە مامۆستایانی ئایینی لە مزگەوتەکان لە وتارەکانیاندا بەتایبەتی لە ڕۆژانی هەینی وا بکەن، گەنجەکان لەو مادده نالەبار و کۆمەڵکوژییە دوور بخەنەوە، هونەرمەندان دەتوانن لە شانۆگەری و دراماکانیاندا ئامۆژگاری و مەترسیی ئەو ژهرە بە کۆمەڵگە بگەیەنن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن وۆرك شۆپ و سیمینار بۆ هەموو چین و توێژەکان ببەستن و هۆشیار و ئاگاداریان بکەنەوە لە مەترسییەکانی و چۆنیەتی دووربوون لەو دیاردە کوشندە و مەترسیدارە، چونکە زۆر جار نەبوونی هوشیاری لەسەر مادده هۆشبەرەکان وا دەکات، گەنج تووشی بەکارهێنانی، یان بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەرەوە بێت، واتە پێویستە و ئەرکیشە کە هەموو لایەن و چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە بەشدار بن لە بەرەنگاربوونەوە و هۆشیارکردنەوەی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان، بەرەنگاربوونەوە و پێشگرتن بە مادده هۆشبەرەکان تەنیا بە یاسا ناکرێت، بەڵکو دەبێت میدیا و میدیاکاران و هەموو چین و توێژەکان وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەشدار بن، و کار بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بنبڕکردنی ئەو دوژمن و ژهرە کوشندەیە بکەن.

*** باسی گرنگیی لایەنی یاساییت کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، ئایا تا چەند هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە گرنگە؟**

- ئێمە یاسای نەهێشتن، یان بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکانمان هەیە بە ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠، لەو یاسایەدا کە یاسایەکی نوێیە (چونکە پێشتر یاسایەکی دیکە هەبوو). لەیاسا نوێیەکەدا سزاکان بەو شێوەیە دانراون کە لە ماددەی (٢٥)دا سزاکە بە (لەسێدارەدان یان زیندانی تا هەتایی) دانراوە بۆ ئەو کەسانەی کە بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکەن، لە ماددەی (٣٠)دا سزای بۆ ئەو کەسانە داناوە کە ئەو مادده هۆشبەرانە وەردەگرن، یان بەکاری دەهێنن، ئەویش سزاکەی بریتییە لە بەندکردنی بۆ ماوەی ساڵێك تا سێ ساڵ، یان پێبژاردن لە ٥ ملیۆن تا ١٠ ملیۆن دینار، لەکاتێکدا دەکرێت دادگا و دادوەرانی بەڕێز سەیر بکەن ئەو کەسەی کە ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان بووە، لەبری ئەوەی سزاکەی بەندکردن، یان پێبژاردن بێت، کەسەکە پابەند بکەن کە لە سەنتەرێکی ئالوودەبووندا چارەسەر وەربگرێت، من لێرەدا زیاتر مەبەستم سزای ئەو کەسانەیە کە

تاوانی بازرگانیکردن بەم ژەهرە دەدرێن، دەکرێت بازرگانی ماددەی هۆشبەر سزاکەی توندتر بکرێت، واتە سزاکە لە (لەسێدارەدان، یان بەندکردنی تا هەتایی )ییەوە بکرێتە تەنیا (لەسێدارەدان)، چونکە بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان تاوانێکی زۆر مەترسیدارە و کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات، ئەمە لەکاتێکدا لە یاسا کۆنەکەی ساڵانی هەشتاکاندا بۆ بازرگانانی بە مادده هۆشبەرەکان سزاکە تەنیا لەسێدارەدان بوو، هەر بۆیە بازرگانیکردن بەو مادده مەترسیدار و ژهراوییانە زۆر کەم بوو، دەتوانین بڵێین تا کۆتایی هەشتاکانیش ئەم سزایە یەکێك لە هۆکارەکان بوو کە عێراق و هەرێمی کوردستانیش بە خاوێنترین دەوڵەت دادەنرا. لەم ڕوانگەیەوە یاساکە پێویستی بە هەمواركردنەوە هەیە.

تا چارەسەر بکرێن، لێرەدا مەرج نییە تەنیا دادگا ئەو کەسانە بۆ ئەو سەنتەرە بنێرێت کە بەو مادده هۆشبەرانە ئالوودە بوون، بەڵکو هەر کەس ئەگەر بزانێت بەو ماددانە ئالوودە بووە، خۆی دەتوانێت بچێتە ئەو سەنتەرە و چارەسەر وەربگرێت. هاوکات ڕێگەیەکی دیکە بۆ ڕێگرتن و بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، بەتایبەتی بازرگانیکردن پێیەوە، ئەوەیە کە پێویستە دەوڵەت کۆنترۆڵی سنوور و دەروازە سنوورییەکان بکات، چونکە ناکرێت هیچ کەسێك کە قاچخچیەتی بە مادده هۆشبەرەکان دەکات، بەتایبەتی لە سنوورەکان، دەرباز ببن، بەڵکو پێویستە لەلایەن دەوڵەت و لایەنی پەیوەندیدارەوە، بەتایبەتی لەکاتی هاتوچۆ و بازرگانییەکانیاندا لە سنوورەکان دەستگیر بکرێن و سزای یاسایی توندی خۆیان وەربگرن. هەر بۆیە تەئکید دەکەمەوە کە

**بەرەنگاربوونەوە و پێشگرتن بە مادده هۆشبەرەکان تەنیا بە یاسا ناکرێت، بەڵکو دەبێت میدیا و میدیاکاران و هەموو چین و توێژەکان وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەشدار بن**



*** ئایا ڕێگەچارەسەری تەندروستی ڕۆڵی خۆی دەبینێت بۆ کەمکردنەوە و بنبڕکردنی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، بەتایبەتی بە دروستکردنی سەنتەرێك، یان نەخۆشخانەیەکی تایبەت؟**

- وەکو مامۆستایەکی زانکۆ بە بۆچوونی من بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە دەبێت ڕێگەچارەسەری تەندروستی هەبێت بۆ ئەو کەسانەی ئالوودە بوون بە مادده هۆشبەرەکان، خۆشبەختانە پێش سێ هەفتە سەنتەری تایبەت بە ئالوودەبووان لەلایەن بەڕێز وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان کرایەوە، چونکە ناوەڕۆکی یاساکە مەبەستی ئەوەیە لەگەڵ جێبەجێکردنی یاساکەدا نەخۆشخانەیەك، یان سەنتەرێکی چارەسەری ئالوودەبووان هەبێت، بۆ ئەو کەسانەی بەو مادده هۆشبەرانە ئالوودە بوون،

یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان دەبێت هەموار بکرێتەوە و سزای بازرگانان بەتایبەتی، بگۆڕێت بۆ تەنیا (لەسێدارەدان) و ئەوانەی ئالوودە بوون چارەسەر بکرێن، جگە لەوەی دەبێت لە هەر شوێنێك، یان لە قوتابخانە و زانکۆکان قوتابییەکان هۆشیار بکرێنەوە لە مەترسیی ئەو مادده هۆشبەرانە و دوور بکەونەوە لەو کەسانەی گومانی بەکارهێنان و وەرگری ئەو مادده هۆشبەرانەن، پێویستە دەوڵەتیش چاودێریی توند و جددیی ئەو کەس و لایەنانە بکات، کە گومانیان لێ دەکرێت و دەیانەوێت ئەو گەڵا و مادده هۆشبەرانە بچێنن، چونکە ئەوەش ڕێگەیەکی دیکەیە و زۆر گرنگە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان پێویستە.

**ڕێگەیەکی دیکە بۆ ڕێگرتن و بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، بەتایبەتی بازرگانیکردن پێیەوە، ئەوەیە کە پێویستە دەوڵەت کۆنترۆڵی سنوور و دەروازە سنوورییەکان بکات**



**سەعید عومەر خەلیل**

**ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا بۆ گوڵان:**

# سەرۆک بارزانی هەمیشە جەختی لەسەر یەکگرتوویی لایەنە کوردییەکان کردووە، تاکو سوود لە دەرفەتە سیاسی و ستراتیژییەکان وەربگرن

# هاتنی مەزڵووم عەبدی بۆ لای سەرۆک بارزانی وەک هەنگاوێکی گرنگ لە پەیوەندییەکانی نێوان کوردانی ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستان تەماشا دەکرێت

**بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی هاتنی مەزڵووم عەبدی بۆ لای سەرۆك بارزانی و، هاتنی شاندی دەم پارتی لە ئەمیراڵییەوە بۆ گەیاندنی پەیامی ئۆجەلان بە جەنابی سەرۆك بارزانی و، چارەنووسی کورد لە سووریا، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سەعید عومەر خەلیل ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان– سووریا و بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییە نیشتمانییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** بارودۆخی سووریا دوای کەوتنی ئەسەد، خەریکە جۆرێك بەرەو سەقامگیری هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەحمەد شەرع لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پێشوازیی لێ دەکرێت. ئایا لە ماوەی نزیکەی ئەم سێ مانگەی دوای ڕووخانی ئەسەد، بارودۆخەکە چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکرێت؟**

- بارودۆخی سووریا دوای کەوتنی بەشار ئەسەد لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤، کە نزیکەی سێ مانگ لەمەوبەر ڕووی دا، لە ئێستادا قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاری و نادیارییە، دەتوانین بەم شێوەیە خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بۆ دۆخەکە بکەین:

١. هەنگاوەکانی بەرەو سەقامگیری دوای ڕووخانی ئەسەد، سووریا شایەتی سەرهەڵدانی حکومەتێکی کاتی بووە کە لەلایەن ئەحمەد شەرع (سەرۆکی پێشووی ئۆپۆزسیۆنی سووریا) سەرپەرشتی دەکرێت، ئەم حکومەتە هەوڵی داوە کە دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات و ئاشتییەکی ڕێژەیی لە ناوچە کەمتر جەنگییەکاندا بسەپێنێت، بەڵام سەقامگیرییەکی تەواوەتی هێشتا بەدی نەکراوە.

٢. پێشوازی لە ئەحمەد شەرع کە سەرۆکایەتی هەیئەت تەحریر ئەلشام (HTS) دەکات، لەلایەن بەشێك لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە ئەرێنی پێشوازی لێ کراوە، بەڵام پێشینەی دەستەی تەحریری شام HTS وەك گرووپێکی پێشتر ئیسلامیی توندڕەو، هێشتا نیگەرانی دروست کردووە، بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا.

**پێشینەی دەستەی تەحریری ئەلشام HTS وەک گرووپێکی پێشتر ئیسلامیی توندڕەو، هێشتا نیگەرانی دروست کردووە، بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا**

٣. سزاکانی یەکێتیی ئەورووپا، باس لە سووککردنی سزاکانی یەکێتیی ئەورووپا لەسەر سووریا دەکرێت، وەك هاندانێك بۆ حکومەتی نوێ بۆ پابەندبوون بە ژینگەیەکی سیاسیی فراوانتر و، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام تا ئێستا هیچ بڕیارێکی ڕەسمی لەم بارەیەوە نەدراوە.

٤. خوێندنەوەی گشتی لە ماوەی نزیکەی سێ مانگدا، سووریا لە دۆخێکی ئاڵوگۆڕی کاتیدایە، بەڵام بەهۆی جیاوازیی نێوان گرووپە سیاسی و ئیتنییەکان، بارودۆخەکە بۆ کورد و درووز جێگەی نیگەرانییە.

*** پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ ڕۆژئاوا هەر لە سەرەتاوە بەو ئاراستەیە بووە کە سوود لە دەرفەتی دوای ڕووخانی ئەسەد وەربگرن و داواکاری ئەوە بووە کە هەموو لایەنە کوردییەکان یەك بگرن و یەك ئامانجیان هەبێت. ئایا تاچەند لایەنە کوردییەکانی ڕۆژئاوا بەم ئاراستەیە هەنگاویان هەڵگرتووە؟**

- پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان (سووریا) لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە، بەتایبەتی دوای ساڵی ٢٠١١ کە شۆڕشەکە لە سووریا دەستی پێ کرد، جەختکردن لەسەر یەکگرتوویی لایەنە کوردییەکانی بووە،

سەرۆك بارزانی هەمیشە داوای ئەوەی كردووە كە كورد بە لەبەرچاوگرتنی یەك هەڵوێست و ئامانجێكی هاوبەش، سوود لە دەرفەتە سیاسی و ستراتیژییەكان وەربگرن بۆ بەدەستهێنانی مافەكانیان، بۆ ئەمەش بەڕێزیان چەندین هەوڵیان داوە، لە ساڵی ٢٠١٢ بە سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی، «دەستەی باڵای كورد»دامەزرا، كە مەبەستی سەرەكیی ئەوە بوو یەكگرتوویی لایەنە كوردییەكان لە ڕۆژئاوا بەدی بهێنێت. ئەم دەستەیە لە نێوان ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردی سووریا (ئەنەكەسە) و (پەیەدە) كە نزیكە لە پەكەكە دروست بوو، بەڵام هاوپەیمانێتییەكە زۆری نەخایاند و بەهۆی جیاوازییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەكانەوە لە نێوان هەردوو بەرەكەدا لاواز بوو، دواتر لە ساڵەكانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١، بە ناوبژیوانیی ئەمریكا و هەندێك فشار لەلایەن هەرێمی كوردستانەوە، گفتوگۆیەكی نوێ لە نێوان ئەنجومەنی نیشتمانی و پەیەدە دەستی پێ كرد بۆ یەكخستنی هەڵوێستەكان، بەڵام ئەم هەوڵانەش تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەنجامێكی كۆتایی، كێشەكە جیاوازیی ئایدیۆلۆژیایە، پەیەدە كە لە پەكەكەوە سەرچاوەی گرتووە، ئامانجی جیاوازە لە ئامانجە نیشتمانییەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردی لە سووریا، كە زیاتر لەسەر خودموختاری، یان فیدراڵیزم لە چوارچێوەی سووریادا كار دەكەن.

*** هاتنی مەزڵووم عەبدی بۆ كوردستان و كۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی دەنگدانەوەیەكی باشی هەبوو، ئایا هاتنی مەزڵووم عەبدی بە فڕۆكەیەكی ئەمریكی بۆ هەولێر و كۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی، چ كاریگەرییەكی هەبووە؟**

- هاتنی مەزڵووم عەبدی، بۆ هەرێمی كوردستان و كۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك مەسعود بارزانی لە ١٦ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٥، وەك هەنگاوێكی گرنگ لە پەیوەندییەكانی نێوان كوردانی ڕۆژئاوا و هەرێمی كوردستان لێك دەدرێتەوە، ئەم سەردانە دەنگدانەوەیەكی باشی هەبووە، بەتایبەت لە نێو كۆمەڵگەی كوردی و ناوچەكەدا، چونكە وەك دەستپێكێك بۆ یەكخستنەوەی هەڵوێستە كوردییەكان لە قۆناغێكی هەستیاری سیاسی و سەربازیی سووریادا سەیر كراوە. هاتنی مەزڵووم عەبدی بە فڕۆكەیەكی ئەمریكی، دەكرێت وەك نیشانەیەكی دیكە لە پشتیوانییەكی ئەمریكا بۆ پرۆسەی گفتوگۆی كوردی-كوردی لە سووریادا لێك بدرێتەوە، كە لە ڕاگەیەندراوەكانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكاش دەردەكەوێت كە پێشوازییان لەم كۆبوونەوەیە كردووە، ئەمەش ڕۆڵی سەروك بارزانی و هەرێمی كوردستان وەك ئاكتەرێكی سەرەكی لە ناوچەكەدا بەرجەستە دەكات.

*** شاندی دەم پارتی هاتنە هەولێر و پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان لە ئیمراڵییەوە بۆ سەرۆك بارزانی هێنا و هەروەها پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ ئیمراڵی دەبەنەوە. ئایا پەیامی ئۆجەلان بۆ ڕۆژئاوا چییە و، ئایا تاچەند پەكەكە ڕێز لە پەیامەكەی ئۆجەلان دەگرێت؟**

- لە دوای بانگەوازەكەی ئۆجەلان لە شوباتی ئەمساڵ (٢٠٢٥) بۆ چەكدانان لە توركیا، پەكەكە بە شێوەیەكی فەرمی پابەندبوونی خۆی بە ئاگربەست ڕاگەیاند لە ڕۆژئاوا، هێزەكانی هەسەدە و یەپەگە كە پەیوەندییەكی ئایدۆلۆژی و ستراتیژییان لەگەڵ پەكەكە هەیە، زۆرجار بە شێوەیەكی سەربەخۆ لە پەكەكەی قەندیل بەڕێوە دەچن، بەڵام ئاشتی لەگەڵ توركیاش بەسوودی خۆیان دەزانن، ئەمە دەرخەری ئەوەیە كە لەوانەیە ڕێز لە پەیامەكەی ئۆجەلان بگرن، بەڵام بە شێوەیەكی تاكتیكی و بەپێی بەرژەوەندییەكانی خۆیان جێبەجێی بكەن. بەپێی دۆخی سیاسی و فشارەكانی توركیا و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەكان، لەوانەیە بە شێوەیەكی تاكتیكی ڕێكەوتنێك بكەن كە لەگەڵ پەیامەكەی ئۆجەلان.

*** شاندی دەم پارتی پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان بۆ سەرۆك بارزانی هێناوە، ئایا ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی كورد لە توركیا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی كورد لە توركیا وەك ڕۆڵێكی گرنگ و كاریگەر لە لایەن چەندین لایەنەوە هەڵسەنگاندنی بۆ كراوە، بەتایبەتی بە پشتبەستن بە هەڵوێستی مێژوویی ئەو و هەرێمی كوردستان لەم پرسەدا. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكەتان، دەتوانین ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرین:

پشتگیریی سەرۆك بارزانی: بەردەوام جەختی لەسەر گرنگیی چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی كورد لە توركیا كردووە، ئەم هەڵوێستە لە كۆبوونەوەكانی لەگەڵ شاندە سیاسییەكانی وەك شاندەكانی پارتە كوردییەكانی باكوور و بەرپرسانی توركیا، بە ڕوونی دیارە. بۆ نموونە، لە كۆبوونەوەكانی ساڵی ٢٠٢٥ لەگەڵ شاندەكانی «دەم پارتی» و «هوداپار»، سەرۆك بارزانی پشتگیریی خۆی بۆ پرۆسەی ئاشتی دووپات كردووە و ئامادەیی خۆی بۆ هاوكاری نیشان داوە.

**سووریا لە دۆخێكی ئاڵۆگۆڕی كاتیدایە، بەڵام بەهۆی جیاوازیی نێوان گرووپە سیاسی و ئیتنییەكان، بارودۆخەكە بۆ كورد و درووز جێگەی نیگەرانییە**

**لە ساڵی ٢٠١٢ بە سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی، «دەستەی باڵای كورد»دامەزرا، كە مەبەستی سەرەكیی ئەوە بوو یەكگرتوویی لایەنە كوردییەكان لە ڕۆژئاوا بەدی بهێنێت.**

**پەیەدە كە لە پەكەكەوە سەرچاوەی گرتووە، ئامانجی جیاوازە لە ئامانجە نیشتمانییەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردی لە سووریا، كە زیاتر لەسەر خودموختاری، یان فیدراڵیزم لە چوارچێوەی سووریادا كار دەكەن**

پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان: کاتێك کە شاندەکەی دەم پارتی پەیامێکی ئۆجەلانی بۆ سەرۆك بارزانی هێنابێت، ئەمە دەری دەخات کە سەرۆك بارزانی وەك کەسایەتییەکی سەرەکی و مەرجەعی گەلی کورد و کوردستان، بەتایبەتی لە دۆزی کورد لە ناوچەکەدا سەیر دەکرێت. ئۆجەلان کە ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکەیە، لە پێشینەدا لە ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٥دا ڕۆڵی هەبووە لە دەستپێکردنی گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ تورکیا، ئەگەر پەیامەکەی ئەمجارە بۆ هەمان مەبەست بێت، ئەوا داواکردنی هاوکاریی سەرۆك بارزانی ئاماژەیە بۆ نفووزی سیاسی و ئەخلاقیی ئەو لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

بەشێوەیەکی گشتی سەرۆك بارزانی و هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا وەك ناوەندێك بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆی لایەنە کوردی و تورکییەکان کەڵکیان لێ وەرگیراوە، سەرۆك بارزانی لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرۆکەکانی تورکیا (وەك ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) و شاندە کوردییەکان، هەمیشە نەرمی و واقیعبینییەکی دیپلۆماسییەتی نیشان داوە، کە ئەمەش ڕۆڵەکەی وەك میانگەرێکی بەئەزموون دەردەخات، بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت، ڕۆڵی سەرۆك بارزانی وەك هێزێکی سیاسی و سەرۆکێکی کورد کە نفووزی لەسەر کوردەکانی ناوچەکە هەیە، و بە ڕۆڵێکی ئەرێنی و هاوسەنگ هەڵدەسەنگێندرێت، ئەم ڕۆڵە لە میانگەری، پاڵپشتیی سیاسی و هاندانی ئاشتی پێك هاتووە، بەڵام سەرکەوتنی کۆتایی بەستراوەتەوە بە هەماهەنگیی نێوان هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

*** بێگومان ئەم پەیامەی ئۆجەلان ئاراستەی سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل و کوردانی ڕۆژئاوا «پەیەدە»ش کراوە، ئایا بە بۆچوونی ئێوە سەرکردایەتیی قەندیل و پەیەدە پێشوازی لە پەیامەکەی ئۆجەلان دەکەن و پێوەی پابەند دەبن بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی دەست پێبکات؟**

- ئۆجەلان وەك دامەزرێنەر و سەرۆکی پەکەکە، هێشتا کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر بزووتنەوەکە، تەنانەت لە کاتی زیندانیکردنیدا لە تورکیا، پەیامەکانی بە زۆری وەك ڕێنمایی ستراتیژی بۆ سەرکردایەتیی پەکەکە و لایەنگرانی وەردەگیرێن. لەم حاڵەتەدا، ئەگەر پەیامەکەی ئۆجەلان ئاراستەی سەرکردایەتیی قەندیل و یەپەگە کرابێت بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی، ئەگەری ئەوە هەیە کە هەردوو لایەن بە شێوەیەکی بنەمایی پێشوازیی لێ بکەن، چونکە ئەوان بە شێوەیەکی مێژوویی پابەندی ڕێبازەکانی ئۆجەلان بوون، بەڵام ئەمە بەندە بە چەند فاکتەرێك: لەوانە ناوەڕۆکی پەیامەکە کە ئایا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی پەکەکە و سەرکردایەتیی توندی قەندیل دەگونجێت. چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد پەیوەستە بە ئامادەباشیی حکومەتی ئەردۆغان بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیا و دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامەی ئەو دەوڵەتە.

*** بە ڕای ئێوە، ئایا هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستوور دەست پێدەکات؟**

- چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا پەیوەستە بە چەندین فاکتەری سەرەکییەوە، لەوانە ئامادەیی حکومەتی ئەردۆغان بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە دەستوور و پێناسەی ناسنامەی دەوڵەتدا، بەڵام ئایا ئەم دوو پرۆسەیە (ئاشتی و هەموارکردنەوەی دەستوور) دەتوانن هاوکات دەست پێ بکەن؟ لێرەدا شیکارییەکی پێویستە:

یەکەم: پرۆسەی ئاشتی کە باس دەکرێت، ئەمە پێویستی بە متمانەسازی و هەنگاوی کردەیی هەیە.

دووەم: هەموارکردنەوەی دەستوور پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزتر و درێژخایەنترە، چونکە دەستووری تورکیا لە ساڵی ١٩٨٢ەوە (کە دوای کودەتای سەربازی دروست بوو) بە شێوەیەکی سەرەکی تورك - ناسیزمە و ناسنامەی کورد و کەمینەکانی دیکە بە تەواوی پێناسە ناکاتەوە. بۆ گۆڕینی ئەم دەستوورە، پێویستە زۆرینەیەکی گەورە لە پەرلەمان (لانیکەم ٤٠٠ کورسی لە ٦٠٠) یان پشتگیریکردنی هاوپەیمانییەکی بەهێز هەبێت، کە ئێستا حزبەکەی ئەردۆغان (ئاکەپە) و هاوپەیمانەکەی (مەهەپە) بە تەنیا ئەم ژمارەیەیان نییە، ئەمەش مانای وایە کە پێویستیان بە پشتگیریکردنی حزبە کوردییەکانی (وەك دەم پارتی) یان ئۆپۆزسیۆنی دیکە وەك (جەهەپە)هەیە.

سێیەم: لە ڕووی سیاسییەوە، ئەردۆغان تا ئێستا نیشانی داوە کە زیاتر پابەندە بە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی وەك لە چارەسەرییەکی ڕاستەقینەی کێشەی کورد. بە بڕوای من، هاوکات دەستپێکردنی هەردوو پرۆسەکە لە ئێستادا قورسە. پرۆسەی ئاشتی دەتوانێت ببێتە خاڵی دەستپێك بۆ گفتوگۆ، بەڵام هەموارکردنەوەی دەستوور پێویستی بە کاتێکی زیاتر و ئامادەییەکی سیاسیی گەورەتر هەیە.

**هاتنی مەزڵووم عەبدی بە فڕۆکەیەکی ئەمریکی، دەکرێت وەک نیشانەیەکی دیکە لە پشتیوانییەکی ئەمریکا بۆ پرۆسەی گفتوگۆی کوردی-کوردی لە سووریادا لێک بدرێتەوە**

**هێزەکانی هەسەدە و یەپەگە کە پەیوەندییەکی ئایدۆلۆژی و ستراتیژییان لەگەڵ پەکەکە هەیە، زۆرجار بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە پەکەکەی قەندیل بەڕێوە دەچن، بەڵام ئاشتی لەگەڵ تورکیاش بەسوودی خۆیان دەزانن**

**ئەگەر پەیامەکەی ئۆجەلان ئاراستەی سەرکردایەتیی قەندیل و یەپەگە کرابێت بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی، ئەگەری ئەوە هەیە کە هەردوو لایەن بە شێوەیەکی بنەمایی پێشوازیی لێ بکەن**



**ئەحمەد بارزان علیکۆ**
**قایمقامی قەزای چۆمان بۆ گوڵان:**

# تەنیا لە ماوەی هەشت مانگی ساڵی٢٠٢٤دا بە بڕی حەوت ملیار دینار کار و پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ قەزای چۆمان و سنوورەکەی جێبەجێ کراون

# لە کابینەی نۆیەمدا گرنگییەکی زۆر بە کەرتی گەشتیاری دراوە و چەندین پڕۆژەی گەورە و گرنگ و پێنج ئەستێرەیی ئەنجام دراون

## لەلایەن کابینەی نۆیەمەوە ئامێری گورچیلە شووشتن و سیتی سکان بۆ نەخۆشخانەی چۆمان دابین کراوە

**قەزای چۆمان، لە سەنتەری قەزا و ناحیەکانی «قەسرێ، گەڵاڵە، حاجی ئۆمەران، سمێلان» و ١٢٦ گوند پێك هاتووە، ژمارەی دانیشتووانی لە نێوان ٣٥تا٣٦ هەزار کەسە و، ناوچەکە بە باخداری و ئاژەڵداری و گەشتیاریی چوار وەرزە بەناوبانگە، هاوکات دەروازەیەکی فەرمیی گرنگ لە سنووری قەزای چۆماندا هەیە کە هاتوچۆی بەردەوامی بازرگانی و گەشتیاری ڕێك دەخات لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران. گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی کاروانی ئاوەدانی لەم سنووری چۆمان دیدارێکی لەگەڵ ئەحمەد بارزان علیکۆ قایمقامی چۆمان ئەنجام دا.**

*** چۆمان ناوچەیەکی شاخاوییە، بۆیە با سەرەتا لە ڕێگەوبانەکانەوە دەست پێبکەین، ئایا لە سنوورەکەدا لە کابینەی نۆیەمدا تا چەند گرنگی بە ڕێگەوبان، بەتایبەتی تۆڕی ڕێگەوبانی نێوان گوندەکانی سنوورەکە دراوە؟**

- لە کابینەی نۆیەمدا یەکێك لەو کار و پڕۆژە گرنگانە کە کاری تێدا دەکرێت، نۆژەنکردنەوەی ڕێگەی هاملتۆنە، کە ڕێگەیەکی سەرەکییە بۆ بەستنەوەی ناوچەکە بە دەروازەی حاجی ئۆمەران و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و هەولێری پایتەختەوە، هەروەها ڕێگەی باڵەکان ئەو ڕێگەیەی کە لە ڕێگەی هاملتۆن دەردەچێت بۆ ناحیەکان، نۆژەن کراوەتەوە و ڕێگەی ڕەزوڵقەسرێش بە هەمان شێوە چاك کراوەتەوە و قیرتاو کراوەتەوە، هەروەها ئەو شەقامە کۆنەی ناو ناحیەی حاجی ئۆمەران لە قۆناغی کۆتاییدایە کە دەکرێتە دوو سایدێکی زۆر جوان، پڕۆژەیەکیش کە بڕی شەش ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە دوو سایدی چۆمان بۆ حاجی ئۆمەرانە، کە لەژێر جێبەجێکردندایە، بە تەواوبوونی ئەو ڕێگەیەش ئەو لۆفە و بەرزی و نزمییەی لە سنووری ئازادی هەیە، لە ڕێگەکەدا نامێنێت. هەرچی بوودجەی ڕێگەوبانیش هەیە (چ دروستکردن چ نۆژەنکردنەوە)، بڕە پارەیەکی زۆری پێویستە، هەر بۆ نموونە تەنیا گوژمەی ڕێگەی هاملتۆن بۆ ڕەزوڵقەسرێ و مەران و ئێنی بریتییە لە دوو ملیار و حەفتاوپێنج ملیۆن دینار، تا ئێستاش کێشەمان لە تۆڕی ڕێگەوبانی نێوان گوندەکاندا هەیە و ڕێگەی

**پڕۆژەیەکیش کە بڕی شەش ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە دوو سایدی چۆمان بۆ حاجی ئۆمەرانە، کە لەژێر جێبەجێکردندایە**

**تا ئێستاش کێشەمان لە تۆڕی ڕێگەوبانی نێوان گوندەکاندا هەیە و ڕێگەی هاتوچۆکردن باش نییە**

**تەنیا گوژمەی ڕێگەی هاملتۆن بۆ ڕەزوڵقەسرێ و مەران و ئێنی بریتییە لە دوو ملیار و حەفتاوپێنج ملیۆن دینار**

**باشترین سێتکەر لە سنوورەکەماندا ئاوی خواردنەوەیە کە کەمترین کێشەمان هەیە و لەو بوارەدا چەندین پڕۆژەی ستراتیژیمان هەیە**

**چەند شوێن و گوندێکی سنوورەکە پێویستیان بە حەوزی گلدانەوەی ئاوی خواردنەوە و درێژکردنەوەی بۆڕیی تۆڕەکانی گەیاندن و دابەشکردنی ئاو هەیە**

**لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو زیاتر لە چوار ملیار دینار بۆ کەرتی ئاوی خواردنەوە لە سنووری قەزای چۆمان خەرج کراوە**

هاتوچۆکردن باش نییە، چونکە کار و پڕۆژەکان بەو شێوەیە دابەش و جێبەجێ دەکرێن کە زۆرترین خەڵك و هاووڵاتیان تێیدا سوودمەند بن، لەگەڵ ئەوەشدا باشکردن و ئەنجامدانی پڕۆژە بۆ ڕێگەوبانی گوندەکان لە بەرنامە و پلاندایە، بۆ نموونە لە ئەمساڵدا (٢٠٢٥) ڕێگەی گەشتیاریی سەکرانە و ڕێگەی ناوپردان بۆ قرژێ و چۆمان بۆ دێلزێ و ڕێگەی چۆمان بۆ وەردە و چۆمان بۆ مەمی خەڵانە کە باڵەکانی ڕێگەی هاملتۆنن، خراوەتە پلان و کاری جددییان بۆ کراوە و چەندین کار و پڕۆژەی ڕێگەوبان بۆ سنوورەکەمان لە پلاندایە کە لە ئەمساڵدا جێبەجێ بکرێت.

*** ئایا لە چۆمان و ناحیە و سنوورەکەدا هیچ پڕۆژەیەکی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە هەیە؟ بۆ ئەو خزمەتگوزارییە گرنگە سوود لە چ جۆرە ئاوێك وەردەگرن؟**

- باشترین سێتکەر لە سنوورەکەماندا ئاوی خواردنەوەیە کە کەمترین کێشەمان هەیە و لەو بوارەدا چەندین پڕۆژەی ستراتیژیمان هەیە، لەوانە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی سەنتەری ناحیەی قەسرێ لە جێبەجێکردندایە بەبڕی یەك ملیار و ٧٠٩ ملیۆن دینار، پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی گویزان – جێژلینگە لەژێر ئەنجامدایە بە گوژمەی زیاتر لە یەك ملیار دینار، چەندین پڕۆژەی دیکەشمان هەیە وەکو پڕۆژەی درێژکردنەوە و بەرفرەوانکردنی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە لە ناو سەنتەری قەزادا، ئەگەرچی چەند شوێن و گوندێکی سنوورەکە پێویستیان بە حەوزی گلدانەوەی ئاوی خواردنەوە و درێژکردنەوەی بۆڕیی تۆڕەکانی گەیاندن و دابەشکردنی ئاو هەیە، ئەو پڕۆژە بچووکانە دەکرێت بەپێی ئەو پلانەی دانراوە لە یەك تەندرەدا چارەسەر بکرێن و پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی هەموو سنوورەکە ئاوی ڕووبار و کانییەکانە پاش چارەسەرکردنیان، بۆ نموونە سەنتەری قەزا لە سەرچاوەی کانیی پرژێ ئاوی بۆ دابین کراوە و سەنتەری ناحیەی حاجی ئۆمەرانیش لە کانیی قوتاف لە ڕێگەی پڕۆژەیەکەوە ئاوی خواردنەوەیان بۆ دەچێت، هەر بۆیە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو زیاتر لە چوار ملیار دینار بۆ کەرتی ئاوی خواردنەوە لە سنووری قەزای چۆمان خەرج کراوە.

*** ئایا لە سنووری قەزای چۆمان چەند پۆندی گلدانەوەی ئاو هەیە و لەم بارەوە بەرنامە و پلانتان چییە؟**

- تا ئێستا هیچ پۆند و بەنداوێك لە سنوورەکەی ئێمەدا نییە، بەڵام چەندین شوێن لە سنوورەکە دەستنیشان کراوە کە زۆر گونجاون بۆ ئەو پڕۆژە گرنگە، بەتایبەتی لە ڕووی ئاودێرییەوە کە چەند شوێنێك دیزاینیان بۆ ئامادە کراوە، چاوەڕوان دەکەین لە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی ڕێزدار مەسرور بارزانی، گوژمەی پێویست بەپێی پلان و بەرنامە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پۆندانە تەرخان بکرێت و بچنە بواری پڕۆژە و کارکردنەوە، کە پێویستییەکی سەرەکین بۆ کاری کشتوکاڵی و باخداری و ئاژەڵداری لە سنوورەکەدا.

*** کەرتی کشتوکاڵ لە چ ئاستێکدایە لەو سنوورەدا و، ئایا پڕۆژەی ئاودێریتان هەیە؟**

- پێشتر و لە ساڵانی ڕابردووشدا زۆربەی ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بە جۆگەلەی ئاودێری هەبوو بۆ کاری کشتوکاڵی و باخداری، جێبەجێ کراوە، لەگەڵ ئەمەشدا چەندین شوێن لە بواری ئاودێریدا کەموکوڕییان هەیە، بۆ ئەو شوێنانەش دەرخستە کراوە و ڕەزامەندییشیان بۆ وەرگیراوە و خراونەتە پلان بۆ جێبەجێکردن، هەروەها لە ماوەی ساڵی ڕابردوو پڕۆژەی ئاودێریی ئاوی مەران بەبڕە ٧٥ ملیۆن دینار جێبەجێ کرا و ئێستا لە خزمەتی خەڵکەکەدایە. چەند پڕۆژەیەکی ئاودێری لە سنووری ناحیەی قەسرێ دەرخستەی بۆ کراوە و چەندین ڕێگەیش گیراوەتەوەبەر و بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بچنە بواری جێبەجێکردنەوە، لە سنوورەکەدا جووتیار و چەندین کەسی دیکەش هەن کاری بەخێوکردنی مێش هەنگوین دەکەن، کە ئەو کارە کەرتی تایبەتە و ئێمە تەنیا هاریکارییان دەکەین لە چەندین لایەنەوە، بۆ نموونە بۆ دیاریکردنی شوێنی دانان و بەخێوکردنی میش هەنگوین، تاوەکو گیانی هاووڵاتیان سەلامەت بێت، چونکە سنوورەکە کێڵگەی مینی تێدا

ماوە و لە ڕووی باخدارییشەوە ساڵ لە دوای ساڵ ئەو سنوورە پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە و بەرهەمەکانیان زیاتر برەو پێ داوە.

*** لەڕووی گەشتیارییەوە کە سنوورێکی زۆر گونجاوتان هەیە، بەتایبەتی لە گەشتیاریی زستانەدا چی کراوە و، ئەو پڕۆژەی گەشتیارییەی بۆ چیای سەکران هەبوو چیی بەسەر هات؟**

- پڕۆژەی گەشتیاریی زۆر گەورەمان هەیە، لەوانە بە نموونە لە شێخان و وێڵزێ پڕۆژەی گەشتیاریی پێنج ئەستێرەمان هەیە و لە حاجی ئۆمەران کۆمەڵگەی گەشتیاری هەیە، ماستەرپلانی چیای سەکران کارێکی زۆر باش بوو، بەڵام تا ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە، هەرچەندە پلان هەیە بۆ ئیشکردن تێیدا و لە بەرنامەماندایە لەگەڵ دەستەی ژینگە هەرچییەك پێویست بێت بۆ پڕۆژەی چیای سەکران بیکەین، چونکە ئەو شوێنە بۆ ئەو مەبستە دەستنیشان کرابوو کە ببێتە جێگەی بەخێوکردن و ئاشنابوونەوە بە ئاژەڵە کێوی و باڵندەکان، کە ئەمەش پڕۆژەیەکی یەکجار گرنگە بۆ ژینگە و بۆ کەرتی گەشتیاری کە ئەو پڕۆژەیەش پلان و هەوڵێکی درێژخایەنی پێویستە. لەلایەکی دیکەوە وەك ئاشکرایە کە گەشتیاریی ناوچەکە چوار وەرزەیە و لە زستانیشدا سەردانیکەرمان وەکو هاوین یەکجار زۆرە، لە وەزری پاییزی ڕابردوو ٤٠ گرووپی گەشتیاری سەردانی سنووری قەزای چۆمانیان کرد و شەو مانەوە، ئێمەش وەکو حکومەت هاریکاری و ئاساناکاریمان بۆ دەستەبەرکردن و خەرجی و پێداویستیی ئەو گرووپانەمان لە ئەستۆ گرت، زستانانیش جگە لە گەشتیاری ئەوە فێستیڤاڵی خلیسکانی سەر بەفر لە سنوورەکە ئەنجام دەدرێت.

*** کەرتی پەروەردە و تەندروستی لە سنووری قەزای چۆمان لە چ ئاستێکدایە و، ئایا کەموکووڕیتان لە ڕووی بینایە و میلاکاتەوە هەیە؟**

- لە ڕووی بینایەی قوتابخانەوە لە سنوورەکە، ناکرێت بڵێین کێشە نییە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کاریگەریی خراپ لەسەر پرۆسەی خوێندن دروست بکات، چەند قوتابخانەیەك لە سەنتەری قەزا و ناحیە و سنوورەکەدا هەیە کە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، لە سەنتەری قەزای چۆمان ڕەزامەندی هەیە بۆ دروستکردنی دوو قوتابخانەی نۆ پۆلی، هەروەها کۆنترین قوتابخانەی سەنتەری قەزا کە بە قوتابخانەی «ڕەش» ناسراوە، بڕیار دراوە کە نۆژەن بکرێتەوە، لەو گوندانەی کە لە وەرزی زستاندا کەسی تێدا نامێنێت وەك گوندی وەرزینە، ئەوە قوتابخانەیان نییە و قوتابیەکانیان دێنەوە ناو قەزا، یان ناحیەکان.

سەبارەت بە کەرتی تەندروستییش لە سەنتەری قەزاکەدا نەخۆشخانەیەکی زۆر باش و پێشکەوتوو هەیە، ئەگەرچی کێشەی کەمیی میلاکیان هەیە، کە ئەمەش بە هۆی بەدەنگەوەهاتنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سۆران تا ڕادەیەکی باش ئەو گرفتە چارەسەر کراوە، بەڵام هێشتا کەموکووڕی و پێداویستیی کەلوپەلمان لە نەخۆشخانەکەدا هەیە، ساڵی ڕابردوو بە بڕی ملیارێك و ٢٠٠ ملیۆن دینار ئامێری شووشتنی گورچیلە بۆ نەخۆشخانەکە دابین کرا، هەروەها ئامێرێکی دیکەی زۆر پێشکەوتوو و هاوچەرخی پزیشکیشمان بۆ دابین کرا، کە ئتمیری سیتی سکانە، هاوکات پێویستمان بە نەخۆشخانەیەکی بەرفراوانتر و(٥٠)قەرەوێلەیی هەیە، چونکە سنوورەکە بەرفراوانە و گەشتیاریشی بە هەر چوار وەرز بۆ دێت.

*** ئایا سێکتەری کارەبا لەو سنوورەدا چۆنە؟**

- تۆڕی کارەبای نیشتمانی بۆ زۆربەی شوێنەکانی سنوورەکە چووە، تەنیا چەند گوندێکی دوورەدەست ماوە کارەبایان بۆ بچێت کە ئەویش لە پلاندایە، لە ناحیەی سمێلان و سنوورەکەی لە پڕۆژەی گەیاندنی تۆڕی کارەبای نیشتمانی لەلایەن وەزارەتی کارەبای هەرێمەوە، لە ساڵی ڕابردوو بە بڕی نزیکەی ٣٧٠ ملیۆن دینار پڕۆژە جێبەجێ کراوە. هاوکات دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە تەنیا لە ماوەی هەشت مانگی ساڵی ڕابردووی ٢٠٢٤ زیاتر لە ٧ ملیار دینار لە کەرت و سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی خزمەتگوزاریدا لە سنووری قەزای چۆمان خەرج کراون.

**تا ئێستا هیچ پۆند و بەنداوێك لە سنوورەکەی ئێمەدا نییە، بەڵام چەندین شوێن لە سنوورەکە دەستنیشان کراوە کە زۆر گونجاون بۆ ئەو پڕۆژە گرنگە**

**چەند پڕۆژەیەکی ئاودێری لە سنووری ناحیەی قەسرێ دەرخستەی بۆ کراوە و چەندین ڕێگەیش گیراوەتەوەبەر و بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بچنە بواری جێبەجێکردنەوە**

**لە وەرزی پاییزی ڕابردوو ٤٠ گرووپی گەشتیاری سەردانی سنووری قەزای چۆمانیان کرد و شەو مانەوە**

**لە ڕووی بینایەی قوتابخانەوە لە سنوورەکە، ناکرێت بڵێین کێشە نییە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کاریگەریی خراپ لەسەر پرۆسەی خوێندن دروست بکات**

**پێویستمان بە نەخۆشخانەیەکی بەرفراوانتر و(٥٠)قەرەوێلەیی هەیە، چونکە سنوورەکە بەرفراوانە و گەشتیاریشی بە هەر چوار وەرز بۆ دێت**



## كیژان ئیسماعیل:

# پەروەردەیەكی جوانی منداڵەكانمان گەورەترین سەركەوتنە

ژمارەی خانمانی خاوەنكار لە هەرێمی كوردستاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، ئەوەش بە دەستكەوتێكی مەزن هەژمار دەكرێت و بۆ توێژی ئافرەتان شانازییەكی گەورەیە، لێرەوە بەو ڕاستییە دەگەین كە ئافرەتی كورد بە درێژایی مێژوو سڵی لە ماندوو بوون نەكردووەتەوە، تەنانەت لە دابینكردنی بژێوی خێزان هاوكار و یارمەتیدەری پیاو بووە، ئەوان وێڕای ڕۆڵی دایكایەتی چەندین كار بە جورئەتەوە ئەنجام دەدەن، تەنانەت لە ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی و خەباتی شار و شاخ و ژیانی ئاوارەیی شانبەشانی باوك و برا و هاوسەر خەباتی كردووە و هیچ كات كۆڵی نەداوە.

كیژان ئیسماعیل خانمە گەنجێكی بزێو و بە ئەزموونی شاری قەڵادزێیە، لە ڕێگەی پەیجی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە برەو بە بەهرە و تواناكانی دەدات. كیژان ئیسماعیل تەمەنی ٢٧ ساڵە و دەرچووی پەیمانگەی تەكنیكی كشتوكاڵی بەكرەجۆیە، خێزاندارە و دایكی دوو منداڵە، وەك خۆی باسیدەكات دوای تەواو كردنی خوێندن لە هەلی دامەزراندن سوودمەند نەبووە و لە ماڵەوە كار دەكات و لە پاڵ كاركردنیدا گرنگی بە پەروەردەكردنی منداڵەكانی دەدات، لە گفتوگۆیەكدا بەمجۆرە ئەزموونی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان باس دەكات.

گوڵان: كۆمەڵایەتی

«من زۆر دەمێکە بە ئۆنلاین ئیش دەکەم، بەڵام هەر جارە و بە هۆکارێك چەندین جار ئیشەکەمم گۆڕیوە، کارکردن بۆ من وەکو خوویەکی لێهاتووە و ناتوانم بێکار دابنیشم، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر حەزم لە وێنە گرتن و ڤیدیۆ کردنە، هەموو وێنە و ڤیدیۆکان هی خۆمن و لە هیچ شوێنێك وەرم نەگرتوون، وەك ئاشکرایە لە ئیستادا هەموومان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنین، ئیتر بۆچی هەوڵنەدەین لەم ڕێگەیەوە سوودێکمان بۆ خۆمان و بۆ خەڵکیش هەبێت، دەتوانین لە ماڵەکانی خۆمانەوە لە ڕێگەی مۆبایلەوە بەهرە و تواناکانمان یەکبخەین و بەرهەمی جوان و بە سوود پێشکەش بە کۆمەڵگە بکەین».

سەبارەت بە ئامانجی لە کارکردندا دەڵێت: «ئامانجم ئەوەیە لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە پەیجی by__ kizhan سوودێکم بۆ کۆمەڵێك خاتوون هەبێت کە حەزیان لە فێربوونی دروست کردنی خواردنە، هەروەها هەوڵدەدەم بە ڕازاندنەوە و جوانکردنی ماڵ و خۆشگوزەرانی ژیان لە بەرچاویان سەرنجڕاکیش تر بکەم، ئەگەر بە ستۆریەکیش بێت، بۆ ئەوەی چێژ لە خواردن دروستکردن و ماڵ بەڕێوەبردن ببینین، تاوەکو ئەوانیش هەوڵی دۆزینەوەی بەهرەکانیان بدەن و بێنە ناو مەیدانی کار، تاوەکو ببنە خاوەنکار و خاوەن داهاتی خۆیان».

کیژان ئیسماعیل لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: « زۆرێك لە ئافرەتان وا بیر دەکەنەوە کە ئەگەر لە دەرەوە کار نەکەن ئەوا سەرکەوتوونین و ڕەنجیان بە خەسار ڕۆیشتووە، بەڵام مەرج نییە بۆ سەرکەوتن لە دەرەوە فەرمانبەر بیت، بەڵکو دەتوانین لەماڵەوە ئیش بکەین و سەرکەوتووش بین، تەنانەت پەروەردەیەکی جوانی منداڵەکانمان گەورەترین سەرکەوتنە، دایك بەهێزترین داهێنەرە و دەتوانێت بە پەروەردە کردنەکەی مرۆڤێکی تەندروست و دەروونددروست پێشکەشی کۆمەڵگە بکات، کە ئەوەش بۆ وڵاتەکەمان گەورەترین دەستکەوتە، کوردیش دەڵێت ڕەحمەت لەو دایکەی پەروەردەی کردووی».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا تاچەند لەگەڵ کارکردن دڵخۆشیت و شانازی بە تواناکانت دەکەیت؟ ئەو گوتی: «بە کارکردنم هەست بە دڵخۆشی دەکەم لەگەڵ ئەوەی دەتوانم کار بکەم و لە هەمان کاتیشدا لە منداڵەکانم دوور نابم، سوپاس بۆ خوا کە توانام هەیە ئیش بکەم و کارێك ئەنجام بدەم کە خەڵك بە دڵیەتی و سوودێکی دەبێت، پەیجەکەم بۆ من وەکو ئەندامێکی خێزانەکەم وایە، دەمەوێ لە ڕێگەی ئەو پەیجەوە شتی جوان پێشکەش بە بینەرەکانم بکەم و سوود بەخۆم و بە کۆمەڵگە بگەیەنم، پێموایە کەس لە سکی دایکییەوە فێری داهێنان و پێشکەوتن نابێت، بەڵکو هەموو ئامانجێك هەوڵدانی دەوێت، هەتا زیاتریش لە بوارێکدا بمێنیتەوە زیاتر لەو بوارەدا شارەزا دەبیت، لەبەر ئەوە کۆڵنەدان و بەردەوامی هەوێنی سەرکەوتن و پێشکەوتنە، من وەك خۆم بەردەوام خەریکی خۆ پێگەیاندنم لە هەر کوێیەك زانیاری هەبێت بە خۆڕایی یان بە پارە من ئامادەم بۆ فێربوون، تاوەکو زیاتر بتوانم ئیشەکانم جوانتر بکەم و بەرەو پێشیان ببەم».

**زۆرێک لە ئافرەتان وا بیر دەکەنەوە کە ئەگەر لە دەرەوە کار نەکەن ئەوا سەرکەوتوونین و ڕەنجیان بە خەسار ڕۆشتووە**

**دەمەوێ لە ڕێگەی ئەو پەیجەوە شتی جوان پێشکەش بە بینەرەکانم بکەم و سوود بەخۆم و بە کۆمەڵگە بگەیەنم**

**بەردەوام خەریکی خۆ پێگەیاندنم لە هەر کوێیەک زانیاری هەبێت بە خۆڕایی یان پارە من ئامادەم بۆ فێربوون**



## شادی حەسەن:

# کتێبخانەکەم ئۆنلاینە و لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە ناساندن بۆ کتێبەکانم دەکەم

لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتن و کرانەوەی جیهان لە سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیا، بەتایبەت سۆشیال میدیا کە بووە بە دەرچەیەکی باش بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ ژمارەیەك لە تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت خانمان، مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە کە ئەمڕۆ کۆمەڵێك کچ و ئافرەتی بە توانا لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە توانیویانە سەرچاوەی داهاتی خۆیان مسۆگەر بکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

شادی حەسەن کچە کچێکی بوێر و چالاکی شارۆچکەی سەنگەسەرە و لە ماڵەکەی خۆیاندا کتێبخانەیەکی کردووەتەوە و بە شێوەی ئۆنلاین و ڕاستەوخۆ کتێب دەفرۆشێت.

شادی حەسەن لە ساڵی ١٩٩٤ لە شارۆچکەی سەنگەسەر لە دایکبووە و دەرچووی بەشی پەروەردە و دەروونزانی کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێیە، وێڕای ئەوەی کتێب دەفرۆشێت، بەشداری لە کردنەوەی پێشانگا گشتییەکانیش دەکات. لە گفتوگۆیەکدا بەمجۆرە چیرۆکی کارکردنی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەگێڕێتەوە.

«ماوەی پێنج ساڵە خوێندنم تەواو کردووە، ساڵێك پێش تەواوکردنی خوێندن لە ماڵەوە کتێبخانەیەکم کردەوە و لە ئێستادا کتێبخانەکەم ئۆنلاینە و لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە ناساندن بۆ کتێبەکانم دەکەم، جیا لەوەش ساڵانە پێشانگای کتێب لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەکەمەوە، تەنانەت لە زانکۆ و پەیمانگاکانیش بە هەمان شێوە پێشانگا دەکەمەوە».

هەروەها گوتی: «کتێب خوێندنەوە ئارەزووی پەسەندکراوی منە، پێش ئەوەی دەست بە بەکاری کتێب فرۆشی بکەم، پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ کتێب و خوێندنەوەدا هەبوو، هەر ئەو هۆکارەش وایکرد بیر لەوە بکەمەوە کە ئەم کارە بکەم، چونکە لە ناوچەکەی من هیچ جۆرە کتێبخانەیەك بوونی نییە، هاوکات سەنگەسەر شارەدێیەکە، کەوتووەتە دەڤەری پشدەر یەکێکە لە گەورەترین ناحیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. دوای کارکردنم لە پێشانگایەکی کتێب بیرم لەوە کردەوە کە خۆم ببم بە خاوەنی کارەکە، ئەنجاممدا و سەرکەوتوو بووم».

سەبارەت بە ئامانجی کارکردنی لەم بوارەدا دەڵێت: «ئامانجم ئەوەیە بتوانم کتێب خوێندنەوە و بڵاو بوونەوەی کتێب پەرە پێبدەم، لە هەمان کاتیشدا ویستم لەم ڕێگەیەوە ببمە خاوەنکاری خۆم، چونکە ئابووری سەربەخۆ بۆ کچێك زۆر گرنگە کە لە سەرەتای دەستپێکردنی خولیاکانی بێت، بێگومان بوونی ئابووری سەربەخۆ بۆ کچان و ئافرەتان جیا لە هەرشتێکی دیکە گرنگی خۆی هەیە، چونکە تاکو ئابووری سەربەخۆت نەبێت عەقڵێکی ئازادیشت نابێت. من بەشبەحاڵی خۆم کارەکەمم زۆر خۆشدەوێت و شانازی پێوە دەکەم، تەنانەت خەڵکیش بە گشتی تێڕوانینێکی ئەرێنییان بۆ کارەکەم هەیە و بە کارێکی پیرۆزی دەزانن».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش ئایا کاتێك بیرت لەوە کردەوە ئەو کارە بکەیت، هیچ ڕێگرییەکت لێکرا؟ یان بەپێچەوانەوە هاندەر و پاڵپشتیت هەبوو؟ ئەو گوتی: «سوپاس بۆخوا ڕێگرییەکی وام نەبوو کەم کەمیش هەر دەبێت، ئەویش بە هۆی بچووکی و داخراوی شوێنەکە بوو، بەڵام بۆ هەر کارێك کاتێك خێزانەکەت پاڵپشتیت دەکەن کارەکان بەڕێکی دەچنە پێشەوە، منیش خێزانەکەم پاڵپشتم بوون بەتایبەت براکانم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زیاتر پشتم بە تواناکانی خۆم بەستووە».

شادی حەسەن دەربارەی پڕۆژە و بیرۆکەی داهاتووی کارەکەی دەڵێت: «وەك دەزانن لە ئێستادا کتێبخانەکەم لە ماڵەوەیە و بە ئۆنلاین کتێب دەفرۆشم و ژوورێکی تایبەتم لە ماڵەوە بۆ ئیشەکەم تەرخانکردووە، لە داهاتوودا پشت بە خودا هەوڵدەدەم پێشانگاکەم ببەمە دەرەوە و گەورەی بکەم، تاوەکو بتوانم هەم کافێ و هەم کتێبخانەیەکی کلاسیك لە ناوچەکەی خۆمان بکەمەوە، هەروەها خەونی ئەوەم هەیە لە ناو کتێبخانەکەم دەرفەتی کار بۆ چەند خانمێك بڕەخسێنم، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا ستافی کتێبخانەکەم کۆمەڵێك کچی چالاك و بەتوانا دەبن و لە ئایندەیەکی نزیکدا کار بۆ ئەوە دەکەم».

**دوای کارکردنم لە پێشانگایەکی کتێب بیرم لەوە کردووە کە خۆم ببم بە خاوەنی کارەکە، ئەنجامم‌دا و سەرکەوتوو بووم**

**بوونی ئابووری سەربەخۆ بۆ کچان و ئافرەتان گرنگی خۆی هەیە، چونکە تاکو ئابووری سەربەخۆت نەبێت عەقڵێکی ئازادیشت نابێت**

**خەونی ئەوەم هەیە دەرفەتی کار بۆ چەند خانمێک برەخسێنم، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا ستافی کتێبخانەکەم کۆمەڵێک کچی چالاک و بەتوانا دەبن**



هیوا سوعاد بۆ گوڵان:

# چەندین وڵات و دەیان گروپ بەشداری لە خولی هەشتەمی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی هەولێر دەکەن

**بڕیار وایە لە سەرەتای مانگی نیسان هەشتەمین خولی فیستیڤاڵی شانۆی هەولێر ئەنجام بدرێت. سەبارەت بە فیستیڤاڵەکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ هیوا سوعاد ئەنجام داوە.**



*** ئامادەکارییەکانتان بە کوێ گەیشتووە؟**

- ئێستا خەریکی ئامادەکاریین بۆ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شانۆی هەولێر. هەر بەو بۆنەیەوە داوامان لە نووسەران و ڕەخنەگران کردووە ئەوانەی لە بواری شانۆدا دەنووسن و دەق و نووسین و بابەتیان هەیە سەبارەت بە شانۆ، بابەتەکانیان بنێرن بە ئامانجی بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤاری تیاتەر، کە لە کاتی فێستیڤاڵەکەدا بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێت، هەروەها داوامان لە برا عەرەبەکان و ڕەخنەگران و نووسەرانمان کردووە کە بە زمانی عەرەبی و نێودەوڵەتی ناسراون، بابەتەکانیان لەم بوارەدا بنێرن.

پەیوەندیمان بە گرووپە شانۆییەکانی لیبیا و میسر و جەزائیر و وڵاتانی دیکەوە کردووە بۆ بەشداریکردن لەم فێستیڤاڵە، بەڵام دەبێت ڤیدیۆی کارەکانیان بنێرن بۆ ئەوەی لەلایەن لیژنەیەك کە لە فێستیڤاڵەکەدا دیاری کراوە، بۆ مەبەستی بەشداریکردن، هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

*** فیستیڤاڵی شانۆی هەولێر چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر بووژانەوەی شانۆ لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی شاری هەولێر؟**

- شانۆ وەك بەرهەمێك بوو لە ئاستێکی تردا، گۆڕانکاریی زۆر لە ڕووی کار و پێشکەشکردنی نمایشە شانۆییەکان و مامەڵەی دەرهێنەرەکان لەگەڵ بینەردا ڕووی دا. ئەگەر پاڵپشتی ئەم کارانە لە هەولێر بە تایبەتی و کوردستان بە گشتی بکرایە، شانۆنامەکان یان شانۆی کوردی دەگەیشتنە پلەیەکی بەرزی نێودەوڵەتی و خەڵکی شانۆشکاریش ئەگەر بەشدارییان لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا بکردایە، بەرهەمە شانۆییەکان وەك هێمای سەرکەوتن لە بواری پێشکەشکردندا پێزانینیان بۆ دەکرا.

*** بەشداریی هونەرمەندان و گرووپە شانۆییەکان لە فیستیڤاڵەکەدا چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەیت، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی هەرێم؟**

- ساڵانە لە فێستیڤاڵی شانۆی هەولێردا، تیپگەلێك لە چەندین وڵات بەشداری دەکەن، لەوانە ئیسپانیا، ئەڵمانیا، سویسرا، ئۆگەندا، نەمسا، ژاپۆن، ڕووسیا، بیلاڕووس، فەرەنسا، ئەڵمانیا و چەندین وڵاتی عەرەبیی وەك میسر، تونس، جەزائیر، مەغریب، کوێت، ئوردن، سەرەڕای ئێران. جۆش و خرۆشێکی زۆر لەلایەن تیپە شانۆییە جیهانییەکانەوە هەیە بۆ بەشداریکردن لەم فێستیڤاڵەدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە تیپە شانۆییە بەرز و ناودارەکانی جیهان هەڵدەبژێرین. هەروەها لیژنەیەکی هونەریی بەرز هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو نمایشە بەشداربووانەی کە پێشکەش بە فێستیڤاڵەکە دەکرێن، سەرەڕای لیژنەی دادوەران بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان دەربارەی نمایشەکان و هەڵبژاردنی باشترین نمایشەکان. هەروەها ئێمە

پەیماننامەمان هەیە لەگەڵ ITI (International Theatre Institute)ی جیهانی بۆ شانۆ و یەکێتیی هونەرمەندانی عەرەب، بۆیە گرنگیی بە فێستیڤاڵەکە دەدرێت و دەبینین کە ساڵانە کاتێك فێستیڤاڵی هەولێر بۆ شانۆرادەگەیەنین، ئەم وڵاتانە ڤیدیۆی نمایشە شانۆییەکانیان پێشکەش دەکەن بە مەبەستی بەشداریکردن، چونکە بووەتە یەکێك لە فێستیڤاڵە ناسراوەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی.

*** فیستیڤاڵی شانۆی هەولێر چ ڕۆڵێکی هەبووە لە پێشخستنی ئاڵوگۆڕی کلتووری و هونەری لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکەدا؟**

- لە ڕێگەی فێستیڤاڵی شانۆی هەولێرەوە، توانیمان ڕێککەوتن و پرۆتۆکۆڵ لەگەڵ ماڵی شانۆی ئەڵمانی و یەکێتیی هونەرمەندانی عەرەب و لوبنان و ئوردن و چەندین وڵاتی دیکە واژۆ بکەین، هەروەها نمایشە شانۆییەکانمان بۆ ئەو وڵاتانە ناردووە و پێشوازیمان لە نمایشە شانۆییەکانی ئەو تیپانەش لە هەرێمی کوردستان کردووە.

*** چەند بەرهەمی شانۆیی ناوخۆیی و بیانی بەشداری دەکەن و میکانیزمی هەڵبژاردنیان چۆنە؟**

- دەربارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی نمایشە هەڵبژێردراوەکان بۆ ئەم فێستیڤاڵە، لیژنەیەکی هونەریی بەرزمان هەیە بۆ هەڵبژاردنی نمایشەکان و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر بەشداریکردنیان لە فێستیڤاڵەکەدا. سەبارەت بە نمایشە شانۆییەکان کە لە ئەورووپاوە پێمان دەگات، بە پشتبەستن بە پرۆتۆکۆڵی هاوکاری لەگەڵ ماڵی شانۆی ئەڵمانی، ئەو نمایشانەی کە لە وڵاتانی ئەورووپاوە ڕەوانە دەکرێن، دەخرێنە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیی لیژنەیەکی تایبەت لە ئەڵمانیا. دوای ئەوەی لیژنەکە ڕای خۆی دەربارەی ئەو نمایشانە دەردەبڕێت، ڕەوانەی لیژنەی هونەریی لێرە لە هەولێر دەکرێت، و ئەویش لەلای خۆیەوە هەڵسەنگاندن بۆ کارەکە دەکات و ڕای خۆی دەربارەی بەشداریکردنی ئەم نمایشانە دەردەبڕێت. ئەمساڵ هەشت نمایشی شانۆییمان هەیە لە وڵاتانی ئەورووپاوە کە بەشداری لەم فێستیڤاڵەدا دەکەن، سەرەڕای شانۆییەك لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێکی دیکە لە دهۆك و شاری کەرکوك و دوو شانۆیی لە هەولێرن، هیواداریین تیپە شانۆییەکان لە شاری سلێمانیش بەشداری بکەن، ئەمە سەرباری ئامادەبوونی ژمارەیەك میوانی تایبەت لە ئێران و عێراق و وڵاتانی ئەورووپا و لە هەرێمی کوردستان.

*** بەرهەمە شانۆییەکان زیاتر گرنگی بە چ ناوەڕۆکێك دەدەن «کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی و هتد»؟**

- هیچ سنووردارکردنێك یان مەرجێکمان نییە لەسەر بابەتەکانی ئەو نمایشە شانۆییانەی کە پێشکەشی فێستیڤاڵ دەکرێن، تەنیا گرنگیمان بە لایەنی هونەری و شانۆیی نمایشەکانداوە. نمایشی ئەورووپی هەیە کە دیمەنی تێدایە کە ڕەنگە لەگەڵ بنەما ئایینی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ئێمەدا نەگونجێت، بۆیە داوایان لێ دەکەین ئەو دیمەنانە بسڕنەوە یان ئەو نمایشانە ڕەت دەکەینەوە و ڕێگەیان پێنادەین بەشداری بکەن. هەروەها نمایشی مۆنۆدراما بەشداری ئەم فێستیڤاڵە ناکەن، چونکە فێستیڤاڵێکی تایبەتمان هەیە بۆ مۆنۆدراما. جگە لەوەش تەنیا لای ئێمە گرنگ لایەنە هونەرییەکان و دیدگای هونەری و لایەنەکانە چ نواندن بێت، دەرهێنان بێت، یان هەر شتێکی دیکە پەیوەندی بە لایەنە هونەرییەکانی نمایشەکان، تەنیا ئەمەیە ئێمە گرنگی پێدەدەین.

*** ئایا فێستیڤاڵەکە ڕەخنەگرانی شانۆ و میدیاکان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت؟**

- ساڵانە ژمارەیەکی زۆر بابەت و چاوپێکەوتن لەسەر فێستیڤاڵەکەدا لە میدیاکانی ناوچەکەدا دەنووسرێت، بەڵام بەداخەوە بەشێك لەو بابەت و چاوپێکەوتنانە لە ئاستی پێویستدا نین، بۆیە داوا لە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەم کە ئەو کەسانە هەڵبژێرن کە ئەزموونیان لە بواری شانۆ و فێستیڤاڵەکاندا هەیە بۆ ڕووماڵکردنی فێستیڤاڵەکە، جا چ لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بێت، یان لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە.



شێوەکاری ئەمازیغی ڕوقیە سمیلی بۆ گوڵان:

# هەوڵمداوە کەلتووری ئەمازیغی زیندوو بکەمەوە و لە سڕینەوە بیپارێزم

لە باشووری مەغریب لەدایکبووە، جۆشدراوە بەکەلتووری ئەمازیغی، کە کەلتوورێکی ڕەسەنە. لە منداڵیدا داپیری وایکردووە کە دەوڵەمەند بێت بەو کەلتووره بە ڕاددەیەک تێر بووە لە دابونەریتە ئەمازیغییەکان. لە دەرفەتێدا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.



*** چ بابەتێکی سەرەکی لە تابلۆکانتدا زاڵە؟**

- دەتوانم لە دوو خاڵی سەرەکیدا کۆی بکەمەوە:

خاڵی یەکەم تایبەتە بە کەلتووری ئەمازیغی، کە هەوڵم داوە دووبارە بایەخی پێ بدەمەوە دوای ساڵانێک لە پەراوێزخستن لە ناوەندی خۆماڵی و هەوڵی سڕینەوەی، بەڵام ویستم شوێنێکی خۆی لە هونەردا بدەمێ، لە ڕێگەی ناساندنی پیتی ئەمازیغی، لە ڕێگەی ناساندنی هەموو پێکهاتەکانی ئەم کەلتوورە، ڕەنگەکان و جلوبەرگ و خشڵ و ئەندازیاری بیناسازی و کەلوپەل و بیرۆکەکان. لە تابلۆکانمدا ئەوەم دەربڕی.

کاتێک هەستم کرد ئەو ڕۆڵەم تەواو کردووە، گواستمەوە بۆ خاڵی سەرەکی دووەم، کە بریتییە لە گواستنەوەی کەلتووری ئەمازیغی لە ئاستی خۆماڵییەوە بۆ ئاستی جیهانی، تا جیهان بیناسێت و تایبەتمەندییەکانی بناسێت، و دان بەوەدا بنێت، و ببێتە بەشدارێک لە پەرەپێدانی بیری مرۆڤایەتی لە ڕێگەی دەربڕینی بیرۆکەکان، بۆ ئەوەی ڕەنگ و هێماکان ببنە ئامرازێک بۆ خستنەڕووی و کردنی بە سەرچاوەیەکی سەرەکی لە سەرچاوەکانی کەلتووری مرۆڤایەتی، کە بەشداری تێدا دەکات و دەوڵەمەندی دەکات.

*** تۆ هەوڵ دەدەیت لە ڕێگەی تابلۆکانتەوە چی دەرببڕیت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگ و ڕاستە، بەڵام ناتوانم هەموو قۆناغە هونەرییەکان بهێنمەوە بیرم، بە پلەی یەکەم پەیوەندی هەیە بە دەربڕینی پرسە فیکرییەکان، و ئاراستەکانی مرۆڤ لەم بوارەدا، چونکە جەوهەری مرۆڤ باری فیکرییە، کە بە شێوەیەکی ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، و لە هەموو ڕەفتارێکی ژیانیشیدا، هەوڵ دەدات بە کەسانی تر بیگەیەنێت، چونکە لە ڕێگەی ئەوەوە، و لەسەر ئەوە، دەتوانێت لێکتێگەیشتن و تەواوکاری مرۆیی بەدەستبهێنێت.

بۆیە من بنەما کولتوورییەکانم بەکاردەهێنم، کاری مرۆڤایەتی هاوبەشە لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا بە هەر جۆرێک بن و ئاراستەکانیان و خەونەکانیان و ئاواتەکانیان و ئازارەکانیان و خەریکییەکانیان و خەمەکانیان و ئامانجەکانیان.

*** چ شتێک ئیلهام دەبەخشێت یان کاریگەری دەکاتە سەر کارە هونەرییەکانت؟**

- ئەوەی سەرچاوەی ئیلهامە، و هاندەری بەرهەمهێنانە بۆ من، دوو شتی سەرەکین:

یەکەم: جیهانی ناوەوەی خۆم، کاتێک تەنیایی هەڵدەبژێرم لەگەڵ خۆمدا، کۆمەڵێک بیرۆکە و خەیاڵ دێن بەسەرمدا، کە ڕەنگە هەندێک جار بێزارم بکەن، و لە دەروونمدا ئاژاوە دروست بکەن، و وام لێ بکەن پێداچوونەوە بە خۆمدا بکەم، و گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵێک بیرۆکە و تێڕوانیندا بکەم، کە ڕەنگە لەلای هەندێک کەسەوە ئاسایی دەربکەون، بەڵام من بە ئاسانی قبوڵیان ناکەم، هەندێک جار دەگاتە ڕادەی ڕەتکردنەوە و دەرکردن، و هەندێک جاریش دەگاتە ڕادەی ئاسانکاری و قبوڵکردن، و ڕەنگە بەرز ببێتەوە بۆ ڕادەی سەرسامبوون. دووەم: جیهانی واقیعی دەرەوە، کە لە هەموو ساتێکی بوونیدا ڕووبەڕووی دەبمەوە، مەبەستم لە جیهانی دەرەوە جیهانی تەسک و نزیک نییە، بەڵکو مەبەستم جیهانی مرۆییە، یان پرسە گشتییەکانی مرۆڤایەتی، چونکە مرۆڤ ناتوانێت شتێک ببینێت کە دڵی خۆش نەکات، بۆیە ژیانێکی ئاسایی دەژی، یان ڕووی لە ژیانە بەبێ ئەوەی بایەخی پێ بدات.



*** هەست بە هیچ جۆرە سانسۆری خۆیی دەکەیت کە ڕەنگە ڕێگریت لێبکات لە جێبەجێکردنی بیرۆکەیەکی دیاریکراو لە ڕووی هونەرییەوە، و بۆچی؟**

- هیچ دەسەڵاتێک نییە بتوانێت ڕێگری لە هونەرمەند بکات لە بیرکردنەوە لە بابەتێکدا، نە لەوەی ڕەنگێکی دیاریکراوی پۆشێت، نە لەوەی لە ئاراستەیەکی دیاریکراودا پێی ببات، جگە لە خودی خۆی، کە لەگەڵیدا دەبێت لە ساتەوەختی داهێناندا، بیرکردنەوە و تێڕامان و پێگەیاندنی بیرۆکەکە، ئەم خودە تەنها ڕێنماییکەری هونەرمەندە، بەو بیرۆکانەی کە باوەڕی پێیەتی، و بەو بەهایانەی کە لەسەری پەروەردە بووە. باوەڕبوون بە پرسی ئەمازیغی، و تێگەیشتنی کەسی لە جەوهەرەکەی، و پابەندبوون بە پرسەکانی کۆمەڵگا، و بە پرسەکانی مرۆڤایەتی، و بە پرسەکانی دەوروبەر، شتێکن کە لە باوەڕەکانمدا ناگۆڕدرێن.




*** ئافرەت چ ڕۆڵێکی لە کارەکانتدا هەیە؟**

- هیچ تێڕوانینێکی توندڕەویم بۆ ئافرەت نییە، چونکە تەنها ئامادەبوونی دەربڕینە لە هەستێکی شاراوەی کەمبوونی ئەودا. بۆ من وەک بوونەوەرێکە کە لەگەڵ پیاودا یەکسانە، ئەوەی لە بەرپرسیارێتی و ڕۆڵدا هەیانە بەشداری تێدا دەکەن، و ئەوەی لەسەریانە ئەوەندەیە کە بۆیانە.



بۆیە ئەو ڕۆڵەی کە بە ئافرەتی دەدەم ئەو ڕۆڵەیە کە سروشت پێی بەخشیوە، و ئەو ئەدایەی کە دراوسێکەی سەلماندوویەتی لە ئەنجامدانیدا، و ئەو ئامرازانەی کە مێژوو شاهیدی داوە بۆ بەشداریکردن لە ڕۆژی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لەسەر قۆناغە مێژووییە جیاوازەکان.

ئافرەتی ئەمازیغی ئافرەتێکی کارکەر و چالاکە کە بایەخ بە خۆی و دەوروبەری خێزانی دەدات، بەشدارە لە خزمەتکردن و بونیادنانی کۆمەڵگاکەی، شانازی بە تواناکانییەوە دەکات، بەرهەمەندێکی بەدیهێنەرە.



من ئاوا وێنای دەکەم، ولە ناخەوە هەستی پێدەکەم، ئەمەیە ئەو شتەی کە لە کارەکانم ڕەنگدەدەنەوە، چونکە هونەر لە ژیانی هونەرمەنددا ڕەنگدانەوەی جیهانی ناوەوەی و کەسایەتییەتی، بە هێزی ئەوە بەهێز دەبێت، و بە پێگەیشتنی ئەوە پێدەگات، و بە بەرزبوونەوەی ئەوە بەرز دەبێتەوە.

چیا ئەحمەد

یاریزانی باڵەی یانەی خاک:

# یاری باڵە چێژبەخشە و هەستێکی تایبەتی هەیە



یاریی باڵە یەکێکە لەو یارییانەی کە لەسەر ئاستی پارێزگای کەرکووك گرنگیی زۆری پێ دەدرێت، یانەکان هەموو کات چاویان لەوەیە بتوانن کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن لە خولەکانی کوردستان و عێراقی، بۆ ئەوەی ناوی شارەکەیان بە بەرزی بهێڵنەوە لە یارییە جیاوازەکاندا، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق «چیا ئەحمەد»ـە، کە وەکو یاریزان یاریی بۆ یانەکانی خاك و سۆلاڤ کردووە، چیا لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی پارێزگای کەرکووکە و قوتابیی زانکۆی کەرکووکە لە بەشی ئینگلیزی، سەبارەت بەم وەرزشە چەند پرسیارێکمان لێکرد.



*** چۆن بوو بڕیارت دا بێیتە ناو یاریی باڵە؟**

- سەرەتای هاتنم بۆ ناو وەرزش لە ڕێگەی مامۆستایەکی قوتابخانەکەمەوە «مامۆستا سوها»بوو لە قوتابخانە دەستم پێ کرد و دواتر چوومە یانەی وەرزشیی خاك.

*** چ هەستێکت هەیە کە یارییەکی قورس ئەنجام دەدەی؟**

- یاریی باڵە یەکێکە لەم یارییانەی چێژ بەخشە و هەستێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم یارییە هەر چەندە یارییەکی بە کۆمەڵیشە بەڵام یاریزان دەتوانێ کێبڕکێی تەواو بکات بە یارمەتیی یاریزانانی دیکە.

***چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی یاریی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- کردنەوەی خول بۆ هەموو ئاستەکان و هاوکاریکردنی ماددی و مەعنەویی یاریزانان وەك پێویست.

*** گرفتی یاریی باڵە لە چیدا دەبینیت؟**

- یاریی باڵە لێرە وەك پێویست نییە و کۆمەڵە گرفتێك هەیە کەلە کاتی خۆیدا گرنگیی پێ نادرێت بەتایبەتی لە شاری کەرکووك.

*** ئەم یارییە لە چ ئاستێکدایە لە شارەکانی کوردستان؟**

- تا ڕادەیەك باشە، بەڵام بەهۆی نەبوونی خولەوە ئاستی یاریزان وەکو پێویست دەرناکەوێت.

*** بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- دەمەوێت بە یارمەتیی ڕاهێنەرەکانم کە هاوکارمن ئاستی خۆم زیاتر بەرەوپێش ببەم بۆ گەیشتن بە ئاستی بەرزتر.

***گرێبەستت پێشکەش نەکراوە لەلایەن یانەکان؟**

- نەخێر لە بەر ئەوەی کردنەوەی خول زۆر کەمە بۆ کچان و دەرفەتی ئەوە نەڕخساوە.

*** بۆچی ئافرەت بە کەمی ڕوو لە وەرزش دەکەن؟**

- بە گشتی لە چاو ساڵانی پێشوودا تا ڕادەیەك ئێستا کچان باشتر پەیوەندی بە یانەکانەوە دەکەن، پێشتر لە بەر کۆمەڵگە و ماڵەوە زۆر کەم وەرزشیان هەڵدەبژارد.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆلایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- داواکارم زیاتر بایەخ بە تۆپی باڵە بدرێت و خولی زیاتر بکرێتەوە بۆ یاریزانان و هاوکاریی بەردەوامی یاریزانان بکرێت لە یانە وەرزشییەکان.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

-خەونی وەرزشیم ئەوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان یاری بۆ هەڵبژاردەی باڵەی عێراقی بکەم.

***پلانت بۆ داهاتووی خۆت؟**

- هەوڵ دەدەم وەك یاریزانێك ڕۆژێك لە دەرەوەی وڵات یاری بکەم.

*** پاڵەوان بوون چی دەگەینی لای تۆ؟**

- هەستێکی تایبەتم پێ دەبەخشێت و ماندوو بوونەکان لە بیر دەباتەوە.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی باڵەی کوردستان دابمەزرێت و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەم هەڵبژاردەیە دابمەزرێ.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆخزمەتی بەردەوامی وەرزشی ناوەخۆ لە سەرجەم شارەکانی کوردستان.

# زاخۆ چاوی لە خولی بژاردەی عێراقە




تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی زاخۆ ئەم وەرزە لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی بە پێکهاتەیەکی بەهێزەوە چووەتە نێو کێبڕکێیەکانی خولەکە و، بە پێکهاتەیەکی پڕ لە یاریزانانی سوپەری پیشەگەر و یاریزانانی تێکەڵ لە وڵاتان، لە خولەکەدا شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەن و هەفتە لە دوای هەفتە یانەکە زیاتر هیوای بەدەستهێنانی بۆ نازناوی خولی عێراقی زیاد دەبێت، کارگێڕیی یانەی زاخۆ ئەم وەرزە بە سەرپەرشتیی ڕاهێنەری قەتەری «تەلال بەلوشی» ڕاهێنەری تیپەکە، پێشەنگی یانەکانی عێراقیان گرتووە و لەگەڵ یانەکانی جەوییە و شورتە و زەورا و یانەی دهۆك و یانەکانی دیکەی کوردستان و عێراق، ململانێ دەکەن بۆ ئەوەی یارییەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان کۆتایی پێ بهێنن. یانەی زاخۆ ئەم وەرزە بە هێرشبەریی «گۆستاڤۆ»ی بەرازیلی خاوەن گۆڵکارێکی ترسێنەرە و بە تۆمارکردنی ١٥ گۆڵ پێشەنگی گۆڵکارانی یانەکانی عێراقی گرتووە، ئەمجەد عەتوانی یاریزانی هێڵی ناوەڕاست و دروستکەری یاری، بەهۆی ئاستبەرزییەوە یاری بۆ یاری زاخۆییەکان لە سەر دەستی ئەم یاریزانە عەرەبە ئاستیان چووەتە قۆناغێکی دیکە. جگە لەوەش یانەکە بۆ بەهێزکردنی ڕیزی پێکهاتەی یانەکەی گرێبەستی لەگەڵ «ئەحمەد یاسین، ژیلوان تاهیر» و چەند یاریزانێکی دیکە مۆرکردووە بۆ ئەوەی بتوانن ئەم وەرزە بە هەر نرخێك بێت نازناوی خولی بژاردەکانی عێراقی بە دەست بهێنن، مەشقەکانی یانەکە بەردەوامە و هاندەرە بێشومارەکانیشی بەردەوامن لە هاندانی یانەکە بۆ ئەوەی ئەم وەرزە ببنە پاڵەوانی یانەکانی عێراقی، کە ئەوە خەونی زاخۆییەکانە لەم وەرزەی خولەکەدا.

# پێشمەرگەی هەولێر هەوڵی بڕینی سەرجەم یانەکان دەدات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی هەولێر، ئەم وەرزە بە سەرکردایەتیی دکتۆر «تەها قادر»ی ڕاهێنەری یانەکە، دەیانەوێ ئاستی یانەکە ببەنە قۆناغێکی باش و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، کارگێڕیی یانەکەش ئامانجیان ئەوەیە بتوانن نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنن، یانەکە بە پلانەکانی دکتۆر تەهای ڕاهێنەر، یاری دوایی یاری پلانەکانیان بە شێوازی شایستە دادەڕێژن بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی گەورە تۆمار بکەن. یانەی پێشمەرگە لە کۆی ئەنجامدانی ١٩ یاری لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان خاوەنی ٣٩خاڵە و بە جیاوازیی یەك خاڵ لەگەڵ یانەی شێروانە بە پلەی دووەم دێت. یاریزانانی پێشمەرگەی هەولێر ئەم وەرزە هەوڵەکانیان چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی شەڕی سەرجەم یانەکان بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی داهاتوودا، پێشمەرگەی هەولێر هەوڵ دەدات لە یارییەکانی داهاتوودا بە وریاییەوە مامەڵە بکات لەگەڵ سەرجەم ئەو یاریانەی لە قۆناغی دووەم ماویەتی، بۆ ئەوەی بتوانێ بگاتەوە یانەی شێروانەی کەلار و، پێشەنگی یانەکانی لێ وەربگرێتەوە.






# شەممەی داهاتوو
# خولی پلە دووەکانی کوردستان دەست پێ دەکات

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی لە ١٥ی ئەم مانگە یارییەکانی خولی پلە دووەکانی یانەکانی کوردستان بە بەشداریی بیست یانەی سەرجەم شار و قەزا و ناحیەکانی کوردستان دەست پێدەکات، بۆ ئەم وەرزەش هەر بیست یانەکە دابەشی سەر دوو کۆمەڵە بوون، لە هەر کۆمەڵەیەك دە یانە یاریی لەگەڵ تیپەکانی دیکە ئەنجام دەدەن. کۆمەڵەی یەکەم پێکهاتووە لە هەریەك لە یانەکانی «سەنگەسەر، ئاسۆ، مەخمور، هەریر، شێلادزێ، خەڵاتی پێنجوێن، بەردەڕەش، شارەزوور، خانەقین، سنوور»، کۆمەڵەی دووەم هەریەك لە یانەکانی «هەڵەبجەی شەهید، شێخان، باتیفا، باوەنوور، حاجیاوا، پەروەردە، برووسك، بەختیاری، خەبات، خەلیفان». لە هەردوو کۆمەڵەکەشدا چوار یانە سەردەکەوێت و یەکەمی هەردوو گرووپ یاری لەگەڵ یەکتری دەکەن و ڕاستەوخۆ یانەی یەکەم سەردەکەوێت بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکان، دۆڕاویش لەگەڵ سەرکەوتووی دوو تیپەکەی دیکە یاری دەکات بۆ سەرکەوتن بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، یارییەکانی کۆمەڵەکەش بڕیارە ڕۆژی شەممەی داهاتوو بەم شێوەی خوارەوە بەڕێوە بچێت:

**کۆمەڵەی یەکەم**

سەنگەسەر-ئاسۆ

مەخمور-هەریر

شێلادزێ-خەڵاتی پێنجوێن

بەردەڕەش-شارەزوور

خانەقین-سنوور

**کۆمەڵەی دووەم**

هەڵەبجەی شەهید-شێخان

باتیفا-باوەنوور

حاجیاوا-پەروەردە

برووسك-بەختیاری

خەبات-خەلیفان




# سکاینەری سێ ڕەهەندیی تایبەت

یەکێك لە ئامێرە گرنگەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنان و دروستکردنی ئامێرەکان، سکاینەری سێ ڕەهەندییە، سکاینەرێك کە لە هەموو لاوە سکان دەکات بۆ ئەوەی کە چوارچێوەی و دیزاینی بەرهەمەکە دەربکەوێت. یەکێك لە سکاینەرە سێ ڕەهەندییەکان، سکاینەری جۆری Revopoint MIRACO Plus ئەو سکاینەرە بەبێ ئەوەی لەگەڵ مۆبایل یا کۆمپیوتەر پەیوەند بدرێت ڕاستەوخۆ سکان دەکات. سکاینەرەکە نە تەنیا سێ ڕەهەندی بەڵکو چوار دەورییە. بۆ سکانکردن و سێ دەوری کردنی ئامێرەکانی وەك ماشێن، کەلوپەلی دیکەی پیشەسازی سوودی لێوەردەگیرێت. کامێرایەکی ٤٨ میگاپیسکیلی لەسەرە، ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە و هاردەکەی ٢٥٦ گیگابایتە. ٨ دانە یەکەی ناوەندی هەیە. خێراییەکەی ٢,٤ گیگاهێرتزە. شاشەیەکی ٦ ئینجی هەیە، کوالیتی 2Kیە. کێشی تەنیا ٧٥٠ گرامە. ئەندازیاریانی بواری پیشەسازی وەك ئامێرێکی گرنگی دەبینن.




# کاتژمێرێک بۆ کۆنترۆڵی گشت ئامێرەکان

جیهانی داهێنان بەردەوامە، لە جیهانی کاتژمێرە زیرەکەکاندا، کاتژمێرێکی ناوازە بەرهەم هاتووە، ئەویش کاتژمێری زیرەکی CenWatch ە. لە بەندی کاتژمێرەکە لەیزەرێك هەیە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکان. لە ڕاستیدا کاتژمێرەکە لەگەڵ چاویلکەیەکی AR پێکەوە لە پەیوەندیدان و لە چاویلکەکەدا شاشەی مەجازی هەیە و بەکارهێنەر بەهۆی کاتژمێرەکە دەتوانێت کۆنترۆڵی شاشەکە بکات. کاتێك بەکارهێنەر کاتژمێرەکە دەخاتەدەستی هەرکام لە پەنجەکانی بۆ فەرمانێکی دیاریکراو دادەنرێن. گۆڕینی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بەبێ هیچ ڕیمۆت کۆنترۆڵێك تەنیا بە ئاماژەکردنی پەنجە بۆ لای سەرێ و خوارێ، هەروەها دەنگ کەم کردن و بەرزکردنەوەش بۆ لای چەپ و ڕاست. لە کۆڕ و وێبنارەکاندا بەڕێوەبەری کۆڕەکە تەنیا بە ئاماژە سلایدەکان دەگۆڕدرێت. لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی وەك ئەندرۆید، ویندۆز، ماك و ئای ئۆ ئێس پەیوەند دەدرێت.





# پاوەربانکێکی خێرا بۆ هەموو ئامێرێک

ئێستا زۆربەی لاپتۆپەکان لە کێبڵی TAB C بۆ شەحنکردنەوە سوود وەردەگرن. پاوەربانکێك کە مۆبایل شەحن دەکاتەوە و زۆر ئاساییە لاپتۆپیش شەحن بکاتەوە بەو مەرجەی واتی لەسەرەوە بێت. بۆ نموونە پاوەربانکی جۆری UGREEN Nexode کە کێشەکەی سەرووی پێنج سەد گرامە و زۆریش خێرایە و دوو سەد واتە دەتوانێت مۆبایل و تەبلێت و لاپتۆپ شەحن بکاتەوە. پاوەربانکەکە شاشەیەکی هەیە بۆ نیشاندانی زانیاری لەبارەی شەحنکردنەوەکە و ڕێژەی شەحنکردنەکە. خێراش شەحن دەبێتەوە تەنیا لە ماوەی چارەگە کاتژمێرێکدا نیوە شەحن دەبێتەوە. توانای ٢٥ هەزار واتە زیاتر لە پێنج جار مۆبایلێك شەحن دەکاتەوە و هەروەها لاپتۆپێکی بەتەواوی پێ دەبێتەوە. لە بواری ئەمنییەوەش وەك تێکچوون و گڕگرتن و گەرم داهاتن زۆر باشە. بۆ گەشت و گەڕان یەکێکە لە ئامێرە گرنگەکان.

# کۆمپیوتەر لەناو کیبۆرددا

هەمیشە کیبۆرد وەك ئامێری لاوەکی کۆمپیوتەر ناسراوە، ئەمجارە پێچەوانەیە، کۆمپیوتەرێکی بچووك لەناو ناخی کیبۆردێکدا. کۆمپیوتەری جۆری bapaco پێکهاتووە لە کیبۆردێکی ٦٧ دوگمەیەیی و لەسەرەوە دوگمەکان شاشەیەکی بچووك هەیە و لەناو خودی کیبۆردەکەشدا، کۆمپیوتەرێك هەیە کە هەر سێ سیستەمەکە واتە ئەندرۆید و ویندۆز و ماك دەخوێنێتەوە. کۆمپیوتەرەکە یا ڕاستتر بڵێین کیبۆردەکە هەڵگرتنی ئاسانە و شەحن دەکرێتەوە. لە یەکەی لێکدانەوەی cori5 سوود وەردەگرێت. ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە و داتاگە واتە میمۆرییەکەی لە جۆری SSD 512 گیگابایتە. شاشەکەی ١٢ ئینجە و بۆ هەموو لایەك دەسووڕێت. دەکرێت لەبری شاشە بچووکەکە شاشەیەکی گەورەتری بۆ دابندرێ. سپیکەر و مایکیش لەناو خودی کیبۆردەکە دایە.



# سەرنجێک لەسەر زیرەکە دەستکردەکەی ئیلۆن ماسک

ئیلۆن ماسك هەم وەك یەكە سەرمایەداری جیهان و هەم وەك كەسێكی خاوەن پرۆژەی مەزنی وەك ئینتەرنێتی مانگە دەستكردەكان، لەم دواییانەدا هەوڵێكی زۆریدا كۆمپانیای openAI واتە ChatGPT بكرێتەوە، بەڵام سەركەوتوو نەبوو، بۆیە بۆخۆی هەوڵیدا ژیریی دەستكردی تایبەت بەخۆی بەناوی Grok3 بەرهەم بێنێ. دیارە پێشووتریش ئەم ژیری دەستكردی Grok هەبوو، بەڵام ئەمجارەیان پەرە پێدرا و لە هەندێك ڕووەوە لەوانی دیكە باشترە و خێراترە و لەلایەكی دیكە بەتایبەتی بۆ ئێمەی بەكارهێنەری كورد ناگاتە هاو ئاستی ئەوانی دیكە. لێرەدا بەراوردێكی كورت دەكەین لە نێوان Grok3 و ChatGPT و Gemini و cluade.



لێكدانەوەكانی خێرایە بەڵام هاوئاستی ChatGPT و Gemini نیە. زۆر وردبینە و زانیارییەكانی بەڵگەمەندن. تایبەتمەندییەك كە لە هەموو ژیرە دەستكردەكان جیای دەكاتەوە ئەوەیە كە وەڵامەكان تێكەڵاوێكن لە جەفەنگ و قسەخۆشی و جۆرێك لە تەنزی تێدایە هەروەك ماسك خۆی لە قسەكردندا بەمجۆرەیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك پرسیار دەكات و دەڵێت:**
**باتری مۆبایلەكەم زۆر بە خێرایی بەتاڵ دەبێت، كاتێک زۆریش بەكاری ناهێنم. چی بكەم بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە؟**
وەڵام: ئەمە كێشەیەكی باوە كە زۆربەی بەكارهێنەرانی مۆبایل ڕووبەڕووی دەبنەوە. چەند هەنگاوێک هەیە دەتوانیت تاقی بكەیتەوە: بزانە كام ئەپڵیكەیشنەكان زۆرترین باتری بەكاردەهێنن. لە زۆربەی مۆبایلەكان، دەتوانیت بچیتە ڕێكخستنەكان (Settings) و بەشی باتری (Battery) و ببینیتەوە، سەیر بكە كام ئەپڵیكەیشن باتری زۆر بەكاردەهێنێت. ئەپلكەیشنە نا پێویستەكان كە بەردەوام كار دەكەن دایان بخە. كەمكردنەوەی ڕووناكی شاشە، وای-فای، بلوتووس و GPS داخە كاتێک پێویستت پێیان نییە. كاتێک سیگناڵی تۆڕ لاوازە، هێمای فڕۆكەكە (Air-plane mode) بەكاربهێنە.

# ژیریی دەستکرد و تەبلێتی کاغەزی!



ژیریی دەستكرد خۆی خزاندۆتە ناو دەفتەر و قەڵەم و كاغەزیش، نموونەش بەرهەمهێنانی تەبلێتێكی تایبەت بە نووسین و یادداشت هەڵگرتنەوە و وێنەكێشان و بە پاڵپشتی ژیریی دەستكرد!

تەبلێتی جۆری viwoods ai paper تەبلێتێكی گەورەی ١٠ ئینجییە. لە ڕاستیدا لە دوو بەش پێكهاتووە بەشی Viwoods و بەشی ai paper. ئەو بەشەی كە پەیوەندیی بە كاغەزی ئەلكترۆنییەوە هەیە هەشت ئینجە. تەبلێتەكە لەگەڵ ئەوەیدا تەنكە بەڵام بە بەركەوتن و كەوتنە خوارەوە كێشەیەكی ئەوتۆی بۆ نایەتە پێش. تەبلێتەكە وەك كاغەزێكی ئاسایی دەچێت و بەكارهێنەر ئەوەی لەسەری بنووسێ وەك یادداشت یا وێنەكێشان دەبێتە داتایەكی دیجیتالی. پاڵپشتی ژیریی دەستكر دەكات و دەكرێت لە چات جی پی تی بپرسی بۆ یارمەتیدان و دەوڵەمەندكردنی یادداشتەكان. قەوارەی هەڵگرتنی داتاكان لەو تەبلێتەدا ١٢٨ گیگابایتە.



## ماڵپەڕێکی زیرەکیی دەستکرد بۆ مامۆستا و قوتابیان

هیچ گومانی تێدا نییە زیرەکیی دەستکرد ئاسانکارییەکی زۆر دەکات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. یەکێك لەو توێژانەی کە سوودی زۆری لێدەبینن مامۆستا و خوێندکارانی قوتابخانە و زانکۆکانن. ماڵپەڕی زیرەکی NoteGPT یەکێکە لە گرنگترین ماڵپەڕەکانی ئەم بوارە. خزمەتگوازرییەکی زۆری تێدایە. وەك: کورتکردنەوەی بابەتەکان لە ڤیدیۆ و وتارەکان و دەستنیشانکردن و بەرجەستەکردنی خاڵە گرنگەکان. کردنی وتار و بابەتەکان بە پرسیار و وەڵام. یادداشت هەڵگرتنەوە لە فایلە دەنگییەکان. یادداشت هەڵگرتنەوە لە کۆمەڵێك فایل پێکەوە. هەروەها لەیەك کاتدا دەتوانێت بابەتەکە بۆ هەر زمانێك کە مەبەستە وەربگێڕێت. هەروەها دروستکردنی ئەلەمان و نەخشە ڕێگای پرۆژەکان.



## فێنک کەرەوەیەک بەقەد بتڵێکی بچووکی ئاو

لە داهاتوویەکی نزیکدا لە وەرزە گەرمەکاندا دەبینی هەر کەسێك فێنککەرەوەیەکی بچووکی پێیە (موبەریدە)، فێنك کەرەوەیەك کە توانایەکی باشی هەیە و شەحنە و کارەبای پێویست نییە و بۆ هەموو شوێنێکیش دەکرێت لەگەڵ خۆتی بەری.

فێنککەرەوەی جۆری coolsmile هەر بەقەد بتڵێکی ئاوی بچووك دەبێت، لە ڕاستیدا بە بتڵی ئاوی بچووك کار دەکات. بتڵێکی بچووکی ئاو پێشووتر لەناو بەفرگر دادەنرێ تاکو دەیبەستێ، پاشان لەناو ئەو فێنککەرەوە بچووکە دادەنرێ، ئەوش بەهۆی پانکەیەکەوە سەردی ناو ئاوە بەستووەکە دەکاتە فێنکایەکی کە توانای فێنك کردنەوەی سێ کەسی هەیە. موبەریدەی cool-smile واتە (بزەی سارد) ناوەکەی خۆی بەخۆیەوە، لەوکاتەیدا کە شەحنکراوەتەوە دەکرێت هەتا ٨ کاتژمێر کاری پێبکرێت و دەکرێت وەك پاوەربانکیش سوودی لێ ببیندرێ.

## ستاندی زیرەک بۆ فیلم هەڵگرتنەوە



زۆر جاران کە لە جیهانی مەجازیدا بابەتێك باس دەکەی، یا وانەیەك ڕاڤە دەکەی، نیازت بەوەیە کەسێك فیلمت لێهەڵبگرێتەوە و لەگەڵ جوڵەکانی تۆ کەسەکەش کامێرا بە دەوری تۆدا بسووڕێنێ.

ستاندێکی زیرەك بەرهەم هاتووە ئەو کارە جێبەجێ دەکات، خۆی خۆکار بە دەوای کەسەکەدا دەسووڕێتەوە و لەگەڵ جولەکەی کەسەکە دایە. بۆ نموونە کاتێك کەسێك خەڵك فێری چێشت لێنان دەکات و لە مەتبەخەکەدا دەوجوڵێتەوە، ستاندە زیرەکەکەش خۆکار بە دەوری کەسەکە دەجوڵێتەوە. ستاندەکە بۆ هەموو جۆرە کامێرەیەك دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا سپیکەرێکی بەهێزە بۆ بەهێزکردنی دەنگی مۆبایلەکان.

ناوی ستاندەکە ifoxgoیە. ٣٦٠ پلە بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. بۆ پەیوەندی لەگەڵ مۆبایل و کامێراکان لە سیستەمی بلوتوسی ٥ سوود وەردەگرێت. کێشی ٣٦٠ گرامە و هەتا شەش کاتژمێری بەردەوام کار دەکات.



# شێخە خێرخوازەکە ماڵئاوایی کرد


ڕەنگە زۆربەی ئەوانەی سەردانی ماڵی خوا (مەکە) و شاری مەدینەیان کردبێت، ئەو پیاوە خێرخوازەیان بەرچاو کەوتبێت، کە خێرخوازێك بوو ساڵانی دوایی خۆی تەمەنی لەپێناو خزمەتکردنی موسڵمانان و خەڵکی دیکە بەڕێ کرد، کەسایەتی ناسراوی شاری مەدینە (شيخ إسماعيل الزعيم ناسراو بە (أبو السباع) لە تەمەنی ٩٦ ساڵی کۆچی دوایی کرد، ئەم کەسە بەوە ناسراوە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو بێبەرامبەر خواردن و خواردنەوەی پێشکەش بە حاجی و عومرەکارەکانی شاری مەدینە کردووە، ئەم کەسە بە ڕەچەڵەك سوورییە و لە شاری مەدینە نیشتەجێ بوو.



## قەڵای بارد
## (Fort of Bard )

قەڵای بارد بە یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین قەڵاکان دادەنرێت، بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی بەهێزکراو کە لە سەدەی ١٩ز لەلایەن ماڵی ساڤۆیەوە لەسەر شوێنێکی بەردین لە سەرووی باردەوە دروست کراوە، کە شارۆچکەیەکە لە ناوچەی دۆڵی ئاوستا لە باکووری ڕۆژئاوای ئیتاڵیا. قەڵای بارد دوای چەندین ساڵ لە پشتگوێخستن نۆژەن کراوەتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ز بەڕووی گەشتیاراندا کرایەوە، پێشانگەی هونەری و نەخشەسازیی هەیە، لە هاویندا حەوشەی سەرەکی بۆ میوانداریکردنی نمایشی مۆسیقا و شانۆ بەکار دەهێنرێت.





## ئامێری گواستنەوەی کارەبایی لە کۆندا

ئامێرێکی گواستنەوەی خێرایی مامناوەندە، کە بە بەنزین و کارەبا لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو داهێنراوە، ئەم ئامێرە بریتییە لە «دایناسفێر» ئامرازێکی گواستنەوەی جیاواز، کە لە ساڵی ١٩٣٠ لەلایەن دکتۆر جۆن ئارچیباڵد پورڤیسەوە داهێنرا، جۆرێکیان بزوێنەرێکی بەنزینی هەیە، کە خێرایی ٢٥ بۆ ٣٠ میلە لە کاتژمێرێکدا و بزوێنەری کارەبایی بچووکتریشی هەیە، هەروەها جۆرێکی گەورەتری هەبوو کە توانای هەڵگرتنی هەشت کەسی هەبوو.





# مزگەوتی شێخی چۆلی هەولێر و مزگەوتی گەورەی سلێمانی

مزگەوتی شێخی چۆلی لە ساڵی ١٨٨٣ لەلایەن شێخ محەممەدی چۆلی و خەلیفە و موریدەکانییەوە، لە قوورِ و کەرچووچ دروست کراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٧٤ بە شێوەیەکی باشتر و جوانتر نۆژەن کراوەتەوە تا سیمایەکی شارستانیی جوان و قەشەنگی پێوە دیار بێت. ئەم مزگەوتە ماوەی زیاتر لە ١٣٩ ساڵە دروست کراوە و ماوەی ١٢٠ ساڵیشە لەو مزگەوتە میوان و کەمدەرامەت و ئەو کەسانەی نوێژ لە مزگەوتەکە دەکەن، خواردنیان بۆ ئامادە دەکرێت، ڕۆژانە لەم مزگەوتەدا خواردن بۆ نزیکەی ٥٠٠ کەس ئامادە دەکرێت بەبێ جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی، تێچوی خواردنەکەش لەلایەن کەسانی خێرخوازەوە دابین دەکرێت. لە مزگەوتی شێخی چۆلی حەوت ژن و پێنج پیاو ڕۆژانە سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردنن بۆ ئەو کەسانەی ڕوو لەو مزگەوتە دەکەن، و ڕۆژانە حەوت سەر ئاژەڵ و زیاتر لە ١٢٠ کیلۆ برنج بۆ یەك ژەمی خواردن بەکار دەهێنرێت.


مزگەوتی گەورەی سلێمانی

ئیبراهیم پاشای بابان دروستکەری مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە کە هاوکات دروستکەری شاری سلێمانی بووە، ئەم مزگەوتە گەورەترین و بەناوبانگترین مزگەوتی سلێمانی بووە، یەکەم مامۆستای ئەم مزگەوتە شێخ مارفی نۆدێ بووە، پاش کاك ئەحمەدی شێخ سەید غەوسە و شێخ محێدینی سەید غەوسە خەتیب بوو، لە زەمانی کاك ئەحمەددا حاجی مەلا عەزیزی دێلێژە کراوە بە واعیز، لە سەردەمی شێخ مەحمودی نەمردا شوێنی کلۆپەسەندنی جۆشی نیشتمانپەروەری بووە، تەرمی کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی نەمر لەوێ نێژراون. مزگەوتی گەورە یەکەم مزگەوت بووە کە نوێژی هەینیی تێدا کراوە و گۆڕی پاشاکانی بابانیش لەوێیە. یەکەم منارە لە سلێمانی لەم مزگەوتەدا بە بڕیاری سوڵتانی عوسمانی «سوڵتان عەبدولحەمید» دروست کراوە.




# ڕزگارکەری منداڵان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا





ئیرینا سێندلێر Irena Sendler، ئەو ژنەی کە ٢٥٠٠ منداڵی ڕزگار کرد لە جەنگی دووەمی جیهانیدا. ئیرینا منداڵە جووەکانی بەڕێگەی قاچاخ لە وارشۆوە هێنایە دەرەوە و لەناو جانتا، سندوقی کەلو پەل و ئەمبولانس شاردنیەوە. دواتر ناسنامەی منداڵەکان لە گۆزەی ژێر درەختێکدا پاراستووە، بەو هیوایەی دوای جەنگ بە خێزانەکانیان شادیان بکاتەوە. دوای ساڵانێکی زۆر کەسایەتی ئەم ژنە دەدۆزرێتەوە کە ئەم کارە مرۆڤانەیەی ئەنجام داوە، کاتێك پرسیاری لێکرا لەبارەی کارە مرۆڤایەتییەکەی و ڕزگارکردنی ئەومناڵانە، گوتی: «ئەمە پەروەردەکردنی باوکم بووە کە ئیلهام بەخش بووە بۆ ژیانم، و پێیوتووم ئەگەر بینیت کەسێك خەریکە دەخنکێت، دەبێت ڕزگاری بکەیت، تەنانەت ئەگەر نەتوانیت مەلە بکەیت، بزانە تەنیا دوو جۆر خەڵك هەیە لەم جیهانەدا، کەسانی باش و خراپ، بەبێ گوێدانە ڕەگەز، ئایین یان بیروباوەڕ، زۆربەی خەڵك باشن».

## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لە پێگەیاندنی مێشك و ئەقڵ دەکات کە پێویستە بە وزەی کتێبەکان پڕ بکرێنەوە و، خۆراك و وزەی ئەقڵ لە کتێبەوە بێت.

## ڕێگری و بەربەستەکانی شایەتیدان

## یاسا



**ڕێگری و بەربەستەکانی شایەتیدان**

وەك بنەمای گشتیی هەموو کەسێك کە ئەهلیەی یاسایی هەیە بۆ شایەتیدان، بۆی هەیە شایەتی بدات، بەڵام بۆ پاراستنی پەیوەندیی خێزانی لە هەڵوەشانەوە و بۆ زاڵکردنی بەرژەوەندیی خێزان بەسەر کۆمەڵگەدا، یاسای بنەما دادگارییە سزاییەکانی عێراقی ژمارە ٢٣ ی ساڵی ١٩٧١ لە مادده ٦٨ یاساکەدا دەڵێت: «بە هیچ جۆرێك نابێت هیچ کام لە هاوسەران ببێتە شایەت لە دژی هاوسەرەکەی، تەنیا لە یە ك بارودۆخدا نەبێت، ئەویش ئەگەر هاوسەرەکەی تۆمەتبار کرابێت بە زیناکردن یان بە تاوانێك کە دژی خودی خۆی بووبێت، یان سامانی، یان دژی منداڵی یەکێکیان، کە دەبێت منداڵی هەردووکیان بێت. نە دایك و نە باوك دەبێتە شاهێد دژی منداڵەکەی، نە منداڵ دەبێتە شاهێد دژی دایك و باوکی مەگەر لە دوو حاڵەت نەبێت: ئەگەر تاوانەکە بەرامبەر یەکێك لە ڕەسەن و لق کرابێت، لە لایەن ڕەسەن یان لق. ئەگەر تاوانەکە بەرامبەر امواڵەکانی کرابێت لە لایەن ڕەسەن یان لق، بەڵام یاسا ڕێگری لە یەکێك لە هاوسەران یان ڕەسەن و لق ناکات ببنە شایەتی بەرگری، واتە دەتوانن شایەتی بەرگری بدەن بۆ یەکتری.

## دیمەنە سەیرەکان



**تونێلی ترانس ئەتلەس**

تۆنێلی شەمەندەفەری ترانس ئەتڵەس کە لە نێوان وڵاتی بەریتانیا و ئەمریکا درووست کراوە، لە ماوەی تەنیا ٥٤ خولەك لە بەریتانیاوە دەگاتە ئەمریکا.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

کەمێك بە ئاگا بە و سوود لەو چانسانە ببینە کە دێنەبەردەمت لەلایەنی پیشەییەوە، بەڵام دەبێت بەبێ ترس ڕووبەڕوو بیتەوە، خاوەن کەسایەتییەکی نەرمونیانت، ئەمەش وا دەکات هاوڕێکانت زیاتر لێت نزیك بنەوە، خواردن لە کاتی نەگونجاودا مەخۆ، ڕاهێنانی وەرزشییش فەرامۆش مەکە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

نابێت ئەو سزا و بەربەستانەی دێنە بەردەم کارەکانت، ببێتە هۆی ئەوەی خواست و هیواکانت لەناوبەرێت بۆ داهاتوو، پێویستە متمانە بەخۆت هەبێت، هەموو ئەوانەی لە دەورتن هەست بە ئارامی دەکەن، بەهۆی ڕەفتار و نەرمونیانیی تۆوە، گۆڕانی کەشوهەوا ڕەنگە تەندروستیت تێك بدات، بەتایبەت لە کرداری هەرسدا.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەگەڵ گرووپەکەتدا کاربکە و هەوڵ بدە لەم ڕێگەیەوە پێگەی خۆت لەلایەنی پیشەییەوە بەرز بکەیتەوە، گۆڕانکاری لە ڕەفتارەکانتدا وا دەکات کەسانی نوێ بناسیت، لەلایەنی دەروونییەوە زۆر ئارامیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

خۆت بەدوور بگرە لەهەر هۆکارێك کە بێزارت دەکات و تووشی کێشەت دەکات، پێویستە زۆر خۆڕاگر بیت، ڕێزگرتن و گۆڕینەوەی بۆچوونەکان بە ئازادانە لەلایەنی سۆزدارییەوە، سوودی هەیە و پەیوەندییەکە بەهێز دەبێت، هەرگیز بە نەرێنی بیر مەکەرەوە، چونکە کاریگەریی خراپی بۆ تەندروستیت هەیە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

هەرگیز کار و پرۆژەکانت دوامەخە، هەوڵ بدە بە شێوەیەکی ستراتیژی ڕەفتار بکەین، لایەنی سۆزداریت لە ئێستادا زۆرباشە، هەربۆیە هەوڵ بدە زیاتریش بایەخ بە خۆشەویستەکەت بدەیت، گەڕان و گرنگیدان بە سرووشت، دەروونت ئارام دەکاتەوە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ڕەنگە ئەمڕۆ لەلایەنی پیشەییەوە جیاواز بێت، پێویستە ئامادە بیت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سزا ببیتەوە، یان پرسیارت ئاراستە بکرێت، خاوەنی کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشتیت و قسەکانت هەمیشە کاریگەرتیام هەیە، بەتایبەت لەسەر هاوبەش وخۆشەویستی ژیانت، پێویستە متمانەت بە خۆت هەبێت و نەکەویتە ژێر کاریگەریی هەموو قسەیەك، چونکە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر جەستە و دەروونت دەبێت.

بۆ زانیاریت

## سڵاوی سەربازی



سڵاوی سەربازی هیچ پەیوەندیی بە خۆشەویستی و ڕق و ڕێزەوە نییە، بەڵکو ئەوە یاسایەکی سەربازییە و دانراوە، ئەوانەی پێویستە سڵاویان بۆ بکرێت، ئەمانەن «ئاڵای نیشتیمان، کاتێك گوێبیستی سروودی نیشتیمانی دەبیت، تەرمی شەهید کە بە ئاڵای نیشتیمان داپۆشرابێت، سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران، وەزیری بەرگری و وەزیری ناوخۆ، ئەفسەرێك هی وڵاتێکی دۆست بێت و لە تۆ کۆنتر تر بێت، ئەفسەرێك پلەی لە یەکێکە دیکە بەرز تر بێت». ئەوانەی سڵاوی سەربازییان بۆ ناکرێت ئەمانەن: «سەرۆکی پەرلەمان، وەزیری مەدەنی، پارێزگار، دادوەر، پایەی سیاسی و ئایینی، سەرۆك عەشیرەت».

فیلم

## بەجۆرێک دووگیانە - Kinda Pregnant




فیلمێکی کۆمێدی و ڕۆمانسیی کۆمەڵایەتییە، باس لە کچێك دەکات بە ناوی «لاینی» کە پلان دادەنێت تا خێزان پێك بهێنێت، هەر بەم چەشنە پلانێکی خوازراوو فەیك دادەڕێژێت، بە دانانی منداڵی دەستکرد لە نێو سکیدا، هەروەها درۆ دەکات تا ئەو کاتەی تووشی داوی خۆشەویستیی کوڕێك دەبێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٣٨ خولەکە، لە دەرهێنانی تایلەر سپینداڵ، نووسینی ستیوارت دراوبێرگ، لە نواندنی: ئەیمی شومێر، براین هاوی، ویل فۆرتی، جیلیان بێل، ئۆرزێلا کارلسۆن.



## پەند و وتە

ڕۆزاڵی ماجیو، نووسەر و ڕۆماننووسی ئەمریکی، لە ساڵی ١٩٤٣ لە ویلایەتی تیکساس لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠٢١ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی قسەکردن دەڵێ: «کۆتاییهێنان بە قسەکردن، زۆر گرنگترە لە دەستپێکردنەکەی، چونکە چەند پرەنسیپێك هەن پێویستە ڕەچاویان بکەیت، نابێت لە کاتی قسەکردندا سەیر کاتژمێر بکەیت، یان جلەکەت لەبەر بکەیت، یان لە ناکاو هەڵسیت و گوێ بە کەسی بەرامبەر نەدەیت».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کەس هەن، یەکێکیان دانیشتووە لەسەر لێواری دیوارێك، هەوڵ بدە فێڵکاریی وێنەکە بزانیت، کە ئایا دیوارەکە وێنەکێشانە یان ڕاستەقینەیە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانت زۆر باشە، کارکردنی بە کۆمەڵیش سوودی هەیە تا بەرەوپێش بچیت، پێویستە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز بکەیت لە ڕێگەی بۆنەکانەوە، کەسێکی زۆر هەستیاریت و زو دەکەویتە ژێر کاریگەریی چواردەورتەوە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بەردەوام گەڕان بۆ کاری نوێ و هەنگاوی باشتر، بەهێزت دەکات و ئامانجەکانت بەدی دەهێنیت، زیاتر بایەخ بە خۆشەویستەکەت بدە و ڕێگەمەدە هەست بە تەنیایی بکات، هەموو تواناکانی خۆت بۆ کارێك بەکار مەهێنە، هەر کارێك کاتی خۆی هەیە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

یارمەتیدانی هاوپیشەکانت وا دەکات پێگەیەکی بەرزترت هەبێت و بەرپرسانت سەرسام دەکەیت و سود بە خۆت دەگەیەنیت، لە ناو کۆمەڵدا کەسێکی خۆشەویستیت و متمانەی هەموان بەدەست دەهێنیت، هێندە بایەخ بە خواردنەوە کافاینەکان مەدە، چونکە زیان بە کرداری هەرس دەگەیەنێت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


کاتێك لە کارەکەتدا تووشی کێشەیەك دەبیت، پێویستە زاڵبیت بەسەر کاردانەوەکانتدا، لە ڕۆژانی داهاتوودا ئاسوودە دەبیت و گۆڕانکاری ڕوو دەدات، پێویستە سیستمی خۆراکی تەندروست پەیرەو بکەیت و ئاگاداری زیادبونی کێشت بیت.


**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

پشتیوانی و هاوکاریی هاوپیشەکانت قبوول بکە، چونکە کاریگەریی ئەرێنیی دەبێت، پێویستە بایەخ بەو کەسانە بدەیت کە تۆیان بەلاوە گرنگە و خۆشیان دەوێیت، توانایەکی باشت هەیە و دەبێ زیاتر بایەخ بە وەرزش بدەیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

کەسێك هەوڵ دەدات بەربەستت بۆ دروست بکات لەلایەنی پیشەییەوە، پێویستە بەهێز بیت ژیرانە ڕەفتار بکەیت، ژیانی سۆزداریت پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕۆتین و دووبارەبوونەوەی کارەکانی ڕۆژانە، ئەگەر تەندروستیت باش نییە، سەردانی پزیشك بکە باشترە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
March 10, 2025 Issue,No.1454

